تصویر ابو عبد الرحمن الكردي

کێشە نەتەوەییەکان و ڕووداوە سیاسییەکانی جیهان و کوردستان

د. کەمال مەعروف

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

2005

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە
زنجیرە (٣١٧)

کێشە نەتەوەییەکانو ڕووداوە سیاسیەکانی کوردستانو جیهان

لێکۆڵینەوەیەکی سیاسییە

د. کەمال مەعروف

سلێمانی - ٢٠٠٥

کێشە نەتەوەییەکان‌و ڕووداوە سیاسیەکانی کوردستان‌و جیهان

نووسینی:د. کەمال مەعروف

بابەت: لێکۆڵینەوەی سیاسی

نەخشەسازی کۆمپیوتەر: مەهدی ئەحمەد

سەرپەرشتیاری چاپ: سەلام فاتح

بەرگ : دیاری جەمال

چاپ: چاپخانەی تیشك

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: (١٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٥ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

www.roshnbiri . org

پێشکەشە

بەهەردوو جگەرگۆشەکەم (شێناو و ژاکۆن)

پێشەکی

دوا بەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی ساردو نەمانی یەکێتی سۆڤیەت کەڕووداوێکی سیاسی مەزن بوو، بەنەمانی جەمسەری ناکۆك لەنێوان ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەوروپادا، سیستەمێکی نوێی جیهانی هاتە ئاراوە، ئەم سیستەمە نوێیەش کەخۆی لەدیموکراسیەت و فرە حیزبی و بازاڕی ئازاد دەنواند، ئیمڕۆ ئەمریکا تاکە زلهێزە لەڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە لەسەرانسەری جیهاندا، کەتوانی عێراق لەدەست دیکتاتۆری خوێن ڕێژ ڕزگار بکاو ئەزمونێکی نوێی مێژووی لەبەردەم گەلانی عێراق والا بکاو خەون و ئاواتەکانیان بەرەو ڕۆناکی بەرێ، بەتایبەتی بەشداری کردنی گەلی کورد لەگەڵ هاوپەیمانەکان بەتەفروتونا کردنی مۆڵگاکانی تیرۆریست لەکوردستانداو لەڕزگارکردنی کەرکوك و مووسڵیش دا لەپێشەوە هێرشەکە دابوون، بەمەش توانی شوێنی شیاوی خۆی لەکێشە جیهانیەکاندا دیاری بکات. بەهۆی ئەم گۆڕانکاریانەوە کەلەناوچەکەدا ڕوویدا، گەلی کورد توانی هەندێ لەداخوازییەکانی لەدەستووری کاتیدا بەرجەستە بکات و لەدەستوری هەمیشەیش دا سەرجەم خەونەکانی بهێنێتە دی بەدیاری کردنی تەواوی سنووری کوردستانی باشوور، بەکەرکووك و خانەقین و شارو شارۆچکەکانی تر کەدووچاری ڕاگواستن و وێرانکاری ببوونەوە. لەکاتێکدا کەئەوروپا بەرەو تەواوکردنی یەکێتی ئەوروپی هەنگاو دەنێ، بەشێوەیەکی واقیعی و دیموکراسیانە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی یە هەرێمەکان

لەناو دەوڵەتی نەتەوەیی گەورە دەدا، بەگواستنەوەی هەندێ دەسەڵاتی ناوەندی بۆ هەرێمو ناوچەکانو فراوان کردنی چەمکی ئۆتۆنۆمی کە لەگەڵ ئاواتو تایبەتمەندیەکانیان بگونجێ کە لەیاسای دەستووری ئەوروپیدا جێگیر کراوە. تاکو بەرەنگاری شەپۆلە جوداخوازە توندڕەوەکانی، هەندێ بزوتنەوەی نەتەوەیی ناوچەیی بێتەوە، بەتایبەتی هەندێ لەولاتە ئەوروپیە پێشکەوتووەکان دا دەیانەوێ بەرێگای دیموکراسیو دبلۆماسی چارەسەری کێشەکان بکەن، وەك باسكو کەتەلۆنیا لەئیسپانیادا لۆمباریاو سردینیاو سەقەلیەو ناوچەکانی ئەلەب لەئیتالیادا، ئیسکوتلنداو یلزو ئێرلەندا لەبەریتانیادا، هەرێمەکانی ڕۆژهەلاتی (براند سبورگ) لەئەڵمانیادا. کەچی چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەیی‌یەکان بەلای هەندێ دەوڵەتەوە چ ئەوروپی پێشکەوتوو بێ یاخود ولاتە تازە گەشەسەندووەکانەوە بێ بەلاوازی دەوڵەتی گەورەی دادەنێنو بەرێگای چەكو تۆقاندن وەلامیان دەدەنەوە، بۆ نموونە کێشەی چیچانەکان، مەکدۆنیەکان. لەولاتە تازە گەشەسەندوەکانیش وەك خوارووی سوودان، کێشەی کشمیر، کێشەی کەبیلەکان (بەربەرەکان)، کێشەی بیابانی ڕۆژئاوا، کێشەی کوردەکان لەتورکیاو ئێرانو سوریادا).

لەدووتۆیی ئەم کتێبەدا جگە لەکارەساتەکانی گەلی کورد، لەتۆژینەوەکەمدا باسی هەرەس هێنانی یەکێتی سۆشیالتی سۆڤیەت، کێشەی چیچانەکان، کێشەی مەکدۆنیەکان، کێشەی بەربەرەکان، کێشەی بیابانی ڕۆژئاوا، کیشەی ولاتی باسك کراوە، هەروەها ئامارە بەدوو سەرکردەی مێژوویی سۆشیال دیموکراتەکان، مسیۆ میترانو ئۆلف پالمە کراون کەڕۆلی گرنگیان گێڕاوە لەچارەسەرکردنی کێشەکانی جیهانی سێیەمدا مسیۆ میتران بەئەزموونو بازدانێکی

گەورەی فەڕەنسا دادەنرێ کەتوانی هەموو هێزە چەپەکان بە ڕادیکاو شیوعیەکان لەدەوری حیزبی سۆشیال دیموکرات کۆبکاتەوە، وەبۆ یەکەم جار مسیۆ میتران سەرۆکی دەوڵەتی فەڕەنسا لەشەوی ١٩٩١/٣/٣ دا لەتەلەفزیۆن ڕایگەیاند کەفەڕەنسا پاش نەمانی شەڕی کەنداو هەوڵ دەدات بۆ ئاشتیو چارەسەرکردنی گیروگرفتی، فەلەستین، لوبنانو کورد، هەروەها مرۆڤ نابێ ئەو هەموو خەمخۆریو کۆششو هەڵوێستە جوامێرانەی دانیال میتران کەخێزانی سەرۆک میترانە لەیاد بکات کەبووە هۆی سازکردنی کۆنفرانسێکی نێو نەتەوەیی لە ١٤-١٥/١٠/١٩٨٩دا بەناوی ماف مرۆڤایەتیو کەسایەتی کەلتووری کورد. ئۆلف پالمەش وەك سەرکردەیەکی سۆشیال دیموکرات دژی چەوساندنەوەی ڕەش پێستەکانی باشووری ئەفەریقاو دژی دەست تێوەردانەکانی ئەمریکا بوو لەڤێتنامو خۆرهەلاتی ناوەڕاست دا، سیاسەتمەدارێکی بەتواناو سەرسەختو خاوەن هەڵوێست بوو دژی تیرۆرو تۆقاندن وەستا، پشتگیری دۆزی گەلی کوردو فەلەستینەکان بوو، لەپرسیارێکدا کە مەحموود باکی ڕۆژنامەنووسو نووسەری کوردستانی باکوور ئاراستەی ئولف پالمەی کردبوو، سەبارەت بەچۆنیەتی سەیر کردنی سۆشیال دیموکرات بۆ دۆخی کوردەکان، ئولف پالمە لەوەلامدا دەڵێت: ئێمە پێمان وایە کەکوردەکان شەرعیەتێکی نەتەوەییان هەیە، کەئەومانایە دەبەخشێت کەجێی خۆیەتی ماف خۆبەڕێوە بردن وەربگرن ئەم خۆ بەڕێوەبردنە جێی خۆیەتی بەگفتوگۆ وەدەست بهێنرێت واتە بەڕێگای ئاشتی.

لەکۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە لەتەك خوێندنی دکتۆراکەم کە لەسەر شیعری نوێیە، ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ پرۆفیسۆری مێژوو

محەمەد شێخ موس گوزێل (Mehmet sehmus Guzel) لەزانکۆی پاریسی حەوتدا، ماجستێرەکەم لەسەر ناسینی جیهانی سێیەم

(Le Diplome detudes Approndies de Connaissance des Tiers Mondes) خوێند

هیوادارم بەم کورتە لێکۆڵینەوەیە توانیبێتم خزمەتێکی بچووکی مێژووی گەلەکەم کردبێ.

کارەساتی هەڵەبجە لەدیدی ئەوروپییەکانەوە

کارەساتی هەڵەبجە هەموو جیهانی هەژاند، بەڵام حکومەتەکانی ئەورووپای نەوروژاندو بە ڕەسمی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە عێراق سەرزەنشت نەکرا!! ئەمەش بەهۆی هەڵوێستی چەند وڵاتێکەوە بوو، کەدژی ئەوە ڕاوەستان عێراق تاوانبار بکرێ، بەبیانوی پاراستنی تەرازووی هێزەکانو بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیانەوە، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لەبڕیاری (S -٢٧٦٣) دا دەربارەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدی ساڵی ١٩٨٨ ڕەفتاری رژێمی عێراق لە کوردستاندا بەجینۆساید پێناسە دەکات.[١]

بەفەرمانی سەرۆکی کاروباری دەرەوە لەکۆنگرێسی ئەمریکی دوو نوێنەری پەرلەمانی هاتنە کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لەوەزعی کورد هەردوو نوێنەرەکە (پیتەر کالبرایث و کریستوڤەر/ ڤان هولین) بوون لە راپۆرتێکی تایبەتییدا کە لە١٢ی ئەیلولی ١٩٨٨دا داویانە بە کۆنگرێسی ئەمریکی، سیاسەتی عێراق بەکوشتنو بەکارهێنانی گازو ڕاگواستن تاوانبار دەکەن دیارە مەبەستی فەوتاندنی کەلتورو تایبەتمەندی جۆری ژیانی کوردە، ئەگەر ئەمەش جینۆساید نەبێ، بەڕاستی هەروەکو لە پەیماننامەکەدا پێناسەکراوە، ئەوا ڕەفتاری عێراق بێگومان خەسڵەتی زۆری هەیە کە بە تەواوی لەگەڵ ئەم تاوانەدا دەگونجێ..[٢].

لە ٧ی سێپتەمبەر کاری ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی بەردەوام بوو، لە خولی ناوەندی کەشی هاوین لەرۆژی دوایی بڕیاری ژمارە (٢٧٦٣) دژی لەناوبردنی گەلی کورد پێشکەش کراو داواکرا کە سزای عێراق بدرێت، لە٩ی سێپتەمبەر ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریان لەسەردا، بەم جۆرە تاوانبارکردنی عێراق لەنێوان کۆنگرەو ئەنجومەنەوە هاتووچۆی پێکرا، بەداخەوە لەدواییدا کاری پێنەکراو بڕیاری رەسمی پیێ دەرنەچوو، بەڵام دوای ساڵێك بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (٨٩٥) بڕیاردرا کەپەیوەندی ئابووری بڕێ لەنێوان ئەمریکاو هەر دەوڵەتێك کەچەکی کیمیاوی‌و بایۆلۆجی بەکار بهێنێ کەدژی شەرعیەتی دەولییە، ئەم بڕیارە لەلایەن لیژنەی کاروباری دەرەوە لەئەنجومەنی پیران بڕیاری لەسەر دراو بۆ ئەم مەبەستەش نامەیەك بۆ عێراق ناردرا ئەوەی پەیوەندی بەفەرەنساوە بێت، میسۆمیتران ڕاڕایی‌و نیگەرانی خۆی بەرامبەر بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەربڕی، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەسمی عێراق سەرزەنشت نەکرا، بۆ ئەم مەبەستەش دەوڵەتی فەڕەنسا لە ١٩٩٠/١١/١٧دا کۆنفراسێکی نێو نەتەوەیی ڕێك خست بەسەرۆکایەتی مسیۆمیتران بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی، بەڵام ئەوەی لەهەموو شت سەیرتر بوو بەهیچ شێوەیەك ڕژێمی فاشی عێراق یان تاوانبار نەکردوو بەتاکە ووشەیەك چی‌یە ڕاستەوخۆ باسی هەڵەبجەیان نەکردو ڕێگاشیان نەدا کەکورد نوێنەرێکی لەکۆنفرانسەکەدا هەبێت.

دەوڵەتی بەریتانیاو ئەڵمانیای فیدرالیش ناڕەحەتی و نیگەرانی خۆیان دەربڕی و داوایان لە عێراق کرد کەواز لەم کارانە بهێنیٚ‌و ڕێگای ئاشتیانە بگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد،

یەکێتی سۆڤیەتی جارانیش یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی دژی ئەوە راوەستا کەعێراق سەرزەنشت بکری. لەرۆژنامەی پراڤداشدا تەنیا کورتە هەواڵێك لەسەر قڕکردنی بەکۆمەڵی خەڵکی بێگوناهی هەڵەبجەو ناوچەکانی دیکەی عێراق نووسرابوو (ئەلکسندەر زۆتۆف) کە لێپرسراوێکی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بوو دەڵێ:- ((بۆ ئێمە شەرمە لەکاتێکدا کەهەموو جیهان پشتیوانی لەکوردەکان دەکەن، هاوبەشی خەمیانن کەچی واپیشان دەدەین کەگوایە هیچ رووی نەداوە[٣].

بۆ وڵاتانی تر وەکو سوید، دانیمارك، فینلەندا، هۆڵەنداو نەرویجو چەند وڵاتێکی کە، داوایان لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە لەمەسەلەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بکۆڵنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش وەفدی خۆیان ناردە کوردستان بۆ ساغ کردنەوەی ئەوەی کە ئایا چەکی کیمیاوی بەکارهاتووە یاخود نەء؟ چونکە حکومەتی عێراق بەهەموو شێوەیەك نەڤ کردو حەملەیەکی دبلۆماسیشی کرد بۆ ئەوەی دەوڵەتە عەرەبیەکان پاڵپشتی بکەن لەراستیشدا بەشێك لەوڵاتە عەرەبیەکان پشتیان گرت. (غوین روبرتیس) رۆژنامەنووس و دەرهێنەری تەلەفزیۆنی بەریتانی، کۆمەڵێ فیلمو بەڵگەنامەی لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراقەوە دەرهێناوەو لەکەناڵی چواری تەلەفزیۆنی بەریتانی پێشکەشی کردووە. لەم رووەوە غوین دەڵێ:- مانگی نۆڤەمبەر ساڵی ١٩٨٨ هاتمە کوردستان ئامانجی سەرەکیم دۆزینەوەی بەڵگەنامەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی دانیشتوانی مەدەنیو چەکدارەکان بوو، لەراستیدا کۆمەڵێ بەڵگەی بن برم چنگ کەوت لەگەڵ خۆمدا هێنامو رەوانەی موختەبەراتی سەر بە وەزارەتی بەرگری بەریتانیام کرد لە ئەنجامدا دەرکەوت کەغازی

خـەردەل بـەكاربراوە، (پيتـەر كالبريـث) كـە فەرمانبـەرێكى ليژنـەى پەيوەندييـەكانى دەرەوەيـە لـە ئەنجومـەنى پيرانـى ئـەمريكا دەڵـێ: بـەكارهێنانى چـەكى كيميـاوى لەلايـەن عێراقـەوە ويـژدانى جيهـانى بزوانـد بەتايبـەتى وێنـەكانى هەڵەبجـەو كۆچڕەوەكە، ليژنـەى نـاوبراو داواى لەمن كرد كـە لـەم كـارە بكۆڵمـەوە پـاش ئـەوەى كۆمـەڵێ بەڵـگەم خستە ڕوو كە چەكى كيمياوى بـەكارهێنراوە بۆ تێكدانى گوندەكانى كوردسـتان و كـۆچ پێكردنـى خەڵكەكـەى لەلايـەك، لەلايـەكى ديكـەوە سڕينەوەى شوناسنامەى نەتـەوەى كـورد. (كليبـورن بيـل) سيناتۆرى ئـەمريكى سـەرۆكى ليژنـەى كاروبـارى دەرەوە لـە ئەنجومـەنى پيرانـى ئـەمريكا لـەكۆنگرەى پـاريس سـاڵى ١٩٨٩دا ووتـى:- مـن دڵنيـابووم لەڕاســتى دەنــگ و باســى بــەكارهێنانى چــەكى كيميــاوى كــە ڕۆژئاواييـەكان سـەردانى كوردسـتانيان كردبـوو لـە ڕاپۆرتەكانيانـدا ئاماژەيـان بـەوە كردبـوو كەبەسـەدان گونـد كـاوڵ كـراون و چـەكى كيميـاوى بـەكاربراوە، ڕژێمـى عێـراق سياسـەتى گەيشـتوتە پلەيـەك دوورە لەهـەموو كـارێكى مرۆڤانـە، (اوبـان هينـدريكس) پرۆفيسـۆرى بـەلجيكى و پسـپۆرى كەرەسـتەى ژەهراوييـە لـەم ڕووەوە دەڵـێ:- لـە ڕێگاى ئێرانەوە گەيشتمە هەڵەبجە كاتێ گەيشتمە هەڵەبجە هـەموويان نەمردبوون، پاشـان دەسـتمان كـرد بەژماردنيان ٣,٥٠٠ كوژراو هـەبوو بەلايـەنى كەمـەوە سـێ جۆر گـازى بەكارهێناوە، وەكـو سيـانيد، گـازى دەمـارى كـە ئەڵمانـەكان پـەرەيان پێـداو لەشـەڕى جيهـانى دووەمـدا لەسـەر گرتووەكانـدا تاقييـان كـردەوە، هـەروەها گـازى ئيسـپريت كـە ئەڵمانـەكان لەشـەڕى جيهـانى يەكەمـدا دژى لەشـكرى فەرەنسـى و بەلجيكيـدا بـەكاريان هێنـا، هەنـدێ لەنەخۆشـەكانمان لەخەسـتەخانەى بـەلجيكى چارەسـەركرد هـەموو ئـەو ڕاپۆرتانـەمان گەيانـدە نەتـەوە

یەکگرتووەکان‌و سکرتێری گشتی بەڕێز (دیکویلار) لەجنیف، جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە عێراق سەرزەنشت نەکرا بەرامبەر بەو تاوانەی کەلەدژی کوردەکانی هەڵەبجە ئەنجامیدا[٤].

(سیڤان یەرتین) لەبەڕێوەبەرایەتی دەرەوەی بیرۆی تیلەگرامی رۆژنامەکانی سوید کاردەکات لەبارەی گەشتەکەیدا بۆ کوردستانی عێراق دەڵێ:- سەرم لەگوندو شاری تری دیکەی کوردنشین دابوو. بەڵام قەت سەرم بەژووری ماڵاندا نەکردبوو، ئەمجارەیان وام کرد هەموانم بەمردوویێتی لەژووری ماڵەکاندا بینی، مردنێکی بێ ئاژاوە، بێ شپرزەیی، بێ شڵەژان هەروەها بەردەوام دەبێ‌و دەڵێ لەتاران چاوم بەسێ دکتۆری بەلجیکی‌و هۆڵەندی کەوت کە لە ٢٠ی مارسدا سەردانی هەڵەبجەیان کردبوو، ئەوان پوختەیەکی ئەو دەرمانە کیمیایی‌یانەو ئەو ژەهرانەیان بۆ ڕوون کردمەوە کەبەکارهێنرابوون، ئێستا بەتەواوی ئاشکرایەکە کەبەگازی سیانیدو سیناپ خەڵکی هەڵەبجە کوژران[٥] (یووان سڤانتەرسون) پسپۆرێکی سویدییە لەدەزگای تۆژینەوەی بەرگری کاردەکات دەڵێ: گومان لەبەکارهێنانی گازی سیانیدو سیناپ لە هەڵەبجەدا نی‌یە بەڵام ئەو بۆ خۆی گومانی لەبەکارهێنانی ژەهری دەمار هەیەو دڵنیاشە لەوەی کە زەردەبارانی لەگەڵ نەبووە: تەنانەت تاریق عزیزیش کە ئەو کاتە وەزیری دەرەوەی عێراق بوو، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریدا لەبۆن لە١ی تەمووزی ١٩٨٨دا وتی: هەردوولا، عێراق و ئێران چەکی کیمیاویی‌یان بەکاربردووە، پاش ئەوەی جەخت لەسەر ئەوەکرا کەچەکی کیمیاوی بەکارهاتووە لەو راپۆرتەی لە١٩ی ئابی ١٩٨٨ خرایە بەردەستی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتان، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی خۆی پێشاندا بەرامبەر بەو ئامانجەی کە

کۆمەڵی پسپۆڕو شارەزا گەیشتبوونێ، ئەم سیاسەتە دوو فاقیەی حکومەتەکانی ئەوروپا، رۆژنامەنووس و لێکۆڵەرەوەکانی نارەحەت کرد، بۆیە وەك نارەزای بیروڕای خۆیان لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا خستەڕوو. (جاك میلانۆ) لەگۆڤاری نۆڤیل ئۆبسەرفاتوری فەرەنسیدا دەڵێ: لە ئاداری ١٩٨٨ چوومە هەڵەبجە باوەڕم وابوو کەخەونم بینیوە دانیشتوانی ئەم شارە مردنێکی کتوپڕیان بەسەردا هاتووە، هەندێ لەکاتی نان خواردندا، پیاڵەی چایان بەدەستەوەبوو، هەندێکی تر بەڕێگادا دەرۆیشتن و ئافرەتێك منداڵە ساواکەی لەباوەشدا بوو، لەکاتێکدا سەتڵە ئاوی دەهێنا لەیەك کاتدا بارانی کوشندەیان بەسەرا دەبارێ وەکو بارانە تۆزاویەکەی (بۆمبای) نەبوو، بەڵکو بارانێکی بەرفراوان و زەرداوی کەبۆنی نووستنی ئەزەلی دەبەخشی، بارانی گازی خەردەل کەلەئاسمانەوە بەهۆی فرۆکەکانی عێراقەوە، سەددام حسین بەسەردانیشتوانی هەڵەبجەی کوردیدا باراند، لەماوەی سێ چرکەدا بووە هۆی کوشتنی پێنج هەزار مرۆڤی کورد، لەگەڵ بریندارکردنی دە هەزاری دی بۆ ئەم تاوانە کە دژی مرۆڤایەتییە کەسێك لە ئێمە بەکردەوە شتێکی دەربارەی ئەم کارە ترسناکە نەکرد، مەگەر سەدام ئەوکاتە هاوڕێی ئێمە نەبوو. (مارتن ڤان برونسن) توێژەرەوە لە زمان و ئەنترۆپۆلۆجیای هۆڵەندا دەڵێ: لەناوەڕاستی مانگی مارسی ١٩٨٨دا فرۆکەکانی عێراق کیمیایان بەسەر شاری کوردی هەڵەبجە، لەنزیك سنوری ئێرانی هەڵکەوتوودا کرد، ژمارەی زیان و کوژراوەکانی هەڵەبجە بە پێی سەرچاوە جیاوازە، بەڵام ژمارەیەکی نزیك بە پێنج هەزار کەسی کوژراو بەگشتی بەژمارەیەکی ڕاست دانراوە، ئێران رۆژنامە نووسە بێگانەکانی بانگ کرد بێن و شاهێدی دیمەن و خوێن ڕێژی و کوشتو برین و هێندێك دیمەن و وێنەی

خەفەتاوی و راچڵەکین بەجیهان نیشان بدەن، ئاشکرابوو کە زۆر لە قوربانیەکان خەڵکی لاشەڕو بێ چەك بوون، وێنەی ئەو دایك و باوکانەی کە منداڵە ساواکانیان بەباوەشەوە بوو بەمردووی لەسەر زەوی کەوتبوون[٦]. (ئەندریە زاخارۆف) ئەکادیمی رووس و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی دەڵێ: داوام وایە هەموو حکومەتەکانی جیهان ئەو مامەڵەی لەگەڵ کوردەکان ئەنجام دەدرێ لەبەرچاو بگرن کە چ جۆرە زوڵمی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و کوشتنی بەکۆمەڵی دەرحەق کراوە.

(دکتۆر کرستن م. گۆسدێن) دەربارەی هێرشەکەی سەر هەڵەبجە دەڵێ: رێگام بدەن دەست بکەم بە وەسف کردنی هێرشی گازی ژەهراوی بۆ سەرشاری هەڵەبجە لە عێراق دا. با جەخت بکەمە سەر ئەوەی کەئەمە گەورەترین هێرشی چەکی کیمیاوی بووە دژی دانیشتوانێکی مەدەنی لەچەرخی مۆدێرنیدا. هەڵەبجە شارێکی بەجموجۆڵ و چالاك بوو لەباکووری عێراق دا دانیشتوانی زۆرینەی کورد بووەو مەیلی ئێرانیان هەبووە، لەکاتی جەنگی عێراق - ئێراندا لەسالأنی هەشتاکان ژمارەی دانیشتوانەکەی لەکاتی هێرشەکەدا نزیکەی ٨٠,٠٠٠ کەس بووە.

بەرپەچدانەوەی عێراق یەکان بریتی بوو لەتۆپ باران کردنی قورس و بۆم بارانکردنی ناوچەیەك نزیك هەڵەبجە بەچەکی تەقێنەری گەورەی شەش فرۆکەی جەنگی رێگە لەهاوڵاتیان گیرا شارەکە بەجێ بهێڵن، بەو هیوایەی کە جەیشی عێراقی پەلاماری شارێك نادات کەهاوڵاتیانی تیابێت، بەو هۆیە قەلغانێکی مرۆییان دابین کرد. هێرشی چەکی کیمیاوی کە لە ئێوارەی رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ دەستی پێکرد، کاتێك گروپێك لەهەشت فڕۆکەی جەنگی دەستیان کرد بە

بۆمباران کردنی کیمیاوی، بەگوێرەی ئەو کۆماندۆسە کوردانەی کەلە شوێنەکە بوون، لەماوەی شەوەکەدا ١٤/جار فرۆکەی جەنگی هێرشیان کردووەو هەر گروپەی پێکهاتووە لەحەوت بۆ هەشت فرۆکەی جەنگی و، تەرکیزی هێرشەکانیان کردۆتە سەر شارەکەو هەموو ئەو رێگایانەی کەلە هەڵەبجەوە بەرەو دەرەوە دەچن. هێرشە کیمیاویەکە بەردەوام بوو هەتا ٣/١٩. فرۆکە جەنگییە عێراق یەکان نزیکەی (٤٥) خولەك هێرشیان دەکردو پاشان دوای ئەوەی دەرۆیشتن، دوای (١٥) خولەك گروپێکی دی لە فرۆکەی جەنگی دەردەکەتن، دەمەوێ جەخت بخەمە سەر ئەوە کەئەمە یەکەم هێرشی کیمیاوی نەبووە لەلایەن (سەدام حوسێن) ەوە پێشتر فرۆکەی جەنگی عێراقی هێرشی ئەنجامداوە دژی (٢٠) گوندی بچووك لەساڵی ١٩٨٧، بەهەرحاڵ پێوەرو چرو‌پڕی شاڵاوی کیمیاوی دژی هەڵەبجە بەتەواوەتی جیاوازتر بوو.

یەکەم جاربوو کە چەکی کیمیاوی بەکارهاتبێ دژی دانیشتوانێکی مەدەنی گەورەی قەبارەوا. بەر کەوتوانی پەلامارەکە بریتی بوون لەئافرەت، منداڵ، پەککەوتە[٧].

(کۆکتێلی)کیمیاوی سەدام حوسێن

شتێکی دی هەیە کەهەڵەبجە جودا دەکاتەوە لەهێرشە ناسراوەکانی دیکەی چەکی کیمیاوی کەهێرشەکە (ئۆوم شینریکیۆ) بۆ سەرجادەی نەفەقی تۆکیۆش دەگرێتەوە لەساڵی ١٩٩٥، هێرشەکەی هەڵەبجە بریتی بوو لەماددەی عاملی زۆری کیمیاوی، پێکهاتبوو لەگازی خەردەلو ماددەی عاملی دەمارگیری (سارین و تابوونو ڤی ئێکس)، بەگوێرەی راپۆرتی هەندێ سەرچاوە (سیانید)یش بەکارهێنراوە، لەوانەیە جۆرێکی ناپوختی (تابون) بوبێت، کەپاشەڕۆی (سیانید)ی هەیە، و تەرکیبەی سیانیدی لێدەرچووە، زۆربەی ئەو هەوڵانەی ئەنجامدراوە بۆ گەشەپێدانی ستراتیجی دژی چەکی بایۆلۆجیو کیمیاوی ئاراستە بووە بەرەو تاکە هەڕەشەیەك. هێرشەکەی سەر هەڵەبجە گرنگی پلان دانانی تەکنیکی لەسەرخۆ ڕوون دەکاتەوە بەرەو زیاتر لە یەك ماددەی عامل وە بەرەو زانیاری موعەیەن دەربارەی کاریگەریەکانی هەریەك لەم ماددە عاملانە(٨) هێرشی پێچەوانەی عێراق لەچێشتەنگاوی ١٦ی مارتەوە دەستی پێکرد، بە پەلامارێکی ئاسایی هێزی ئاسمانیو تۆپباران کردن لەشارۆچکەی سەید سادقی لای باکوورەوە. زۆربەی ماڵەکانی هەڵەبجە ژێر زەمینی سەرەتاییان لەنزیك ماڵەوە دروست کردبوو، هەندێك چوونە ئەم ژێرزەمینانەوەو ئەوی دوای خەڵکەکەش چوونە ژێر زەمینە حکومەتیەکانەوەو ئەوان هەر لەسەرەتای شەڕی ئێران – عێراقەوە و لەساڵی ١٩٨٠ وە بەمە ڕاهاتبوون. یەکەم شەپۆلی

بۆمبـــارانی فرۆکـــه وادیـــاربوو بـــۆمبی ناپـــالْم‌و فوســـفۆریی تێـــدا بەکارهاتبوو، بەپێی قسەی شایەتحاڵێکی بۆمبارانەکە (ئەم بۆمبانە جیاوازبوون لەوانی تر، چونکە ئەمانە ناڵەیەکی یەکجار زل‌و گڕێکی یەکجار گەورەو توانای وێران کردنێکی لە ڕادە بەدەریان بوو، ئەگەر دەســتت بدایەتــە ئــەو بەشــەی لەشــتەوەکە بەرکــەوتبوو و گــڕی تێبەربووبوو دەستیشت گڕی دەگرت، ئەو بۆمبە دەبووە هۆی ئەوەی هــەموو شــتێك گــڕ بگرێــت)) بۆمبارانەکـە بێوچـان چـەند سـەعاتێك بــەردەوام بــوو ((ئەمــە تەنهایــەك بۆمبــاران نــەبوو کــە بوەســتێ هەناسەیەکی تێیدا بدەیت‌و پاشان یەکێکی تر دەست پێ بکاتەوە، بەڵکو بەردەوام فرۆکە دەهاتن ودەهاتن، شەش فرۆکە بۆمبارانیان تەواو دەکرد و شەشی دی دەهاتن[٩].

ئەوانــەی بــەدەرەوە لەســەر شــەقامەکان بــوون ڕوون‌و ئاشــکرا دەیانبینی کە فرۆکەی عێراقی بوون نەك ئێرانی، چونکە هێند بەنزمی دەفڕین کەوا نیشانەکانیان بەئاسانی چاودێر دەکران. دوای نیوەڕۆی ئــەو ڕۆژەو لەدەوربــەری کاتــژمێری ســێدا ئەوانــەی کــەوا لــە ژێــر زەمینەکاندا مابوونەوە هەستیان بە بۆنێکی نائاسایی کرد. ئەمانیش وەك گوندنشینەکانی بەهاری ڕابردووی دۆڵی بالیسان بەبۆنی سێو و گــولاّو و خــەیاریان دەشــوبهاندو پیــاوێکیش دەیــوت ((بۆنەکــەی زۆر پیس بوو و لەژەهری مار دەچوو)) کەواتە کەس پێویستی بەوە نەبوو پێی بووترێ ئەمە بۆنی چی‌یە وادیاربوو پەلامارەکە بەشی باکووری شاری بەخستی گرتبووەوە دووربوو لەسەربازگەکانەوە، ئەگەرچی ئەو دەمە چۆلیش کرابوون لەژێر زەمینەکاندا لەپڕ ترس‌و سام و زەندەق چوونێك پەیدا بوو ئەو سەری نەبێتەوە هەندێك پەلە قاژەی ئەوەیان دەکرد درزو برینی دەرگای ژێر زەمین بەخاولیی تەڕ بگرن، یان پەڕۆی

تەڕکراویان دەدابە دەمو چاویاندا و یان ئاگریان دەکردەوە، بەڵام دواجار هیچ شتێ دادی نەدان و لەناوا دەرپەڕینە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکان، دنیا تاریك بوو بوو و هیچ رووناکییەکی سەرجادە نەبوو، چونکە رۆژی پێشتر ئاگری تۆپخانە کارەبای بەسەریەکدا تێکدابوو، خەڵکی هەڵەبجە لەبەر تروسکاییەکی کزی رۆشنایی دیمەنی مۆتەکەو کابووسیان بەچاوی خۆ دەبینی، لاشەی بێگیان، بەمرۆڤو ئاژەڵەوە، لارو پاڵ لەسەر شەقامەکان کەوتووبوون، لەسەر دەرکەو دەروازەکاندا کەڵەکە بووبوون، بەسەر ستێرنی ئوتومبیلەکانیاندا شۆڕبووبوونەوە، ئەوانەی کەهێشتا مابوون بەملاو بەولادا لەتریان دەداو هیستریا گرتبوونی و پێدەکەنین و دواجار بەلادا دەکەوتن، سەربازە ئیرانییەکان بەنێو شەقامە تاریکەکاندا تیژ تێدەپەڕین و بەرگی خۆ پاراستنیان پۆشیبووو دەمامکی گازیشیان بەدەمو چاوەوە بوو ئەو خەڵکەی کە هەڵدەهاتن بەزەحمەت رێگای خۆیان دەبینی و وایان هەست دەکرد کە ((دەرزی دەچەقێتە چاویاندا))و میزیان بووبوو بەخوێن[١٠] (جوناتان راندل) کە رۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی رۆژنامەی (واشنتەن پۆستە) لەکتابەکەیدا روبەڕووبونەوەکانم لەگەڵ کوردستاندا لەبەشێکی کتابەکەیدا بەناوی (مردو بۆ دۆزەخ رۆیشت) نووسەر باسی کارەساتی ئاوارە کوردەکان دەکات کەبەرەو چیا بەرزەکانی ئێران و تورکیا هەڵکشان ئەم جارەش کوردەکان پەندە بەناوبانگەکەیان دووبارە کردەوە کە جگە لەچیاکان هیچ هاوڕێکی دیکەیان نی‌یە راندل دەڵێ:- ئەم جارە چیاکانیش نەیان توانی داڵدەی کوردەکان بکەن خودا دەزانێ چەندیان لێ مردن. ئەم پەندە بەتەواوی ڕاست نی‌یە چونکە لەکاتی تەنگانەدا بۆیان دەرکەوت کەهاوڕێی دڵسۆزیان هەیە شوێنی کاریگەری لە واشنتۆن و لەندەن و پاریسدا داگیرکردووە،

کارەساتە گەورەکان وەکو لێدانیان بەچەکی کیمیاوی لە ساڵی ١٩٨٨دا ئەنفال کردن، کوردەکانی ناچارکرد کە یەکگرن و بەرەیەك پێکەوە بنێن[11].

سەرچاوەکانی ئەم باسە:-

١. تقرير خاص الى الكونغرس الامريكي حول استخدام الاسلحة الكيمياوية، ترجمة امانج چاپخانەی صالح یوسفی١٩٨٨.

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣. رابوون، ژمارەی سێ، ساڵی ١٩٩٢.

٤. دراسات كردية ژمارەی چوار، ساڵی ١٩٩٣.

٥. مامۆستای کورد، ژمارە نۆ، ساڵی ١٩٩٠.

٦. رابوون، ژمارە سێزدە، ساڵی ١٩٩٥.

٧. گۆڤاری ئەنفال ژمارە (١) سلێمانی ساڵی ٢٠٠٠، ل٥٨

٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٩. میدل ئێست ووچ، وەرگێڕانی سیامەندی موفتی زادە، جینۆساید لەعێراق داو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، چاپکراوی خاك، سلێمانی، ساڵی ١٩٩٩، ل٢٠٨.

١٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو ٢٠٩.

11- Jonthan Randil: After South Knowledge what forgiveness Kurdistan.

کوردستانی عیراق، ڕووداوو ژمارەکان دەپەیڤن

بەبیانوی پاراستنی سنوورەکان لەدەسەلاتی جەنگاوەرانی دژ بەڕژێم، کاربەدەستانی عێراقی لە (١٩٧٥)ەوە شالاوی چۆڵکردنی دانیشتوانی لادێیە کوردنشینەکانی پیادە کرد، ئەم شالاوە تەشەنەی کردو زۆر فراوان بۆوە، بەڕادەیەك کەبەقەد ڕووبەری لوبنان هەرێمەکەی بەتاڵ کرد. باکووری عێراق لەپێنج ناوچە پێك دێت، سێیان ئەمانەن:- سولەیمانی، هەولێرو دهۆك، کەزۆربەی زۆریان کوردن‌و دەستوورو یاسای ئۆتۆنۆمی دەیان گرێتەوە.

ئەم زانیارانەی لای خوارەوە، کەلەسەر پێنج ناوچەکەیە پەیوەندیی‌یان بەژمارەیەك گوندی چۆڵ کراوەوە هەیە کەهەریەك لەم ناوچانە دەگرێتەوە.

١- ناوچەی سولەیمانی:-

- کەرتی ڕانیە پاش چۆڵ کردنی، ٤٢ گوندی سوتێنران.

- کەرتی هەڵەبجە، پێنجوین، قەلادزە، دەربەندیخان، لە (٤٠٠) گوندان، (١٠٠) گوندیان سوتێنران.

- کەرتی مەیدان، هێرۆو شێخان لە (٢٤) گوندان، (١٦) گوند سوتێنران.

- کەرتی سەنگاو، لە (٢٧) گوندان، زیاتر لە (٨) گوندی تر لەدراوسێیەکان سەرجەمی (٤٩٣) گوند چۆڵکران.

٢- ناوچەی هەولێر (ئەربیل)

- کەرتی کۆیسنجق، لە (٢٤) گوندان، (١٦) گوندیان سوتێنران.

- کەرتی بارزان، (٢٤) گوند.

- کـەرتی کەنـدیناوە، (١٤) گونـد چـۆڵکران، لـە (٩) گونـدان عەشائیری عەرەبیان نیشتەجێ کردن.
- کەرتی چۆمان، (٤٤) گوند.
- کەرتی سیدەکان، (٩) گوند.
- کەرتی دۆڵی تاڵەبان، (١٠) گوند.
- کەرتی زێبار، (١٦) گوند سوتێنران و بەبلدۆزەر تراشران.
- کەرتی مێرگەسوور، لە (٢٩) گوندان، (٢٥) گوند سوتێنران.
- لەکەرتەکانی تر، لە (٢٥) گوندان، (٢٤) گوند سوتێنران.

سەرجەمی (١٩٦) گوند.

٣- ناوچەی دهۆك:

- کـەرتی سلیڤانی (٨١) گونـد، عەشـایری عـەرەبیان لەشـوێنی نیشتەجێ کرد.
- کەرتی زاخۆ، ئامێدی، (٧٢) گوند.

سەرجەمی (١٥٣) گوند.

٤- ناوچەکانی کەرکوك (تامیم)

- کەرتی دوبز، ئەلتون کۆپری، (٧) گونـد، عـەرەبیان لەشـوێنی نیشتەجێ کردن.
- کەرتی قەرەحەسەن، (٢) گوند.

بێجگـە لـەوە، بەهـەزاران لەدانیشـتوانی کوردەکـان کـە لەشـاری کەرکوك دەژین، کەسانی تری لەناوەڕاسـتی شـارەکە چۆڵ کرد، چۆڵ کردنەکەشـی بەمەبەسـتی دەسـتکاری کردنـی دیمـۆگرافی ئـەم ناوچـە، نەوتی‌یە دەوڵەمەندەیە، هەوەها ڕەتی بوونی کەمایـەتی کـوردی کـردو لەناوچـەی ئۆتۆنـۆمی دابڕانـد. سـەرجەمی گونـدە چۆڵکراوەکان (١٩) گوندن.

٥- ناوچەی نەینەوا (مووسڵ):

- کەرتی شەنگار (١٣٧) گوند.
- کەرتی شێخان (٨٨) گوند.
- کەرتی تەلەعفەر (٢٥) گوند. سەرجەمی (٢٥٠) گوند.

٦- ناوچەی دیالە:

- کەرتی خانەقین، (١٠٥) گوند چۆڵکران و بەدەیانی تر سوتێنران.
- کەرتی جەلەولاو مەندەلیش، گوندەکانی ئەم کەرتەشی گرتەوە. سەرجەمی گوندە چۆڵکراوەکانی ئەم ناوچەیە بەئاماری ڕەسمی (١٢٢٦) گوندن.

نامەیەکی ڕەسمی لەبەڕێوەبەرایەتی شەنگارەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەینەوا نێردراوە، هەڵگری ژمارە (٤٢٤٣) لەمێژووی ١٩٧٥، ئێمە بیرۆکەیەکی ژمارەی ئەو کەسانەتان دەدەینێ کەلەم کەرتەدا چۆڵکراون (٣٩) گوند، (٢٩٥٤) خانوو، ١٩,٥٠٣ کەسن. لەشێخان (٣٧) گوند، (٤٣,٥٠٠) کەسن سەرجەمی (٩٦) گوندو ٦٢,٥٠٣ کەسن.

ئێمە لەسەر بنەڕەتی ژمارەی (١٠٠) گوندان، دەتوانین بەئاسانی بڵێن کەژمارەی دانیشتوانی لادێیە چۆڵکراوەکان دەگاتە نیوملیۆن، کەشەش یەکی دانیشتوانی کوردە، لەلایەکی تر ئەو خاکەی کەبەقسە دەڵێن ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەپانایی‌یەکی زۆر کەم کراوەتەوەو دابڕاوەو بەزۆری عەرەب نشین کراون، بەم جۆرە (٤٢) گوند لەناوچەی هەولێر چۆڵکراون، بوونەتە پاشکۆی ناوچەی تأمیم و نەینەوا (نەخراونەتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی).

شێوازێکی تری دوورخستنەوەی کوردەکان لەناوچەکەی خۆیان دا، بەبەردەوامی شوێنی کاریان دەگوێزنەوە بەتایبەتی ئەوانەی مووچەخۆرن بۆ دەرەوەی هەرێمی کورد نشین.

ڕەوشی کۆمەڵایەتی- ئابووری

چۆڵکردنی دانیشتوان، سوتاندنی گوندو دانەوێڵەکانیان پڕکردنەوەی سەرچاوەی کانیەکانو دەرمان تێکردنو قەدەغە کردنی گەڕانەوەیان بۆ گوندەکانیان، ئەم هەموو کردارانە کۆمەڵێ گیروگرفتی چێکرد بوو بەهۆی وێران بوونی ڕەوشی کشتوکاڵی، بەتایبەتی ئەم ناوچەیە بەناوبانگە بەمیوەجاتو سەوزەو توتنو گەنم مەڕو ماڵات بەخێو کردن.

لەسەدان کێڵگەی پەروەردەکردنی ئاژەڵ، حاڵی حازر چەند دانەیەکی لێ ماوەتەوە، جوتیارەکان بەناچاری کەوتنە فرۆشتنی ئاژەڵەکانیان بەنرخێکی هەرزانو بەجێهێشتنی گوندەکانیانو گرتنەبەری ڕێگای نادیار. دیارە گیروگرفتێکی تر سەری هەڵدا، بەتایبەتی بێئیشی جوتیارەکانو بێبەش بوونیان لەزەویەکانیان، بەشێکی زۆریان بێ خانووو بێ زەوی سۆز پێدراو مانەوە، سەرەڕای پڕۆپاگەندەی بەربلاوی میری بۆ قەرەبووی خانووەکانیان. ئەم مامەڵەکردنە خراپەو کوخی پیسو ئازارو ناڕەحەتی چەشتنو کەم دەرمانی بوونە هۆی بلاوبوونەوەی پەتا.

بەعەرەب کردن و چەوساندنەوەی ڕۆشنبیری:

بەگوێری بەیانی (١١)ی ئازاری (١٩٧٠) کەلەبابەت کێشەی نەتەوەیی کوردە، قوتابخانەیەکی زۆر دەبوایە لەناوچەی کوردەکان بکرێتەوەو وانەی نوێ تێدا بوترێنەوە، ڕێژەی وەرگیراوی قوتابیانی کورد لەزانکۆکان زیاد بکرێن، پێریستە لەقوتابخانەی سەربازیش هاوشان بێ، هەروەها زەماڵەش بۆ قوتابیانی کورد دابین بکرێ. سەرەڕای بوونی ئەم بڕیارانە، قوتابخانەیەکی یەکجار زۆر لەوانە ووتنەوە بەزمانی کوردی داخراون، پەنا بردنە بەر بیانوی جۆراو جۆر بۆ سەپاندن و گەڕاندنەوەی وانە ووتنەوە بەزمانی عەرەبی بۆ نموونە کەم و کورتی لەزمانی کوردی داخران، پەنا بردنە بەر بیانوی جۆراوجۆر بۆ سەپاندن و گەڕاندنەوەی وانە ووتنەوە بەزمانی عەرەبی بۆ نموونە کەم و کورتی لەزمانی کوردی کەچی عەرەبی زمانی بڵاوکردنەوەی ناچارییە، هەروەها بەکارهێنانی هێزو گوشار خستنە سەر دایکان و باوکانی قوتابیان کەمەزبەتە واژۆ بکەن و داوای ئەوە بکەن کەووتنەوەی وانە بەزمانی عەرەبی بێ نەك زمانی کوردی، زمانەکەیان زمانی دایکانە دەبێ. میری ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩ بڕیارێکی پەسەند کرد کە ٥٠٪ی پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەی مامۆستایان بەزمانی کوردی بێ، بەناچاری کرا بەعەرەبی، بەتایبەتی لەبواری زانستە مرۆڤایەتیەکان، لەکتێبی خوێندنگا هیچ ئاماژەیەك بەمێژووو ئەدەب و ڕۆشنبیری کورد نەکراوە. لەلایەکی تر ئەو کتێبانەی کە لەسەر ئەم بابەتانە بوون لەکتێبخانە گشتییەکاندا کێشایانەوە.

هورووژمی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری بەزمانی عەرەبی ڕەفتاری لەگەڵدا کراو دانیشتوانی لادێکانی کوردستانی پشت گوێ خست،

ناوی قوتابخانەکان، میوانخانەکان، چێشتخانەکان، هەرەوەزەکان... هتد هەمووی ناوی عەرەبیان خستنە شوێنیان.

ڕۆشنبیرانی کورد، بەرهەمە ئەدەبیو هونەریەکانیان بەهەموو جۆرێك ملکەچی پەژارەو تەوژم دەبوّوە وبزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی دوورە پەرێز دەکرد پێویستە ئەوەش تۆمار بکرێت، کەگەلی کورد نوێنەرایەتی چواریەکی وولاتن، ڕۆژنامەیەکی هەفتانە، مانگانە بەزمانی کوردی نییە. میری دەستی بەسەر هەمووی داگرتییە، بێشك ئەم کارانە پێچەوانەی یاسای ئۆتۆنۆمییە، کەڕوونی کردۆتەوە کەوانە ووتنەوەی کوردیو دانان بەزمانی کوردی دانیپێدانراوە، هەروەها بۆ هەموو کەمینەکانیش کە لەعێراقدا دەژین.

نموونەی ئازاردان

بەکورتی ڕۆژانە گرتن جێبەجێ دەکرێ، خەلکی بەبیروباوەڕی جوداوازو تەمەنی جۆر بەجۆرەوە دەپێکرێن ئەوان پەنا دەبەنە بەر بیانوو بەهەر شێوەیەك بێ. بۆ نموونە هەر ئەندامێکی خێزانەکە سەر بەیەکێتی جەنگاوەرانی دژ بەدیکتاتۆر بێ، بیانوو بەدەستەوە دەدا، کەهەموو ئەندامەکانی خێزانەکە بەند بکرێن. (لەوانە مندالەکانو پیرەمێردەکان) بەرەو باشوور مەلبەندی وولاتیان دەبەن. کەوابوو هەندێ لەسالی ١٩٦٦-١٩٦٧ لەنوێ دەستگیرکرانو بەتوندی ئازارو حوکم دران، لەوانە سزای کوشتن بەبیانووی پروپووچ. کە (١٢ سالیش بەنهێنی لەپێش وەخت بەئەنجام دەگەیەنرێ)، بێجگە لەوە کوردەکان کەلەژێر دیکاتۆرن یەك چارەنووسی، کتوپڕی بەندی کردن، ئەشکەنجەدان، لەسێدارەدان، تۆقاندن، چاوەنواڕیان دەکات.

ئه نجام

دووپـاتی دەکەینـەوە کـەڕژێمی عێراقـی نـەڕێزی یاسـای ئۆتۆنـۆمی نـە ئـەو دەسـتوورانەی بڕیاریـان دراوە بـەلابردنی هـەموو دەسـت درێژیی‌یـەکی گـەلانی عێـراق (عەرەبـەکان‌و کوردەکـان) کەبەتێکۆشـانی دوورو سـەخت بەدەسـتی‌یان هێنـاوە، بێجگـە لـەوە ڕژێمـی عێراقـی پـەنای بردۆتـە بـەر پـەیمان‌و ڕێککەوتننامـەی سـاڵی (١٩٧٥) کەلەلایـەن سـەدام حوسێن)ەوە واژۆکراوە لەگەڵ شـای ئێران دا، پاشـان هـەر لەلایـەن خـودی خۆشـیەوە حاشـای لێ کـراوە، لەڕۆژنامـەی (میللی‌بـەت)ی تـەرکی پوختەیـەکی بڵاوکراوەتـەوە لـە (٢٥)ی ئاگوسـتی ١٩٧٨دا. چـوار مـەرج لـەو بەنـدەدا دیـاری کـراون، هـەردوو بـەش هـەموو پێوانەیـەك بـەکار دەبـەن بـۆ کـپ کردنـی هـەر چالاکی‌یەك کەلەسـنوری هـەردوو وڵاتـدا بـەڕێوە بچێ. لەهـەمان کاتـدا بەنـدی (١،٢،٣) بـاس لـەکۆنترۆڵ کردنـی سـنوور دەکرێـت، بـۆ ڕێـك خستنی کۆتایی هێنان بەدەرباز بوونی کەسەکان، گۆڕینەوەی زانیاری خێـرا بـۆ هـەر ڕووداوێـك، بـۆ گـرتن‌و دانـەوەی تاوانبارەکـان. هـەردوو حکومەت ئازادن کـە (١٧) کم هێـزی ئاسمانی‌یـان بچێتە نـاو سنووری وڵاتی یەکترەوە، ئامانجی گەورەی ئەم هورووژمە کەلەلایـەن دیکتـاتۆری عێراقـەوە بـەڕێوە چـوو بـۆ تواندنـەوەو ناچـار کردنـی گـەلی کـورد، لەهـــەمان کاتـــدا نەهێشـــتنی دەنگـــە جوداکـــان، یـــان بۆچـــوونی سەربەخۆیی، هەموو جۆرە ڕێکخراوێکی سیاسـی، کۆمەڵایـەتی یاخود نەقابی.

ئەم بابەتەم لە فەرەنسیەوە وەرگێڕاوە لە:

1- Comite Francais contre la repression en Irak, Nons Condamnons, Paris, 1981. P25-30.

دەنگ دانەوەی ڕاپەرینەکانی عێراق لەدەرەوەی وڵات دا

ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ وەرچەرخانێکی گەورە بوو عێراق بەخۆیەوە بینی، پاش گەڕانەوەی سەربازەکان لە بەسرا ڕاپەڕین دەستی پێکرد، بەم جۆرە لە ٣/٢دا لەبەسرەوە بەرەو عیمارە و ناسری‌یە، پاشان بەرەو نەجەف‌و کەربەلا چوون، لە کورستانیشدا سەرەتای ڕاپەڕین لە ڕانیەوە پشکۆی ئاگر هەڵبجەو چەمچەماڵ‌و کفری‌و کەلارو دەربەندیخان‌و شەقڵاوە و ڕەواندوزی گرتەوە، لە ٢/١١ ڕاپەڕین گەیشتە هەولێرو پاشان خانەقین‌و دوزخورماتوو، لە ٣/١٤ زاخۆو دهۆك‌و ئامێدی ڕزگاربوو، لە ٣/٢٠/١٩ شاری کەرکوك ڕزگار کرا.

هۆکارەکانی ڕاپەرین چی بوو:-

١- شکانی لەشکرەکەی لە گەردەلوولی بیاباندا.

٢- تورەیی‌و نارەزایی خەڵکی عێراق لە ئەنجامی هەشت ساڵ شەڕی نێوان ئێران و عێراق ، جگە لە ئەنفال‌و کیمیاباران‌و کوشتنی بەکۆمەڵ، ئەمانە هەموو بەسەر یەکەوە ئاساری خراپی بەسەر دەروونی خەڵکی عێراق بەگشتی‌و کوردستان بەتایبەتی بەجێهێشت.

٣- گەمارۆی ئابووری، بەمەش عێراق زیانێکی گەورەی لێکەوت، بەزۆری کاری لەسەر دانیشتوانی عێراق کرد نەك دارو دەستەی ڕژێم چونکە دارو دەستەی ڕژێم تاکو ئێستاش لەدروست کردنی کۆشك‌و تەلارو سەرف کردنی داراییدا درێخیان نەکردووە. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ورووژاندنی خەڵکی عێراق دا دەستیان تا ڕادەیەك

هەبوو، لە ١ ی ئازاری ١٩٩١دا جۆرج بۆش گووتی:- ئەگەر گەلی عێراق سەددام لەناوببات، هەموو گیروگرفتەکان چارەسەر دەکرێن عێراقیش بۆ خێزانی نێو نەتەوەیی دەگەڕێتەوە. هەروەها لە ٣/١دا لە پرسیارێکدا کە ئاراستەی وەزیری بەرگری فەرەنسا (بیار جۆکس) کرابوو، لەبارەی چارەنووسی سەرۆکی عێراقەوە لەوەڵامدا ووتبوی:- پێویستە باوەڕ بەعێراق یەکان بسپێرین، وەزیری دەرەوەی بەریتانیاش (دۆگلاس هێرد) ووتی:- عێراق ناتوانێت بۆ کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی بگەڕێتەوە تاکو سەددام لەفەرمانڕەواییدا بیّ.

لەسەرەتای ڕاپەڕیندا میدیاکانی ئەوروپا بەگەرمی باسی ڕاپەڕینی خەڵکی عێراق یان کرد، بۆیەکەم جار مسیۆ میتران سەرۆکی دەوڵەتی فەرەنسا لە شەوی ١٩٩١/٢/٣دا، لە تەلەفزیۆن ڕایگەیاند کە فەرەنسا پاش نەمانی شەڕی کەنداو بۆ ئاشتیو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی فەلەستین، لوبنان، کورد، کاردەکات، لەرۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی ٣/١دا بەناوی دۆسیەی ئاشتییەوە هەمان پرۆژەی حکومەتی فەرەنسا بلأوکراوەتەوە کە:-

لە ١٩٩١/٨/٢ وەزیری فەرەنسا (رۆلاند دۆما)گەیاندییە نەتەوە یەکگرتووەکان لەنیۆرکدا، گۆڤاری نۆڤێل ئۆبسرڤاتۆری فەرەنسی دەنووسیّ:- لەپاش شەڕی کەنداو، کوردەکانی عێراق کە سەددام حسێن بەر لە سیّ ساڵ بەگازی کیمیایی بۆمبارانی کردن دەستیان بە ڕاپەڕین کردووە، لەلایەن ئەمریکاوە هاندراونو ناوچەیەکی ئازادیان لەباکووری عێراق بۆ چیّ کرا.

داگس (dagsnyheter) نیهێتەری سویدی دەنووسیّو دەڵێت:- دوای شەڕی کوێت، عەرەبە شیعەکانی خوارووی عێراق دژی ڕژێمی عێراق ڕاپەرین، بەڵام سەددام حسین توانی دایان بمرکێنێتەوە، بەڵام

کوردەکان بە هۆی پاڵپشتی ئەوروپای رۆژئاوا توانرا ناوچەیەکی سەربەخۆیان لە سەرووی عێراق لە هێڵی (٣٦) بۆ دابمەزرێنرێ.

٤- بەگشتی هەڵوێستی ئەوروپییەکان لەسەرەتادا زۆرباش بوو بەلام هەلوێستی عەرەبەکان، بەتایبەتی عەرەبەکانی سەرووی ئەفریقا، ئوردن، فەلەستینەکان زۆر خراپ بوون. کوردەکانیان بەوە تاوانبار دەکرد کە بزوتنەوەکەیان، بزوتنەوەیەکی جودا خوازیانەیە، دژ بەعەرەب و ئیسلامە، پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە هەیە، ئەگەر خۆیان گێل نەکەن و ئاوڕێك لەسیاسەتی ولاتە عەرەبییەکان بدەنەوە، بۆیان دەردەکەوێ کەسیاسەتمەدارە عەرەبەکان لەهەموو کەس زیاتر هەوڵی پەیوەندی و دۆستایەتی ئیسرئیل دەدەن، تەنانەت عێراقیش کەئەوان بە پاڵەوانی عەرەب و ئیسلامی دادەنێن ئەگەر ئیسرائیل ئاوڕیان لێبداتەوە ئەوا بێشك لەخۆشیاندا قوڕ دەخۆن، کوردەکان لەسەر خاکی باوك و باپیرانی خۆیانن نایانەوێ لەسەر خاکی گەلێکی تر دەوڵەتیان بۆ دروست بکرێت لەخاکی خۆمانەوە بەکردەوە بەرگری مان لەماف فەلەستینیەکان کردووە، کەچی ئەوانیش لەپاداشتی ئەم کارە ناجوامێری خۆیان پیشاندا لەپاش راپەرین پشتی رژێمی بەغدایان گرت و کەوتنە گیانی خەڵکی بە شەرەف عێراق و کوردستان، ئەمڕۆش خەریکن پیلانێکی تر جێبەجێ دەکەن لەجیاتی قودسی دۆڕاویان، دەیانەوێ کەرکوکی خۆشەویستمان داگیر بکەن، دیارە خەیاڵیان خاوە، رۆژی ئازادی هەندەی نەماوە.

گۆڤاری تیمپۆسی سویدی دەنووسی:- پاش رزگارکردنی کوێت ئەمریکا وای حساب کردبوو کە بە کودەتایەك، کارەکەیان مەیسەر دەبێت بەلام یەکێك لەگەورە پیاوانی دەوڵەت (جۆرج بۆش)ی ئاگادار کردەوە کە ئەمە کارێکی ئاستەنگە بەلام خانووی سپی باوەڕی وابوو

کەدەتوانێ کۆتایی بە رژێمی عێراق بهێنێ، لەمانگی گوڵاندا یا درەنگتر لەخەرماناندا، بەڵام سەددام حوسێن لەمانگی جۆزەردانەدا توانی سەد ئەفسەرو پاسەوانەکانی بگرێت کەبەتەمای کودەتا بوون بەمەش گرنگترین پاڵ پشتی (CIA) کۆتایی پێهات لەلایەك بەکەشف بوونی پیلانی ئەمریکا، لەلایەکی ترەوە وابلاوکرایەوە کە ئێران لەرێگای فاوەوە لەشکر بەرەو عێراق دەنێرێ، لۆمۆندی فەرەنسی بەوێنەی کاریکاتێرەوە ئەم هەواڵەی بلاوکردەوە ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر ئەوروپیەکان بەجێهێشت، بۆیە دەبینین کەگۆڕان بەسەر هەڵوێستیاندا هات. لە ١٩٩١/٣/٤ وەزیری بەرگری فەرەنسا (رۆلان دۆما) لەگفتوگۆیەکی ئێزگەی ئەوروپا ووتی :- فەرەنسا هیچ مەبەستی لەگۆڕینی رژێم نییەو بەشداری لەدوورخستنەوەی سەددام حسێن لەدەسەلات ناکات. لە١٩٩١/٣/٥دا (جۆرج بۆش) ووتی:- ئێمە دەست ناخەینە ناوکاروباری ناوخۆی عێراقەوە، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (دۆگلاس هێرد) ووتی: دیاریکردنی فەرمانڕەوایی عێراق کاری هاوپەیمانان نییە،

هەرچەندە لە (٣/٦)دا ریتشارد باوتشیز، زمان حاڵی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بلاوکردەوە کەهیچ بەڵگەیەك نییە کە ئیران لەپشت ئاژاوە بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا لەرێگای بارزان تکریتییەوە عێراق ئاگادارکراوە، کەدەتوانێ فرۆکەی کوژەر بەکاربهێنێ (وەفیق سامەڕائی) سەرۆکی موخابەراتی عێراقی لە١٩٩٦/٣/١٢دا لە (نداء الرافدين) بلاوکردەوە لەکاتی ڕاپەرین بەهۆی گوێگرتن لەتۆڕی لاسلکی بەشی ناصریەوە، ڕاپەڕیوەکان داوایان لەهاوپەیمانان کردووەکە بەهەر شێوەیەك بێت یارمەتیان بدەن، وەلامیان داونەتەوە کەیارمەتی کۆمەڵەی سەید واتە

(خوئی سەرۆکی شیعەکانی نەجەف) نادەین، جارێکی تر بەناوی شۆڕشگێڕەوە چوون، دیسانەوە پێیان وتوون ئێمە یارمەتی شیعەی نادەین و ئێوە شیعەن، بەم جۆرە بە ئاگرو ئاسن کەوتنە گیانی خەڵك، (وەفیق سامەڕائی) دەڵێ:- لەشاری کەربەلا بڵاوکراوەمان پەخش کرد کە ئەگەر شار بەجێ نەهێڵن ئەوا بەچەکی کیمیاوی لێیان دەدرێ بەهەر حاڵ توانیان ڕاپەڕینی خواروو و سەرووی عێراق دابمرکێننەوە، کاتێ ڕاپەڕینی خەڵکی عێراق یان نقوومی خوێن کرد، زیاتر لە ملیۆنێك کورد بۆ چیاکانی ئێران و تورکیا ڕایان کرد، نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نێو نەتەوەییەوە، بڕیاری (٦٨٨) یان دەرکرد، کە عێراق بەخێرایی دەست لەدانیشتوانی مەدەنی هەڵبگرێ. لە (١٦)ی نیسان (جۆرج بۆش) ڕایگەیاند کەناوچەیەکی پارێزراو لەنزیك سنوری تورکیا بۆ کوردەکان چێ دەکات، داوای لەهێزی سەربازی عێراق کرد کە(٢٥)میل لەخوارووی سنوری تورکیا چۆل بکات و هێڵی (٣٦) لەفڕۆکەکانی عێراق قەدەغە کرا.

بۆچی ڕا پەڕین لەناو چوو:-

١- سەرکردەی بزوتنەوەکە لەخوارووی عێراق ، سەرکردەیەکی شیعە بوو کە هیچ ئەزموونێکی سیاسی نەبوو، زۆر زانیاری خراپ لەلایەن ڕژێمەوە بەناوی سەید (خوئی)یەوە بڵاودەکرانەوە، لە١٩٩١/٣/٥دا سەید (خوئی) داوای لە شۆڕشگێڕەکان کرد کە پەیڕەوی شەریعەتی ئیسلام بکەن (تەها جەزراوی) لەنەجەف لەگەڵ هەوادارەکانی لەناوی بردن هەروەها سەید (عبدالله علی السبزاوی) لە ٣/٣دا جیهادی ڕاگەیاند ئەویش نەیتوانی شتێ بکات.

٢- لەنێوان خوارووو و باکووردا هیچ یەکخستنێك نەبوو، ئەمەش یارمەتی سەددامی دا کە بە ئاسانی بەسەریاندا زاڵ بێ.

٣- شۆڕشگێڕەکان لە شارەکان مانەوە، هەڵەیەکی گەورەیان کرد بەرەو بەغدا نەچوون، چونکە بە گرتنی بەغدا هەموو شتێ کۆتایی دەهات.

٤- لەکوردستاندا نەتوانرا سوود لە ١٠٠ هەزار سەرباز وەربگرێت، بۆ هەڵگرتنەوەی مین، بەکارهێنانیان بۆ چەکە قورسەکان، بەم جۆرە چ لەکوردستان چ لە باشوور سەربازەکانیان بەڕەڵاکردن بێ ئەوەی لەو هێزە سوود وەربگرن.

٥- کوردەکان کاتێك کەرکوکیان رزگار کرد لەماوەی دوو هەفتەدا نەیانتوانی شوێن پێی خۆیان قایم بکەن و ئەو شوێنانەی ئازادیان نەکردبوون ئازادی بکەن، رۆژنامە نووسێکی فەرەنسی نووسی بووی کوردەکان لەجیاتی سەربازگەکان بەتەواوی رزگار بکەن خەریکی کاری لابەلابوون.

کۆمۆنیزم بەرەو کوێ

هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١دا، دیاردەیەکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکو هەر لەساڵی ١٩٧١دا، (هێلین کاریدانکۆسل) لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا (ئیمپراتۆریەتی تەقێنراو)دا پێش بینی کردبوو، هەروەها (ئەندریە سینافسکی) نووسەری ناوداری روس هەمان بۆچوونی هەبوو، بەر لەڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت بەسێ ساڵ ووتبوی لەمێژوودا ئیمپراتۆریەتێکی نەمر نیيە، زوو یاخود درەنگ ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی ئاش بەتاڵی لێدەکات، کەچی (دانیاڵ یۆرگان و سان گوستافسۆن) دەڵێن لەمێژوودا ڕووداوی گەورە ڕوودەدات، کەچاوەڕوان نەکراوبێت، وەك دیاردەی کتوپڕی تێکشانی یەکێتی سۆڤیەت، سەرۆکی وەزیرانی پێشووی بەریتانیا (ئەنتون ئەیدن) لەکتێبەکەیدا کەباسی تاقیکردنەوەی سیاسی خۆی دەکات و دەڵێ:- لەسەدەی بیستەمەمدا گەلان لە چارەسەرکردنی قەیرانی وڵاتەکەیاندا سەرکەوتن وە دەست ناهێنن، پاشان دەڵێ:- شتێکی موستەحیلە کەلەمێژوودا بخوێنینەوە کە نەگەینە ئەو ڕایەی کەهەردەم دەستەیەك بڕیار دەردەکەن و بڕیاری تاقە هەنگاوی دواکەوتوو، کەهەنگاوی کوشندەیە. مانای وایە کە ڕووداوی گەورە بەرەو ڕووی پرسیارەکانمان دەبنەوە.

دیاردەی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت گەڵێ هۆی دەرەکی و ناوەکی هەیە، لەمانە:-

هۆی دەرەکی :-

ئیمپریالیزم و ولاتانی سەرمایەداری نزیکەی حەفتا ساڵە لەکنەکردن دان بۆتێك دانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەم مەبەستەش (حەیاتی لەندەنی) ئیعتراف سیناتۆرێکی ئەمریکی بلاوکردبوۆوە، کەتێیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات، نەخشەو پیلانەکانی ئەمریکا سەری گرت، ئەویش بەلەخشتە بردنی (گۆرباتشۆف) کاتێ لەئەمریکادا سەفیری سۆڤیەت بوو.

گۆرباتشۆف لەکتێبەکەیدا پێریسترۆیکا دەڵێت:- پێرسترۆیکا ئارەزووی تاکە کەسیو کۆمەڵە کەسایەتیەك نیە، تەنانەت حیزب بوو کۆنگرەی حیزبیش ناتوانێ خەڵك بورژێنێ بۆ ئەم بزوتنەوەیە، بەڵکو لە قولایی پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵی ئیشتراکی سەری دەرهێناوە، دیارە قسەکەی دوورە لە مەنتیق چونکە کۆمەڵی ئیشتراکی ئەگەر پێشبکەوێت ئەوا بەرەو کۆمۆنیزم دەچێتو بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە موڵکایەتی تایبەتی قەت لە موڵکایەتی گشتی باشتر نەبووە، کەچی گۆرباتشۆف دەڵێت: موڵکایەتی تایبەتی سوودێکی کۆمەلایەتی هەیە لەجیهانداو موڵکایەتی دەوڵەت لای ئێمە ولاتی بەرەو تەنگژەو گیروگرفت بردووە.

هۆی ناوەکی :-

١- دواکەوتنی شۆڕشی زانستی تەکنەلۆژیا لەبەشە جیاجیاکانی ئابووریدا، بەتایبەتی لە ڕووی کوشتوکاڵییەوە تەنیا لەڕووی سەربازییەوە نەبێ کەهێزێکی مەزنو بەتوانابوو کە بتوانێ بەربەرەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات.

٢- سەندیکا دوور بوو لەوەی هۆیەك بێت بەدەست دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە، بەڵکو ئامرازی دەستی دیکتاتۆریەتی برجوازی دەوڵەت بوو، دەوڵەتی گەل پێکهێنرا، ئەمیش بەشێوەیەکی بیرۆکراتی کارەکانی ئەنجام دەدا و کۆمەڵگای بێ چینایەتی دواخرا بۆکاتێکی تر.

٣- لەمەیدانی ماف مرۆڤدا، هەر مەپرسە چۆن ئازادی بیروڕا پێشێل دەکرا.

بوونی ژمارەیەکی زۆری گرتوخانە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە گیروگرفتی قووڵی کۆمەڵایەتی هەبووە، هەرچەندە گرتووەکانیش گرتووی سیاسی بەرهەڵستکار نەبوونە، بەڵکو گرتووی گشتی بوونە هەندێکیان بەهۆی قسەو نووسینەوە بووە، بۆ نموونە (ئۆنیا تۆشنیکایا) حەوت ساڵ حکوم درا، پێنج ساڵی تریش دوورخرایەوە بەتاوانی ئەوەی چەند شیعرێکی نووسیبوو، پەردەی لەسەر کارە ناڕەواکانی رژێمی سۆڤیەتی لاداوە.

(باسترناك) بەهۆی نووسینی رۆمانی (دکتۆر ژیڤاگۆ)دا لەیەکێتی نووسەرانی سۆڤیەت دەرکرا، ناوی نووسەری سۆڤیەتیان لێ سەندەوە، ئینجا راپۆرتێکی پولیسیانەشیان بۆ لیژنەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی نووسی لە راپۆرتەکەیدا نووسیبویان هاونیشتمانیی سۆڤیەتی لە (باسترناك)ی خائین وەربگرنەوە چونکە ئەو گەل و نیشتمانەکەی فرۆشتووە، یەکێتی لاوانی کۆمۆنیستیش نامەیەکی بۆ لیژنەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیست نووسی، داوای دوورخستنەوەی باسترناکی دەکرد، باسترناکیش نامەیەکی بۆ خرۆشۆف هەنارد لەنامەکەیدا نووسیبووی:- (دوورخستنەوە بۆ من وەك مردن وایە، داواکارم چارەنووسی وام تووش نەبێت) هەر چۆنێك

بــوو دوور نەخرایــەوە. ئەمـــەش دوا ئــەوتوویی بــیری حیزبایــەتی دەگەیەنیّ. پاش پیرسترۆیکاو کلاسنۆست ئایا روسیا توانی بازاڕی ئازادو دیموکراتیـەت و دەوڵـەتی نەتـەوەیی نـویّ ئـەنجام بـدات، ئەمـە پرسـیاریّکە و وەڵام دانـەوەی شـتیّکی ئاسـان نیـیـە، جـاریّ لـەڕووی ئابووریەوە شتیّکی موستەحیلە کە ببیّتە وڵاتی سـەرمایەداری چونکە سـەرمایەداری بـەرۆژو سـالّ دروسـت نابیّت، هـەروەها سـەرمایەداری قوربانیەکی زۆری داوە، تاگەیشتۆتە ئەو ئاستەو روسیا ئەم توانایـەی نی یە.

لەســاڵی ١٩٨٦دا گۆرباتشــیۆف ڕازی بــوو بــەوەی کــەواز لــە ئـەوروپای رۆژهـەلآت بهـیّنیّ و لەگـەڵ ئـەلّمانیادا ڕیّکـەوت بەرامبـەر بـەوەی ئـەلّمانیا قـەرزیّکی بـەنرخی سـیّ ملیـار دۆلاری بـداتیّ پاشـان دوانزە ملیار مارك بۆ ئـەوەی خانووبـەرە بۆسـەربازە گـەڕاوەکان بکـات، لـەکۆتایی ١٩٩٠دا کۆمـەڵی ئـەوروپی بەرنامەیـەکیان خسـتە ڕوو بـۆ هاریکاری کاری ئابووری و خواردەمـەنی مرۆڤایـەتی و دروسـت کردنـی بانکی ئەوروپی، تەنانەت ئەمریکا بایی یـەك ملیـار دۆلار کەلوپـەلی بـۆ رووسیا نارد، هەموو ئەم شتانە دلّۆپیّك بوون لەدەریایەکدا، بەتایبەتی پاش هەرەس هیّنانی گۆرباتشیۆف لەساڵی ١٩٩١داو دەسـەلآت کەوتـە دەســت (یلتســن). لەســاڵی ١٩٩٢دا حـەوت وڵاتــە ســەرمایەداری‌کان ڕایانگەیانـد کەپالّپشـتی رووسـیا دەگـرن بـە مقـداری (٢٤) ملیـار دۆلار دوایــی بینیــان ڕوســیا پیّویســتی بــە (٤٣)ملیــار دۆلار هەیــە، پــاش سالّیّکی تـر بە (٨٠) ملیـار دۆلار ئـەوروپای رۆژئـاوا لـەتوانای دانـەبوو کــەمیری و پـەرلـەمان ڕازی بکـات لــەزیاتر پالّپشــتی کردنــی ڕوسـیا بەتایبــەتی خۆشــیان بــەرەنگاری قــەیرانی ئــابوری بوونەتـــەوەو بیّکارییــەکی گــەلیّ زۆریــان هەیــە، ئەمانــە بوونــە هــۆی ئــەوەی

کەدەستبەرداری ڕوسیابن.. دابەزینی بەرهەمی پیشەسازی لە ساڵی ١٩٨٩دا بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر بۆ نموونە لەکۆماری تشینیا ٣٨٪ بۆلونیا ٢٦٪ سیلۆفاکیا ٢٦٪ ئەمەش بووە هۆی بێکارییەکی زۆر، دەزگاکانی ئابووری قەرزێکی زۆریان لەسەرە، بۆیە نەیان توانی بایەخ بەنوێکاری بدەن، ناردنە دەرەوەی بەرهەمی پیشەسازی بەرەو خراپی دەچوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەبەرهەمێکی زۆر کۆبێتەوە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، دەرگا لەدەرەوە کردنەوە بووە هۆی ئەوەی کەپارەیەکی زۆر بچێتە دەرەوە وەك لە پۆڵەندا ڕوویدا، تێکچوونی بازاڕی هاوبەش لەوڵاتە ئیشتراکیەکانی پێشوو کارێکی خراپی کردە سەر ئابووری وڵاتە سۆشیالیستەکان، جاران بە نرخێکی هەرزان گازیان لە یەکێتی سۆڤیەت دەکڕی ئەمڕۆ بە نرخێکی جیهانی لە رووسیای دەکڕن، نرخەکەشی بە دۆلارە نەك بە گۆڕینەوەی کەلوپەل کەجاران ئەنجامیان دەدا، ئەوروپای ڕۆژئاوا دوو دڵن لەوەی کەبازرگانی لەگەڵ ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا بکەن، چونکە دەترسن کەبەرهەمی هەرزانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لەوڵاتەکەیاندا بێکاری زیاد بکات ئەوە لەلایەك لەلایەکی ترەوە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات دا ڕژێمێکی تەشریعی تایبەتی نییە بەتایبەتی لەڕووی زەریبەو موڵکایەتی تایبەتەوە، هەروەها ئیدارەیەکی کارامەو نوێیان نییە.

بەرهەمی نەتەوەیی روسیا لەساڵی ١٩٩٠دا نزیکەی ٤٠٪ی هاتۆتە خوارەوە، لەهەمان کاتدا شەڕێکی بەرفراوان هەیە لەپێناوی دەست بەسەر داگرتنی دەسەڵات لەلایەك،لەلایەکی ترەوە دەست بەسەر داگرتنی موڵکایەتی شەڕێکە هەموو تێیدا بەشداری دەکەن، لەپێناوی سەردەمی پێشوو بەتایبەت جودا خوازەکان، ئەوانەی گەڕاونەتەوە، پیاوانی سیخوڕی پێشوو، گەورە پیاوانی میری، تەنانەت

جەنەڕاڵـەکانیش ئـەمڕۆ هـەوڵی مـۆرکردنی ڕێککەوتننامـە لەگـەڵ ئـەمریکاو شـەریکاتی رۆژئـاوا دەدەن. تێکـڕا هەڵئاوسـان لەسـاڵی ١٩٩٢دا ((١٠٠٪)بوو. لەساڵی ١٩٩٤دا ژمارەیەکی قیاسی جیهانی بوو لـە ٢٥٪ . بـەجۆرێك رۆبـل دابـەزیوە کـەڕاتبی فەرمانبـەرێك (١٦٠٠٠) رۆبڵە دەتوانیٚ سیٚ کیلۆگرام گۆشتی مەڕی پیٚ بکڕیٚ.

لـەڕووی سـەربازییەوە، دوا رۆژی سـەربازی ڕووسـی نادیـارە، بەتایبـەتی لەشەڕی چیچانەکاندا دەرکـەوت کـە سـەرکردەکانیان ڕاڕان لەشەڕەکەدا بەهەزارەها ئەفسەرو سەرباز و خێزانەکانیان لە ئەورووپای رۆژهـەلاٌت گەڕاونەتـەوە کـەژمارەیان (١٥٠)هـەزار دەبێـت بـیٚ شـوێنن، چاوەنواڕی ئەو پیلانـە دەکـەن کـە ڕوسیا لەگـەڵ ئـەڵمانیای رۆژئاوادا مـۆری کردبـوو، کەلـەکاتی گەڕانەوەیانـدا خانووبـەرەیان بـۆ جێبـەجیٚ بکـات، لـەڕووی چـەکەوە نزیکـەی سـیٚ هـەزار چەکی نـەوەوی لەگـەڵ عـەمبارێکی پـڕ لەچـەکی کیمیـاوی هەیـە، لەگـەڵ چـەند هـەزار چـەکی نەوەوی لە ئۆکرانیاو کازاخستان دا.

جـالێرەدا پرسـیاریٚ سـەرهەڵدەدا ئایـا چـی ڕوودەدات ئەگـەر کاروبـاری ڕوسـیا بـەرەو خـراپترو لاوازتـر بـڕوات، ئایـا سیسـتەمی چاودێری کردنی ئەم عەمبارانە بەشێوەیەکی وورد بەڕێوە دەچیٚ، ئایا ڕوسـیا نیـازی نابێـت بەهەنـدیٚ ولاٌتـی رۆژهـەلاٌتی ناوەڕاسـت چـەکی نەوەوی بفرۆشیٚ، ئایا ئەورووپای رۆژئاوا لەگـەڵ ئـەو هـەموو قەیرانـەی کەبـەرەو ڕووی بۆتـەوە چـی تـر دەتـوانن یارمـەتی ڕوسـیا بـدەن تـاکو بەرەو دیموکراتیەتو بازاڕی ئازادی بەرن؟ ئەمانە هەمووی پێش بینی دەکرێت.

گـەورەترین پرۆسـەی فەسـادو موخـەددەرات ئـەنجام دەدرێـت، بلاٌوبوونەوەی دیاردەی مافیا کە یلتسن بەچوارهەزار گرووپی ناودەبات

نزیکەی سێ سەدو سی دزیو تالآن کردن لەمانگێکدا ئەنجام دەدرێت.

جوانی سروشت پشتگوێ خراوە، ئەمڕۆ شتێکی ئاسان نییە بایەخ بەم لایەنە بدرێت، چونکە لەڕووی تەکنیکیو داراییەوە کۆمەڵێ ئاستەنگیان بۆ دروست دەکات بەم شێوەیە دوای حەفتا ساڵی ڕوخانی ئابووری، ئابورییەکی باشتر جێی نەگرتۆتەوە، کەزۆربەی خەڵکی سودی لێ وەربگرن ئەنجامەکەشی شەڕو ئاژاوە چێ دەبێت، بەهەزارەها بەرەو رۆژهەلآت و ولآتانی ئەورووپای رۆژئاوا کۆچ دەکەن بەمەش ئاسایشی ناوچەکە دەکەوێتە مەترسییەوە.

ئەنجامەکەی:-

هەرەسهێنانی سۆشیالیزم و بیروباوەڕی مارکسی- لینینی لە بیرۆکراتیەتو پەرستنی دەق لەسەر حسابی ژیان بوو ئەگینا مارکسیەت، فەلسەفەیەکی زانستییە، پێش دەکەوێت لەگەڵ پێش کەوتنی زانستو زانیارییو تەکنۆلۆژیا، بیروباوەڕێکی وشک نییە، نابێ دەقی مارکسی لە ئێستاو داهاتوودا وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت بەڵکو دەبێت گۆڕانو لابردنی لەسەر پەیڕەو بکرێت، بۆیە بەهەڵە دەچن ئەو کەسانەی وابزانن کەمارکسیەت هەرەسی هێناوە، گارۆدی لەکتێبەکەیدا بەناوی (کورتە مێژوویەکی سۆڤیەتی) هێرشێکی توند دەکاتە سەر یلتسنو گۆرباتشۆف بەخائن و خۆفرۆشی سەرمایەدارییان لەقەڵەم دەداتو دەڵێت:- ئەوەی ڕوویدا لەسۆڤیەت شکستی مارکسیەت نەبوو، بەڵکو کاریکاتۆری مارکسیەت نوشوستی هێنا، چونکە گۆرباتشۆفو خرۆشۆف مارکسیەتیان جێبەجێ نەکرد، بەڵکو گۆڕیان بۆ سۆشیالیزم هەڵکەند، گرنگی مارکسیەت تەنیا لە فەلسەفەکەی بەدیار ناکەوێت، بەڵکو لایەنی تر دەگرێتەوە وەکو

پرۆگرامێك بۆ لێكۆڵینەوەی سوسیۆلۆجی و مێژوویی ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە بایەخدان بە بیری مارکسی تەنیا لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام نادرێ کە هەڵگری بیرەکەن، بەڵکو زاناو رۆشنبیری تریش بەخۆوە دەگرێت کە سەردەمێ پەیوەندیان بەبیری بورجوازییەوە هەبووە، یاخود هەواداری مارکسیەتن، یان ئەو کەسانەی گیانێکی رووناك وەبەر فەلسەفەی مارکسی- لینینی دەنێن بەمەش ڕەگ و ریشەی دەچەسپێ و دەبێتە بیرێکی نەمرو ڕەسەنی دوارۆژی گەش و زیندوو. ئەم زانایانە پەیڕەوی ئەوە ناکەن مارکس چی ووتووە یاخود چی نووسیوە بەڵکو خۆیان بەبیری ڕەسەنی مارکسیەت دەبەستنەوە بەتایبەتی مادییەی مێژوویی و چینایەتی و چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ لێتۆژینەوەی سیستەمی سەرمایەداری. لەکتێبی روسیا دوای (٢٠١٠)دا دوو سیناریۆی دەستنیشان کردووە بۆ دوا رۆژی کۆمۆنیزم. سیناریۆی یەکەم دوو باڵی هەیە، لەلایەنی یەکەم ئاژاوەو گێرمەو کێشە روو لەزیاد بوون دەکەن، بەرامبەر بەمەش لەوانەیە ڕێککەوتن لەنێوان کۆمۆنیستەکان و هێزی سەربازی پێك بێت باڵی دووەم لەوانەیە دیکتاتۆریەکی نوێ بێتە کایەوە. سیناریۆی دووەم دەڵێت:- ڕوسیا کەرەسەیەکی ئابووری زۆری هەیە لەگەڵ چینێکی تەکنیکی و فەنی بەتوانا، لەبەر ئەوە باوەڕ ناکرێت بەرەو دیکتاتۆریەت بڕوات، بەڵکو روسیا بەرەو سەرمایەداری لەسەر ڕێگای ڕووسی دەڕوات، کەسیستەمێکی بازاڕی هاوبەش لەڕژێمی کۆن و ڕژێمی بازاڕی رۆژئاوا لەگەڵ ڕژێمێکی فرە حیزبی لە کۆمۆنیزم و لیبرالیەکان لەژێر سایەی سۆشیالیستی پێك دەهێنن. کەلەپووری کۆمۆنیزم و یەکێتی سۆڤیەت کەلەپورێکی بەهێزە هەرچەندە چواردە کۆماری تر سەربەخۆییان وەرگرتووە، لەگەڵ

ئەوەشدا، پەیوەندییەکی رۆشنبیری و ئابوورییان لەگەل ڕوسیادا هەیە. بۆیەمەزندە دەکرێت کەجارێکی تر روسیا وەك زلهێزێك بێتە مەیدانەوە.

لەرۆژی ٢٦ی حوزیراندا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی روسیا ئەنجام دەدرێت یەکەم کاندیدات (بۆریس یلتسن)ە کاندیداتی دووەم (زیگانۆڤ)ە بۆریس یلتسن لەلایەن ئەمریکاو فەرەنساو بەریتانیاو ئەڵمانیا پشتگیریو هاریکاری دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەری سندوقی نێودەوڵەتی (میشال کامدیسو) ڕایگەیاند کە ئەم ڕێکخراوە ئامادەیە (٩)ملیار دۆلار بەقەرز بە ڕوسیا بدات ئەگەر بۆریس یلتسن زۆرینەی دەنگی وە دەست هێنا، ئەگینا ئەوا چاو بەبڕیارەکە دەخشێندرێتەوە، کاندیداتی دووەم کەسکرتێری حیزبی شیوعی یە(گینادی زیگانۆف)ە، لەکۆنگرەی حیزبەکەیدا رایگەیاند ئەگەر سەرکەوتنی وەدەست هێنا لەم هەڵبژاردنەدا ئەوا حکومەتێکی ئیتلاف پێکدەهێنێت بۆ ئەم مەبەستەش حیزبی جووتیاران، سەرکردەی نەتەوەیی توندڕەوەکان فلادمیر جیرنۆفیسکیو کۆمۆنیستە توندرەوەکان، ریفۆرم سازی ئۆپۆزیسۆنی (کریگۆری ئیفلینسکی)، ژەنەڕاڵی نەتەوەیی ئەسکەندەر لێبدو پشتیوانی لێدەکەن، دیارە حیزبی کۆمۆنیست هیوای سەرکەوتنی گەلێ زۆرە، چونکە بارەکە لەبەرژەوەندی کۆمۆنیستەکانە، خراپ بوونی باری ئابووری لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئەوبارە نائاساییەی کە (بۆریس یلتسن) بەسەر روسیای سەپاندووە، لەجیاتی دیموکراتی کوشتنو بڕینو تۆقاندنی پەیرەوکردووە، بەتایبەتی وەزیری بەرگری (پاڤیل گراتچۆڤ)و دامودەزگاکەی دەستێکی خراپیان هەبوو لە بۆردومان کردنی پەرلەمانو هێرش کردنە سەر چیچانیەکان، بۆیە زۆربەی

خەڵکی لە بۆریس یلتسن و وڵاتە غەربییەکان بێ هیواو بێ زارن و بەهەموو شێوەیەك پشتگیری زیگانۆڤ دەکەن (زیگانۆف) پێش هەموو شتێك بیر لەچاك کردنی باری ئابووری کردۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمۆنیستەکان هەوڵدەدەن.

- دامودەزگاو پرۆژەو کارگە گەورەکان خۆماڵی بکرێنەوە و ببنەوە موڵکی دەوڵەت.

- هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارو بەڵگەنامانەی کەلە ساڵی ١٩٩٠دا سەبارەت بەدەستووری وڵات گۆڕانکاری بەسەردا بکرێت.

- سەرکردەی دەوڵەت لابرێت.

- ئەنجومەنی سۆڤیتات بگەڕێنرێتەوە.

- بازرگانی و بانکەکان بکرێنەوە، بە موڵکی گەل.

- ئەو بارە گرژی و نائارامیەی کەلەهەندێ وڵاتی جیران کەتاکو دوێنێ بەشێك بوون لە سۆڤیەت بەتایبەتی بالتیکان وا لە ڕوسیا دەکات کە ڕاڕابێت و لەگەڵیدا بکەوێتە زۆرانبازی و دەسەڵاتی خۆی جارێکی تر بەسەریان بسەپێنێتەوە.

- لەدەست دانی ناسنامەو ڕێزی جارانی و دابەزینی ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵك بارێکی دەروونی وای خولقاندووە کەتەنانەت نەتەوە پەرستەکانیش بیربکەنەوە بۆ ئەوەی هەیبەتی جارانیان بگەڕێتەوە.

سەرچاوەکان

1- Daniel Yergin and Thanc gustafson: Russia 2010, 1995.

2- Bernard feron: la Rrssie- Espoirs et Dangers, Paris, 1995.

3- Roger Garudy: Souviers- toi breve Histoire de Lunion sovitique, 1995.

٤- مجلة الطريق، العدد (٣) بيروت، ١٩٩٦.

٥- مجلة الطريق، العدد (٤)، بيروت، ١٩٩٦.

بەربەرەکان

گەلی ڕەسەنی باکووری ئەفریقان

پێشەکی:-

ئەم باسەمان کەلەسەر (بەربەرەکان)ە، بۆ کۆتایی سالآنی نەوەتەکان دەگەڕێتەوە، کەئەوکات باسکاری خوێندنی بالآبووم لەزانکۆی پاریسدا، لەبەشی ناوخۆدا بەربەرەکانم ناسی، بەهۆی هاوڕێ سەعیدی بەربەرەوە کەئەویش خەریکی خوێندنی بالآبوو، زانیارییەکی باشم لەسەر بەربەرەکان لەلا گەلآڵەبوو، جگە لەبلآوکراوەی بەربەرەکان کەبەزمانی فەڕەنسی بۆی دەهێنام، هەر ئەوکات لەو خەیاڵەدابووم کە هەلێکم بۆ هەڵکەوێ شتێ دەربارەی هاوڕێکانم بنووسم، بەهیوام توانیبێتم شتێ لەسەر کەلەپوورو خەباتی ئەم گەلە بخەمە ڕوو، دیارە بەربەرەکان لە پاریس دوو شەپۆڵ بوون، لەگەڵ هەردوو شەپۆلیشدا ئاشنایەتیم هەبوو، شەپۆلی فرانکۆفۆنی کەدەسکەوتنی باش بەدەست دەهێنا، شەپۆلی دووەم کە ڕێبازێکی ئاینی هەبوو، بەداخەوە ئەم شەپۆلە هەستی نەتەوایەتییان زۆر بێ هێزبوو لایەنی ئاینی بەسەریدا زاڵ بوو.

ئەمڕۆ نزیکەی (٢٣٠) دووسەدو سی کەمە نەتەوەیی لەجیهاندا بوونیان هەیە، ژمارەی کەمەنەتەوەییەکان لەئەورووپای رۆژئاوا و یابان دەگاتە (٢٤) کەمە نەتەوەیی و ژمارەی دانیشتووانیان نزیکەی (٣٨)ملیۆنە، لەئەورووپای رۆژهەلآت و روسیا (٣٢) کەمە نەتەوەیی

هەنـە، ژمـارەی دانیشـتوانیان دەگاتـە (١٥٣) ملیـۆن، لەئاسـیای (٤٣) کەمـە نەتـەوەیی هەنـەو ژمـارەی دانیشـتوانیان دەگاتـە (٢٣٧)ملیـۆن، لەئـــەفریقاو رۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـت (٣١)کەمـــە نەتـــەوەیی هەنـــە، دانیشتوانیان نزیکەی (١١٨) ملیۆنـە لـە ئـەمریکای لاتینی (٢٩) کەمـە نەتەوەیی بوونیان هەیە، ژمارەی دانیشتوانیان دەگاتـە (٤٩) ملیـۆن لـە ئـەفریقاو خـواروی بیابـان، نزیکـەی (٧٤) کەمـە نەتـەوەیی هەنـە، دانیشتوانیان (٢٣٠) ملیۆن دەبن[١].

لەرۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـتدا، کـــوردو فەلەســـتینیەکان لەخـــەباتی بـــەردەوام دان لـــەپێناوی مافەڕەواکانیانـــدا، لەســـەرووی ئـــەفریقاش بەربەرەکان رێگایەکی ترسناکیان گرتۆتەبەر، قەبیلەکان، (بەربـەرەکان) دانیشـتووی بنچـینەیی سـەرووی ئـەفریقان (لەناوەراسـتی سـەدەی حەڤدەهەمەوە شـەپۆلێکی عـەرەب بۆناوچـەکە کۆچیان کـرد، کـەلتوری ئـاینی ئیسـلامیان لەگـەڵ خۆیانـدا هێنـابوو، بەربـەرەکان پارێزگـاری خووڕەوشـت و سـیمای تایبـەتی سـەرووی ئـەفریقایان کـرد، ژیـانی لادێیـان هـەروەکو خـۆی مایـەوە هـیچ گـۆڕانی بەسـەردا نـەهات، بـەڵام ژیانی شارییان، بەقولی کاریگەری پێوە دیاربوو[٢].

بەم جۆرە زمانو یاسای عەشایەریو ئەدەبی فۆلکلۆرییان بـەهۆی دابونـــەریتی عەرەبـــەوە وەرچـــەرخانی بـــەخۆوە بـــینی، بەربـــەرە گوندنشـینەکان دانیـان بـە حکومـەتی ناوەنـدی نـەناو ڕەتـی ئـەوەیان کردەوە، کەباج و سەرانە بەمیری بدەن.

کاتێ فەرەنسا لەساڵی ١٨٣٩دا جەزائیری داگیرکـرد، دانـی بـەوەنا کەجیاوازی بەرچاو ودیار لەنێوان عەرەبەکانو بەربەرەکانـدا دەبینـرێن بۆئەوەش دوو سیسـتەمی جوداوازی بـەڕێوەبردنی پـەیڕەوکرد، هـانی دەربڕینی کـەلتورو زمـانی بەربەریـداو، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کە

گەلێ لەبەربەرەکان بۆکار پەیداکردن بەرەو فەرەنسا بچن، بەشێکی گەورەی بەربەرەکان لەمەغریب دەژین، نزیکەی شەش ملیۆن دەبن، بەڕێژەی ٤٠٪ی مەغریبین، ژمارەی دانیشتوانی مەغریب (٢٠)ملیۆنە، فەرەنسا زۆر بایەخی بەزمان و ڕۆشنبیری بەربەردا، پاش سەربەخۆیی بوونی مەغریب، بەشێك لەبەربەرەکان کران بە پۆلیس و سەرباز، بەشێکی زۆری لەحکومەتی ناوەندی دوورکەوتنەوە، دانیشتوانی جەزائیر (٢٤)ملیۆنە، نزیکەی (٥ – ٦) ملیۆنی بەربەرەکە ڕێژەی ٢٥٪دەبێ. کاتێ جەزائیر لەلایەن فەرەنسیەکانەوە داگیرکرا، فەرەنسیەکان زیاد لەپێویست گرنگیان بەزمان و ڕۆشنبیری بەربەردا، بەڵام پاش سەربەخۆیی جەزائیر لە ١٩٦٢دا، بەتەنیا هەر زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی جەزائیر بوو.

محمد مختار العریاوی لەکتێبەکەیدا ((في مواجهة النزعة البربرية وأخطارها الانقسامية)). ڕوونی دەکاتەوە کەڕیشەو بنەچەی بەربەرەکان عەرەبەو ووشەی بەربەر ووشەیەکی عەرەبییەو هیچ پەیوەندی بە ووشەی (قارقاراس)ی یۆنانی و ووشەی (بارباردس)ی لاتینییەوە نییە، بەڵکو سروشتێکی بیانی هەیە، پاشان لەقسەکانیدا بەردەوام دەبێ و دەڵێ: نووسین و پیتەکانی بەربەر نموونەیەکن لەنموونەی نووسینی عەرەبی کۆن، خودی بەربەرەکانیش عەرەبی کۆنن، بەقۆناغی جیاجیادا بۆناوچەکە هاتوون[٢] محمد مختار لە لێکۆلینەوەکەیدا پشتی بەهەندێ سەرچاوەی نا زانستی بەستووە، بەمەش دەیەوێ ڕاستیەکان بشێوێنێ واقعی ڕاستەقینەی بەربەرەکان تێکوپێك بدات، لەکۆتایی باسەکەیدا دەڵێ:- ((فەرەنسا پاش داگیرکردنی وڵاتی مەغریب گیانی جوداخوازی تێداچاند، ئەمەش بوو بەهۆی ووروژاندنی گیانی ناتەبایی و تێکدانی وڵات بەتایبەتی

لــەنێوان بەربــەرەکانی فرنکۆفــونی ســەر بەفەڕەنســا و ئــەورووپای ڕۆژئـاوادا،[٤] قسـەکانی لەقسـەی عـەرەبێکی ڕەگـەز پەرسـت دەچـێ هەمان ئەو ڕەگەز پەرستانەمان دێنێتەوە یاد کە دەیان ووت کوردەکان داردەستی ئیمپریالیزمن بۆتێکدانی یەکێتی عێراق هاندراون.

زمان و شیعری بەربەری:-

زمـانی قەبیلـەکان (le kabylie) واتــە بەربــەرەکان تووشــی هەڵچوون و داچوون بووە، زمانەکەیان لەلایەك کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمـانی عــەرەبی، لەلایــەکی تــرەوە کەوتۆتــە ژێــر گاریگــەری زمــانی فەڕەنسـی بەتایبـەتی لـەکاتی داگیرکردنـی سـەرووی ئـەفریقا لەلایـەن فەرەنسیەکانەوە، ئەمـەش بـوو بـەهۆی ئـەوەی کەبەشێك لەبەربـەرەکان گوندەکانی خۆیان بەجێبهێڵن و ڕووبکەنـە شـارەکان، کاریگـەری زمـانی ئەمازیغی بەسەر زمانی عەرەبییەوە شوێنەواری دیارە، هـەروەك زمـانی عەرەبی کاریگەری بەسەر زمانی ئەمازیغیەوەیە.

((دەقـەکانی بەربـەرکۆنن، نەقشـکراون بـۆ سـاتێکی ئێجگـار کـۆن دەگەڕێنــەوە، نــزیکن لــەزمانی هیرۆگلیفــی، بــەڵام پیتــەکانیان نەدۆزراونەتەوە و ڕێك نەخراون، بۆیە گواستنەوەی ئەم دەقانە کـارێکی گەلەك گرانە)))[٥].

جگـە لـەو نەقشـانە هەنـدێ پیـتی تریـان لەنووسینی زمانەکەیانـدا بــەکارهێناوە، هــەروەها دەقیشــیان هەیــە کەبــەپیتی لاتــینی نووســراون،زمانی عەرەبیشــیان بــەکاربردووە. بەربــەرەکان خــاوەن ســامانێکی فۆلکلـۆری فـرە دەوڵەمەنـدن ڕۆڵێکـی گـەورەیان بینیـوە لەزەنگین کردنی ئەدەبی جەزائیریدا. بۆیە (ئیڤی لاکۆست) دەڵێ:-

((ئەگـەر ڕۆشـنبیرییەك لەجـەزائیر هـەبێت، ئـەوا بێشـك ڕۆشـنبیری تەقلیدی بەربەرەکانە))[٦] بەم جۆرە گـەلی جـەزائیری خـاوەنی ئـەدەبێکی

گەلێیە کە بەزمانی بەربەری نووسراوە، زۆر لەرۆژهەڵاتناسە فەرەنسیەکان بایەخیان پێداون و کۆیان کردوونەتەوە وبۆسەر زمانی فەرەنسیان وەرگێڕاون. سی موهاند(si mohand) یەکێکە لەگەورەترین شاعیرانی شەعبی بەربەر، شاعیر لەشیعرەکانیدا واقیعی بەربەرەکان بەخۆشیو ناخۆشی دەخاتە ڕوو، زۆر لایەنی دەروونی بەربەرەکانی خستۆتە پێش چاوان، بابەتەکانی شیعری بەربەری دڵداری، برایەتی، دوورە وولاتی، نیشتمانین...هتد.

((کۆمەڵە شیعرێکی بەربەری بۆسەر زمانی فەرەنسی وەرگێردراون بەناوی (لەچیاو دۆڵەکانەوە) کە هەوڵێکە بۆ ناساندنی شیعری بەربەری بەخوێنەری فەرەنسی زان))[٧] هەروەها کۆمەڵێکی تریش لەشیعری بەربەری لەلایەن (جۆن ئەمرۆش Jean Amrouche)ەوە بۆسەر زمانی فەرەنسی وەرگێردراون))[٨] شیعری بەربەری ئاوێنەی ژیانی پێشوو و هاوچەرخانەیە، شیعرەکە پڕە لەجوانیو سیحرو سۆزو ڕاستی و ڕاستگۆیی. بەزمانێکی ساکارو سادە ژیانێکی رۆژانەیان دەردەبڕی باسی ریالیستی لادیکانیان دەکات کەپڕە لەهەستی مرۆڤایەتی. جگە لەشیعر بەزمانی ئەمازیغی چیرۆکو حیکایەتو پەندو حیکمەتی زۆر نوسراون بەشێکی چیرۆکەکان لەسەرزاری ئاژەڵن. لەناو بەربەرەکاندا گەلێ رۆناکبیرو ئەدیبی ناودار هەڵکەوتوون وەکو کاتب یاسین، محمد ئارکۆن، ئیبن خەلدوون...هتد.

بەش بەحاڵی خۆم ساڵی ١٩٨٧، لەگازینۆیەکی بەربەرەکاندا لەپاریس چاوم بەشاعیرو رۆمانووسی بەربەرەکان کاتب یاسین کەوت دوای گفتوگۆیەکی زۆری ئەدەبی، پشتگیری خۆی بۆ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان دەربڕی.

بەربەرەکان کێن:-

توێژەرەوەکان لەسەر بنەچەی بەربەرو لەهجە جیاجیاکانیەوە بۆ چوونی جودا وازیان هەنە، هەندێکیان دەڵێن بەربەرەکان ئاری لاتینین، ناحەزەکانیان دەڵێن بەربەرەکان عەرەبی قەحطانینو لە ئەلحەمرین نزیکن، پاشان دەڵێن بەربەرەکان زمانیان نییە، بەڵکو خاوەنی چەند دیاڵیکتیکی جۆراوجۆرن، تاکە کتێبێك چییە بەزمانی بەربەری نەنووسراوەتەوە، هەندێکی تر دەڵێن ووشەی بەربەر بنەچەیەکی عەرەبی هەیە، بەربەرەکان ئەمڕۆ بەخۆیان دەڵێن ئەمازیغ، زمانی ئەمازیغی لەناو تیرەو هۆزەکانی مەغریبو جەزائیر و تونسو مۆریتانیا و مالی و نێجیریا و لیبیاو سیوای رۆژئاوای میسر بەکاردێن. بەربەرەکان لە مەغریب بەسێ دیاڵیکتیك قسەدەکەن (تریفیت، شلحبت، تمزیغت).

داواکانی بەربەرەکان:-

بەربەرەکان لەخەباتو تێکۆشاندان بۆ دەست خستنی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:-

١- بۆ ناسنامەی بەربەری ڕەتی ئەوە دەکەنەوە کەلەچوارچێوەی عەرەبیو ئیسلامی بتوێندرێنەوە.

٢ - ڕەتکردنەوەی دیاردەی تەعریب کەپاش سەربەخۆیی بوونی وولات، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی گرتۆتەوە، دوو شەپۆلی ناکۆك لە بزوتنەوەی بەربەرەکاندا بەرچاو دەکەون، شەپۆلی یەکەم، شەپۆلێکی هەڵبژاردەن گەرەکیانە بزوتنەوەکەیان بەبواری رۆشنبیری فرانکۆفۆنی پەیوەستداربکەنو زمانی ئەمازیغی بە ئەلفو بێی لاتینی بنووسن، شەپۆلی دووەم کەشەپۆلێکی گەلییە، دەیانەوێ

بزوتنەوەکەیان بە پەوڕەوەی ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی ببەستنەوەو زمانی ئەمازیغی بەکار نەهێنن، لەجیاتی ئەلف‌وبێی عەرەبی بەکاربهێنن. لێکۆڵەرەوەکان دوو جۆرن، یەکەمیان دەڵێن، بەربەرەکان ڕەگەزێکن لەڕەگەزەکانی مێژووی سەرووی ئەفریقا، بێ ئەوەی زمانی ئەمازیغی وەکو ئالایەك دژ بەعەرەبەکان بەرزبکەنەوە، بەلام لێتوژەرەوەی تر بەتایبەتی فەرەنسیەکان دەڵێن، بەربەرەکان لە بنچینەی جەرمەنی و ڕۆمانین و زمانی بەربەری هیچ پەیوەندی بەزمانی عەرەبییەوە نی‌یە، ڕایەکی تریش هەیە لە لێتوژەرەوە عەرەبە تەسك بینەکان کەلەسەر ئەوەی کۆکن کە فەرەنسیەکان کاتێ ناوچەیەکەیان داگیرکرد هەوڵیاندا کەیەکێتی نیشتمانی لەنێوان عەرەبەکان و بەربەرەکاندا تێك بدەن و گیانی ناتەبایی و دووبەرەکیان بلاوکردەوە، لەساڵی ١٩١٣دا یەکەم کورسیان بۆ زمانی ئەمازیغی لە ربات دروست کرد، بەدامەزراندنی قوتابخانە بۆ زمانی عەرەبی و لەهجەکانی بەربەرەوە، پاشان بەردەوام بوون لەسەر بایەخدان بەزمانی بەربەری ساڵی ١٩١٥ ئامۆژگای لێکۆڵینەوەی بەربەریان چێکرد، گۆڤارێکی تایبەتی بەربەریان دەرکرد، وەلەساڵی ١٩٢٩دا قوتابخانەیەکیان بۆ فێرکردنی دیالێکتەکانی بەربەری لە ربات دروست کرد، پاشان گۆڕا بە ئەنستیتووی لێکۆڵینەوەی بالا... ڕەخنەگرانی شەپۆلی ئەمازیغی دەڵێن:- فەرەنسا هاندەرێك بوو، بۆئەوەی گیروگرفت و بەربەست بەرامبەر زمانی عەرەبی و بەرەنگاری پێشکەوتنی زمانی عەرەبی بێتەوە. بەم جۆرە فەرەنسیەکان ساڵی ١٩٦٧ ئەکادیمیای بەربەریان لەپاریس چێکرد، بۆئەوەی گرنگی زمانی فەرەنسی لەمەغریب و جەزائیروتونس و مۆریتانیا هەر زاڵ بێ، هەروەها بەدەیان لاویان لەکاروباری ئیداریدا دامەزراند تاکو لەکاتی سەفەرکردنی

فەڕەنسیەکاندا جێگایان بگرنەوە. بەم جۆرە کەشوهەوایەکی وایان خولقاندو بزوتنەوەی رۆشنبیری بەشێوەیەك لەناو بەربەرەکاندا پەرەی سەند، کەئالآیان بەرزدەکردەوەو دەیانووت، ئێمە عەرەب نین‌و ئەمازیغی زمانی نەتەوەیی دووەمە لەووڵاتدا، لەکۆتایی ئازاری ١٩٩٦ کۆمەڵەی ئەمازیغی مەغریبی جڤینێکی هاوبەشیان بەست، بەمەبەستی دانانی هێڵی گشتی‌و ستراتیجیەتی قۆناغی داهاتوویان دەست نیشان کرد، داواکاریەکانی ئەمازیغیەکانیان لەزمان‌و رۆشنبیریدا خستە ڕوو، ئەم شانزە کۆمەڵەیە، کە کۆمەڵەی رۆشنبیری بوون لەکانوونی دووەمی ١٩٩٦ دا لەڕبات، لەژێر چاودێری ئەنجومەنی نیشتمانی کۆبوونەوەیەکیان بەست، بەسەرۆکایەتی پارێزەر (ئەحمەد ئالدغرنی) کەبەتوندی نارەزایی خۆیان بەرامبەر دەسەلآتی ناوخۆیی دەربڕی کەهیچ هەنگاوێك بۆ خوێندنی زمانی ئەمازیغی نەهاوێشتراوە، هەروەها دەستەلآتی ناوخۆیان ڕیسواکرد کەدژی کۆبوونەوەو سەربەستی ڕادەربڕین دەوەستێ، داویان کردکە یاسای ئەمازیغی بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە بایەخی پێبدرێت‌و دانی پێدابنرێت.(ئەمازیغیەکان هەڵگری ڕەگەزنامەی جوداوازن‌و ئەندامی کۆنگرەی ئەمازیغی جیهانین، نامەیەکیان ئاراستەی مەلیکی مەغریب، مەلیك حەسەنی دووەم کرد، داوای ئەوەیان کرد کەزمانی ئەمازیغی بەڕەسمی بکرێت‌و هەروەها ئەنجومەنی نیشتمانی بۆیەکخستن کەلە هەژدە کۆمەڵەی ئەمازیغی پێکهاتبوو لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کەلەحوزەیرانی هەمان سالّ بەسترا، جەختیان لەسەرئەوە کرد کەپێویستە دەقی یاسایی بۆ دیالّیکتەکانی ئەمازیغی پیادە بکرێت، دان بەزمان‌و کەلتووری ئەمازیغی مەغریبی بنرێت واز لەسیاسەتی

تواندنەوەی بەربەرەکان لەنێوچوارچێوەی کۆمەڵی عەرەبی ئیسلامی بهێنرێت.[9].

ووتیان ئەگەر میری گوێڕایەڵی داواکانمان نەبێت، ئەوا ناچاردەبین فشار بخەینە سەر حکومەت.

((محەمەد شەفیق) کەتوێژەرو ئەکادیمیەکی مەغریبییە، خاوەنی پڕۆژەی فەرهەنگی عەرەبی – ئەمازیغییە، وەرەقەی ئەمازیغی وەکو وەرەقەیەکی سیاسی ورووژاند کەبە هۆیەوە مەغریب بتوانیٚ هەموو سەرووی ئەفریقا بۆلای خۆی ڕابکێشیٚ، ڕەنگدانەوەی لەو کەسانە دەبیٚ کە بەئەمازیغی دەدوێن لەمالی، نێجیریا، مۆریتانیا، لیبیا، تونس و ڕۆژئاوای میسر، بەڵام لەجەزائیردا کێشەی ئەمازیغی قەدەغە کراو نییە، دوای ئەوەی ڕێگا بەخوێندنی ئەمازیغی و تەلەفزیۆن دراوە،[10].

حیزبەکانی بەربەر:-

لەپاش سەربەخۆیی مەغریب، یەکەم حیزبی بەربەری لەمەغریب ساڵی ١٩٥٩ دروست بوو، دامەزرێنەری ئەم حیزبە ئەفسەرێکی سەرباز بوو بەناوی (المحجوبي احرضان)و د.عبدالكريم الخەتیب کەهەردووکیان لەحکومەتە جیاجیاکاندا پۆستی وەزارییان هەبووە، بۆ ئەوەی نوێنەری دانیشتووی ئەمازیغی بن لەدەزگاکانی دەوڵەتدا.

ئەمڕۆ لەمەغریب دا چوار حیزبی ئەمازیغی هەن، کەسیٚ حیزبیان لەپەرلەماندا نوێنەریان هەن، وەکو حیزبی (بزوتنەوەی گەلی) بەسەرۆکایەتی (محند العنصر)، بزوتنەوەی نیشتمانی گەلی بەسەرۆکایەتی (المحجوبي احرضان)، بزوتنەوەی گەلی دیموکراسی بەسەرۆکایەتی (محمود عرشان)، لەدەرەوەی پەرلەمانیش بزوتنەوەی

گەلی دیموکراسی بەسەرۆکایەتی (د. الخەتیب) کە ڕێبازێکی ئیسلامی هەیە.

چالاکی بەربەرەکان ڕووی لەزیاد بوون کرد.:-

کۆمەڵەی مەغریبی بۆ لێکۆڵینەوەو ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری کە ساڵی ١٩٦٧ لەمەغریب دامەزرا، داواکاریەکانی بەربەری لەئامێز گرت، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەو دەرخستنی تایبەتمەندی ڕۆشنبیریو زمانەوانی ئەمازیغیو هاندانی ڕۆشنبیری کەبەو زمانە داهێنانو ئەفراندن بکەن. ڕووداوەکانی شاری تیزیو دەوربەری جەزائیر لە(٢٠)ی نیسانی ١٩٨٠دا بەبەهاری ئەمازیغی ناسراوە، کەبەمێژووی لەدایك بوونی بزوتنەوەی سیاسی بەربەرلەسەرووی ئەفریقا دادەنرێ، پاشان کۆنگرەی باکوور بەسترا کەلە بناغەو چالاکیەکانی بزوتنەوەکەی جێگیرکرد، لەئامانجەکانی ئەم بزوتنەوەیە، زمانی بەربەری لەئاستی زمانی عەرەبی بێت. (لەساڵی ١٩٨٠دا زانکۆی هاوینی لەشاری ئەغادیری مەغەریبیدا، کۆمەڵێ کۆڕو سیمیناری لەسەر ڕۆشنبیری ئەمازیغی بەست، لەساڵی ١٩٩٣دا یاداشت نامەیەك لەکۆمەڵەی ئەمازیغیەوە بۆ کۆنگرەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە ڤێنا نێردرا)).[11]

لەهەمان ساڵدا میهرەجانێکی ئەمازیغی لەشاری ئەغادیرو هەروەها میهرەجانێك لەشاری دوارنویە لەناوچەی بریتۆنی فەڕەنسی کرا.

زیاتر لەسێ کۆمەڵەی ئەمازیغی بەشداری تێداکردو بەیانێکیان دەرکردو تێیدا پرۆژەی کۆنگرەی جیهانی ئەمازیغییان خستە ڕوو کەجەخت لەسەر شوناسنامەی هاوبەشی بەربەرەکان دەکات، هەروەها بەیاننامەکە جەخت لەسەر پارێزگاری کردنی مافەکانیان دەکات،

کەمێژووی ئەم گەلە شێوێندراوەو بە زۆر ڕێگا سەرکووت کراون، جگە لە کۆمەڵێ ئامانج و ستراتیجیەتی تێدا خراونەتە ڕوو، کەهەندێکیان لەڕووی سیاسییەوە بوو، هەندێکی تریان بۆ چاوەدێری نێونەتەوەیی و پشتگیری کردنی خەباتەکەیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەکۆنگرەی ڤێنادا کەلەحوزیرانی ۱۹۹۳ بەسترا کەدەربارەی مافەکانی مرۆڤ بوو، ئەمازیغیەکانی مەغریب لەئاستی نێونەتەوەیی بەدەرکەوتن، بۆیەکەم جار وەفدێکی رۆشنبیری ئەمازیغی بەشداری کۆنگرەیان کرد، کۆمەڵێ دۆکۆمێنت و بەڵگەنامەو کتێبی ئەمازیغی مەغریبی یان بەسەر وەفدی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ و کۆمەڵە نارەسمیەکانی مەغریب دابەشکرد، پاشان کارەکە پەرەی سەندو لەرۆژنامەی نیشتمانی جەزائیری لەهاوینی ۱۹۹۳ نامەیەك بلاوکرایەوە بەتەوقیعی بەشداربووانی کۆنگرەی ڤێنا کەداوای بەستنی کۆنگرەی جیهانی ئەمازیغی دەکات، نامەکەش لەلایەن ئەمازیغیەکانەوە بەتایبەتی جەزائیرییەکان بەگەرمی پێشوازی لێکرا. بەراستی کۆنگرەی جیهانی بۆ ئەمازیغیەکان بەسترا کەئێستا بارەگاکەی لە لەندەنە، لیژنەی سەرپەرشتکاری ڕێکخستن بەردەوام لەکارو پەرەپێدانیدان لەکۆنگرەی پارێزەرانی عەرەب کەلە (دار البیضاء) لەمانگی ئایاری ۱۹۹۳ بەسترا، پارێزەر حسن ئایاد قاسم کەیەکێك بوو لەچاپووکەکانی ئەمازیغی مەغریبی نامەیەکی دابەشکرد، کەداوای گۆڕینی دروشمی ڕاستی و عروبەی کرد، (لەپێناو ڕاستی و دیموکراسی)دا، هەروەها گۆڕینی ناوی یەکێتی پارێزەرانی عەرەبی بەیەکێتی پارێزەران لەجیهانی عەرەبییدا، چونکە زۆبەی پارێزەرانی مەغریب، جەزائیر، تونس و لیبیا ئەمازیغین، لەگەڵ بوونی

پارێزەر لەناو کەمە نەتەوەیی‌یە ناعەرەبەکاندا وەکو ئەرمەن و کورد لە عیراق و سوریاو فەلەستین، ئەقبات لەمیسر.

کۆنگرەی جیهانی ئەمازیغیەکان:-

کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٠دا بڕیارێکیان دەرکرد، کەساڵی ١٩٩٣ یان کرد بە ساڵی (دەولی بۆ گەلانی رەسەن) لاوانی گەلی سەر بەحیزبی بزوتنەوەی گەلی دیموکراتی کە ئوزین ئهحرضان سەرۆکایەتی دەکرد، یەکێکە لەکوڕانی سەرۆکی حیزب (المحجوبي احرضان) بەشداری کارو دیدەنیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی کرد، کەلەبارەی گەلانی رەسەنەوە بوو.

لە (٣،٢،١)ی ئەیلولی ١٩٩٥دا لەسەنتەری دەولی قەدیس (سان روم دیدولان) لەخوارووی فەرەنسا یەکەم کۆبوونەوەی جیهانی ئەمازیغی بەسترا، نزیکەی (٢٠٠) کەسایەتی بەشداری تێدا کرد کەنوێنەری پەیوەندی رۆشنبیری بەربەری مەغریب و جەزائیر و لیبیا و نێجیریاو نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو فەرەنساو جزری کەناری و ئیسپانیاو ئەڵمانیاو بریتانیاو بەلجیکاو هۆڵەندا بوون. لەوانە (٢٠) مەغریبی و (١٠) کۆمەڵەی مەغریبی، ڕێکخراوی جیهانیان چێکرد، لەژێرناوی (کۆنگرەی جیهانیی ئەمازیغی) نووسینگەیەکی فیدرالییان هەڵبژاد بەسەرۆکایەتی (مەبروك خرکال) کەلە (٢٢) نوێنەر پێکهاتبوو (١٠) مەغریبی، (٧) جەزائیری، (٢) لیبی، (٧) لەئاوارەکانی ئەورووپای رۆژئاواو نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ،(٢) لەجزری کەناری و (٢)لەخوارق. هەروەها نووسینگەیەکی دەولییان هەڵبژارد کە لە (١١) کەسایەتی پێکهاتبوو، پاریسیان کردە بارەگای سەرەکی ڕێکخراوەکە، رەزامەندیان لەسەر وەسیقەیەکدا بەناوی یاسای

بنچینەیی کۆنگرەی جیهانی ئەمازیغی گرنگترین مەبدەئو ڕێنمایی بزووتنەوەی ئەمازیغییان تێدا خستە بەرچاوان:-

١- واقعی بەربەری ئەمازیغی لەدەستەکانی دەولی نەتەوەکگرتووەکان، یۆنسکۆ و ڕێکخراوە ناحکومیەکان بخرێنە ڕوو.

٢- بەرگری لە رۆشنبیری ئەمازیغی بکرێت و پەرەی پێبدرێت و پێش بخرێت.

٣- هۆیەکانی دارایی بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی مەیسەر بکرێت.

٤- خەبات لەپێناو مافی مرۆڤ، دیموکراسی، لێبوردن ئاشتی و ئازادی بەرقەراربێت.

ئەوشتانەی کەلەکۆنگرە دۆزرایەوەو خرانە ڕوو:-

١. مەغریب گەورەترین ژمارەی ئەمازیغی هەیە لەجیهاندا.

٢. ئەمازیغیەکانی جزری کەناری کەزۆرترین ژمارەیان لەپەرلەمان بەدەست هێنا، زمانی ئەمازیغییان لەپەرلەمانی (لاس بالماس)جێگیرکرد، بیر لەسەربەخۆیی و دروست کردنی دەوڵەتی ئەمازیغی لەجزری کەناری دەکەنەوە.

٣. ئەو ئەمازیغیانەی کە ناسنامەی فەرەنسیان وەرگرتووە، ڕێژەیان دەگاتە دوو ملیۆن.

هەڵوێستی حیزبەکانی مەغریب:-

ناتوانین هەموو حیزبەکانی مەغریب بخەینە یەك چارچێوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستیان بەرامبەر ئەمازیغیەکان نائەرێیی یە، ئەمەش وایکردووە، کە بەربەرەکان تەعریب کردن بەتوندی ڕەت بکەنەوە.

فــراوان بــوونی بنــەماو بنچــینەکانی ئــەمازیغی، حیزبــەکانی ناچارکردوون کە ڕێگای واقیعی بگرنـە بەر و هەڵوێسـتی نـەرمو نیـانی بنـوێنن. لاپـەڕەی ڕۆژنامـەکان بـۆ گفتوگـۆ بخرێنـە سـەرپشـت بۆکـاتی هەڵبژاردنو سوود لێوەرگرتنیان بەکار بهێنرێن.

حیزبی سەربەخۆیی کەبیرو باوەڕێکی ئیسلامی کۆنەخوازی هەیە. مافـەکانی زمـانو ڕۆشـنبیری ئـەمازیغی پشـتگوێ خسـتووەو دەڵـێ:- ئەمـە هەوڵێکـە بۆجوداخـوازیو تێکـدانی یـەکێتی نیشـتمانی، یـەکێك لەسەرۆکەکانی ئەم حیزبە کەناوی (عبدالکریم غلاب)ەلە کتێبەکەیدا (لەزمانـەوە بـۆ هـزر) دەڵـێ:- ئەوانـەی بایـەخ بەناسـنامەو ڕۆشـنبیری ئـەمازیغی دەدەن، ئەوانــە زیندووکــەرەوەی ئـەو ڕقوکینەیــەن کــە ئیمپریالیزم لەووڵاتەکەمانـدا چاندی، بـەڵام حیزبـی ئیشـتراکی ڕاڕایـە لەبارەی کێشـەی ئەمازیغیـیەوە بەتایبـەتی لەئەنجامی ئـەو هێـزەی کـە ئـەمازیغی لەکۆمەڵـدا پەیـدایکردووە، لـەکۆنگرەی پێنجـەمی سـاڵی ١٩٨٩دا بڕیاری هەمەڕەنگی ماف زمانو ڕۆشـنبیری هەمەلایـەنی گـەلی مـەغریبی خسـتە ڕوو، لـەکۆنگرەی لاوانیانـدا کەلـەکانوونی یەکـەمی ساڵی ١٩٩١دا بەسترا لە بڕوانامەی گیانیاندا لاوانی یەکێتیو کێشـەی ئـەمازیغی بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ لەحیزبـەکان بەشـێوەیەکی نائـەرێی بــەرەنگاری کێشــەی ئــەمازیغی دەبنــەوە، بــەڵام حیزبــی پێشکەوتووو ئیشتراکی چونکە ئایدۆلۆجیـەتی مارکسی هەڵـگرتووە، بەشــێوەیەکی ئــەرێی لەگــەڵ ئەمازیغیەکانــدا مامەڵــەی کــردووە، لـەکۆنگرەی یەکـەمی سـاڵی ١٩٧٥دا، ئامـاژەی بـەگیروگرفتی زمـانو ڕۆشــــنبیری کــــردووە، هــــەروەها حیــــزب هەڵوێســــتی خــــۆی لەبڵاوکراوەکەیدا کەساڵی ١٩٨٠ دەرچووە، بەناوی (زمانو ڕۆشنبیری ئەمازیغی بەشێکی نەپچڕاوی کەلەپووری نیشتمانی مەغریبییە بـەڵام

ڕێکخراوی کاری (دیموکراسی گەلی بەشێوەیەکی زۆر ووریا لەگەڵ ئەمازیغیەکان مامەڵە دەکات، چونکە سەرۆکەیان (محمد بن سعید) خەڵکی (سوس)ە کە بنکەی بزوتنەوەی بەربەری لێیە، ئەم ڕێکخراوە داوای پارێزگاری کەلەپووری نیشتمانی مەغریبی دەکات هەروەها بایەخ بە ڕۆشنبریە جیاجیاکانی مەغریب بدرێت لەچوارچێوەیەکی تەسکدا، لەکتێبەکەیدا ڕەخنە لەداواکاریەکانی رۆشنبیری ئەمازیغی دەگرێت، کۆمەڵەی دادو چاکەخوازەکان کەسەرۆکەکەیان(عبدالسلام یاسین)ە هەڵوێستێکی سۆزاوی لەگەڵ شەپۆلی بەربەردا هەیە. لەگەڵ بەشێك لەداواکاریەکاندا دەگونجێ، بەتایبەتی پاشگیرانی هەندێ لەچاپووکەکانی ئەمازیغی لەشاری (الراشدیە) لەخۆپیشاندانی یەکی ئایاری ساڵی ١٩٩٤دا، بەڵام بەگشتی ئیسلامیەکان دژی شەپۆلی بەربەرن، لە روانگەی ئەوەی ئیسلام ڕەتی جیاوازی ڕەگەزو ئاینو بنەچە دەکاتەوە.

ئاسۆی دوا رۆژی ئەمازیغیەکان:-

لەئەنجامی ئەو کۆمەڵو ڕێکخراوانەی ئەمازیغی مەغریبی کەبایەخ بەزمانو رۆشنبیری ئەمازیغی دەدەن لەلایەك، لەلایەکی ترەوە بوونی ئەمازیغیەکان لەکۆمەڵێ ڕێکخراوی تری مەغریبی وەکو ڕێکخراوی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی مەغریب، کۆمەڵی مەغریبی بۆمافی مرۆڤ، یەکێتی نووسەرانی مەغریب، سەندیکای نیشتمانی بۆ پەروەردە، سەرەڕای بایەخدانی رۆژنامە نیشتمانیەکان پێیان، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کەدەسەڵاتدارانی ڕەسمی بە دوو شێوازی جودا مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، شێوازی قەدەغەکردنی راستەوخۆی ڕێکخراوەکان، شێوازی ناراستەوخۆ، وەکو بەرنامەی ئەمازیغی کەلە تەلەفزیۆندا رۆشنبیری ئەمازیغی پەخشی دەکات.

لەئابی ١٩٩٤دا مەلیك حەسەنی دووەم بڕیاری زمانی ئەمازیغی دەرکرد، هەروەها بوونی شانۆگەریو ئەفلامو گۆرانی ئەمازیغی کەجەماوەرێکی بەفراوانیان هەنە لەسەرانسەری مەغریبدا، هەروەها ئەمازیغیەکان ناوەندی گرنگیان لەکاروباری بەڕێوەبردنو ئابووری و لەشکرو ئاسایشو پۆلیسدا هەنە.

سەرچاوەکان:

١ – تیدروبرت غار (تعریب مجدی عبدالحکیم، سامیة الشامی) اقلیات في خطر– ٢٣٠ اقلیة في دراسة احصائیة وسیاسیة واجتماعیة، مکتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٥.

2 – Alan philips, word dictionary of minorities, USA.

٣ – الموقف الثقافي، العدد ٢٤، بغداد، ١٩٩٩.

٤ – نفس المصدر السابق.

5- G. H. Bousquet, les berberes, quesais-je. Paris.

6 – Yves lacoste, les sources dela litterature Algerienne la Nouvelle critique, Numero special, 1959.

7 – Parmontz et par veux, poesies populaire du kaby lie, Ed, layer, 1913.

8 – jean Amrouche, Chants Berberes du kabylie, Paris, 1946.

٩ – مجلة الوسط، العدد ٢٧٤، ١٩٩٧.

١٠ – نفس المصدر السابق.

١١ – نفس المصدر السابق

کێشەی بیابانی رۆژئاوا

پێشەکی :-

گەلە چەوساوەکانی جیهان سەرنجم ڕادەکێشن، بەش بەحاڵی خۆم کۆشش و هەوڵی زۆر دەدەم کەزانیاریم لەبارەیانەوە زیاد بێ، ئەوەی پاڵی پێوەنام کەلەسەر ئەم گەلە بنووسم ئەوە بوو کێشەی بیابان کێشەیەکە بەزمانی کوردی شتێکی لەسەر نەنووسراوە، جا بەپێویستیم زانی ڕووناکی بخەمە سەر ئەم گەلە چەوساوەیە، دیارە گیروگرفتم هاتنە ڕێ، وەکو کەمی سەرچاوە، بەڵام کە لەپاریس بووم توانیم، هەندێ زانیاری لەسەر کێشەی بیابان وەدەست بخەم، کۆماری دیموکراسی بیابان لەهەمان شوێن لەدایکبوو کەجاران بەبیابانی ئیسپانی پێناسە دەکرا، ئەم کۆلۆنیەی پێشووی ئیسپانیا درێژدەبێتەوە لە رۆژئاوا بەهەزار کیلۆمەتر لەسەرکەناری زەریای ئەتڵەسی.

سنوورەکەی :-

لەباشوورو رۆژهەڵاتی مۆریتانیا، لەباکووری مەغریب، لەباکووری رۆژهەڵاتی جەزائیرە، کەپایتەختەکەی (العیونە)یە، هەرچەندە تەرفایا ساڵی ١٩٥٨ بەزۆری خرایە سەر مەغریب، لەگەڵ ئەوەشدا پێوانەکەی نزیکەی (٢٨٤) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، ژمارەی دانیشتوانی تاکو ئێستا جێگیر نییە، چونکە کۆلۆنیای ئیسپانی هەوڵیدا بەکەم کردنەوەی چڕی دانیشتوانی تاکو پرۆسەی کۆلۆنیالیزمی بەردەوام بێ، ساڵی ١٩٦٤ ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی بیابان (١٠٠) هەزار

بوو، بەڵام لەسەر ژمێری (١٩٦٧) بوو بە (٢٥) هەزار، لەڕاستیدا ئەمڕۆ گەلی بیابان دەتوانین بەم شێوەیە پۆلینی بکەین، (١٥٠) هەزار پەناهەندە لە ڕەشماڵەکانی سنووری جەزائیر دەژین، نزیکەی (٥٠) هەزار ئاوارەو دەربەدەر لەخوارووی مەغریب دەژین، بەلانی کەمەوە نیو ملیۆن دەبن، فەرمانڕەوایەتی کۆماری بیابان لەنێوان (٥٠٠) هەزار تا یەك ملیۆن دەبێت.

لەڕووی ئابوورییەوە:-

بیابان وەکو لەناوەکەی بەدەر دەکەوێ وشکی بێدەرامەت نییە، بەڵکو کۆمارێکی دیموکراسی دەوڵەمەندە، پێش هەموو شتێك فۆسفاتی هەیە، سەرەڕای ڕاگرتنی دەرهێنانی ئەوکانە بەهۆی شەڕەوە، کانگەی بوقویرع تاکو ئێستا بەرهەمی ساڵانەی نزیکەی دووملیار تەنە، جگە لەفۆسفاتی ئاسنی نوێیان لێ دۆزیوەتەوە، هیوای دەرچوونی نەوت لەنێو جەرگەی بیابان دەکرێت، هەروەها ئاماژە بەبوونی یۆرانیۆمو مسو گازی سروشتی لێدەکرێت، سامانی ئاژەڵی لەڕادەبەدەرە، خێڵەکانی قەراغ خەریکی بەخێوکردنی مەڕوماڵاتن بەتایبەتی وشتر کە پلەی یەکەمی هەیە، جگە لەشیرو گۆشت بۆ گواستنەوەو ئاڵوگۆڕکردنی بەچەكو تەقەمەنیو کەلوپەلو چای بەکاردەهێندرێ، کەنارەکانی بیابان سامانێکی چاکی هەیە، کەبۆ ناردنە دەرەوە پشتی پێدەبەسترێ.

زمان و شیعر:-

بیابانی ڕۆژئاوا کۆلۆنیالیزمی ئیسپانیاو فەرەنسا بوو، بۆیە کاریگەری خۆیان بەسەر گەلی بیابان بەجێهێشتووە، زمانی نەتەوایەتییان کەگفتوگۆی پێدەکەن شێوە زارێکی عەرەبییە، ووشەی

فەڕەنسی و ئیسپانی تێکەوتووە، بەکەلەپووری ڕۆشنبیری هاوبەشی لەقەڵەم دەدەن، شیعری بیابان وەکو باران وایە کتوپڕە، چامەی کورت و سروودە، ڕۆڵی خۆیان بینیوە لەهۆشیارکردنەوەی گەل بۆ خەبات و تێکۆشان و ڕاپەڕین، ناوەڕۆکی شیعرەکان بەزۆری چامەی جەنگ و بابەتی شۆڕشگێڕییە، کەباس لە لەشکری ڕزگاریخوازی دەکات، ئاستی هۆنراوەکانیش بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی خەباتیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، جگە لەهۆنراوەی ڕامیاری، لەهۆنراوەی دڵداری و سروشت و جوانیشیان هەیە.

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە:-

ئەم گەلە لەنێوخۆیاندا هاریکاری یەکتر دەکەن، جیاوازی چینایەتی نازانن، لەمبارەیەوە (ئەرنۆسپیر) دەڵێ:- گەلێکی ساکارو سادەو بەهەست و سۆزن، نموونەی ڕەوشت و ڕاستی و هاریکاری و مێواندارین، سروشت و مۆرکی ئەم گەلە دوورە لەدابونەریتی ئێمە.

دانپێدانانی:-

کۆماری دیموکراتی بیابان لە ٢٧ی شوباتی ١٩٦٧دا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقییە (OUA)، لە ٢٢ی شوباتی ١٩٨٢ یەکێتی گەلانی ئەفریقی دانی پێدانا، زۆر وڵات دانی بەم کۆمارە ناوە، لەوانە کۆماری مالاغاشی یەکەم وڵاتە، دوایی نۆ وڵاتی دیکە هەشتیان لە ئەفریقیان وەکو جەزائیر، ئەنگۆلا، بینان، بوروندی، کینیا- بیساو، مۆزەمبیق، ڕەواندا، ئەلتوگو، جگە لەکۆماری دیموکراسی کۆریا، پاشان لیبیاو یەمەن و هەر هەموویان دانیان بەکۆماری بیابان ناوە، بەهۆی هاوکاری وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقی پێشکەوتوو، نوێنەری کۆماری دیموکراسی بیابان چالاکی

فراوان ئەنجامدەدەن و بواری دانپێدانانی دیبلۆماسی تێپەڕاندووە، ئەمڕۆ خەریکە شوێنی خۆی وەکو گەلانی شیلی و ئەنگۆلاو کوباو ڤێتنام جێگیر دەکات، لە رۆما پایتەختی ئیتالیا لە (٤-٥) ی شوباتی ١٩٨٧دا کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی بۆهاریکاری گەلی بیابان بەسترا، وەفدی بزوتنەوەی لاوانی فەرەنسی و نزیکەی (٩٥) رێکخراوی لاوان کە لەپەنجا وڵاتی ئەوروپی و ئەفریقی و ئەمریکای لاتینی و ئاسیا هاتبوون، هاوسۆزی خۆیان بۆ خەباتی گەلی بیابان لەپێناو مافە رەواکانی لەسەربەخۆیی و ئازادی و ئاشتی دەربڕی، ناڕەزایی خۆیان بەتێوەگلانی فەرەنسا لەکاروباری بیابان خستەڕوو. رێکخراوی یەکێتی ئەفریقی لە حوزیرانی سالی ١٩٧٦ بە زۆربەی دەنگ داوای بەستنی لوتکەیەکی ئەفریقی کرد بۆ سەیرکردنی کێشەی سەحرا ، بە ئاشکرا مەبەستی خۆیان لەم کۆنکرەیە خستە ڕوو ، کەچاو دەگێرنەوە بە ماف چارەنوسی گەلی سەحرا بە پێی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دانی پێداناوە کە پۆلیساریۆ نوینەری گەلی سەحراوی بێ لە کۆنگرەکەدا ، بەلام رێکخراوی یەکێتی ئەفریقی کات وشوێنی بەستنی دیاری نەکرد بۆیە حەسەنی دووەم و موختار ولدداده ئەمەیان بەهەل قۆستەوە کۆبوونەوەکەیان دوا خست .لە تەموزی سالی ١٩٧٧ لە لیبرفیل لە (الغابون) خولی ئاسایی سالانەی رێکخراوی یەکێتی ئەفریقی ، کات وشوێنێکی نوێی بۆ بەستنی کۆنگرە لە ناوەراستی تشرینی یەکەم لە (لوساکا) دیاری کرد، دیسانەوە ئەم کۆنگرەیە دواخرا ، کۆنگرە بۆ (لیبرفیل) گواستراوە کە لە مارسی ١٩٧٨ ببەسترێ، بەلام(الغابون) داوای لێ بووردنی کرد ، کە ناتوانێ ئەم ژمارە زۆرەی سەرکردەکان پێشوازی بکات.

مێژووی خەباتی گەلی بیابان:-

لەرووی نەتەوایەتییەوە گەلی بیابان لەپێناوی ناسنامەی نیشتمانیدا تێدەکۆشێ، لەساڵی ١٩٧٣دا دەستەیەك لەخەباتگێڕانی بیابان بەرەو مەغریب و مۆریتانیاو دوورگەی کەناری و ئیسپانیاچوون، داوایان لەجەماوەری ئاوارەو پەڕاگەندەکان کرد کە لەڕەوتی خەبات لەپێناوی گەلەکەیان درێغی نەکەن و لەکاروانی تێکۆشاندا دوانەکەون، دیرۆکی بیابان مێژووی پڕ لەجەنگ و خوێناوی دەگێڕێتەوە، تاکو ئێستاش پاشماوەی گۆڕی پورتوگالیەکان لەخواروودا دیارە کەپێنج سەدە پێش ئێستا ناوچەی بیابانیان خستبووە ژێر چنگی خۆیانەوە، دوای پورتوگالیەکان ڕۆڵی ئیسپانیەکان دێت، ڕامیاری ئیسپانیا بەتەنیا ڕامیارییەکی کۆلۆنیالیزمی پەیڕەو دەکرد، سێ ناوەندی بازرگانی لەکەنار جێگیر بوو بۆ تالان کردنی وڵات، پاشان ڕۆڵی کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسا دێت، بەتایبەتی لە مۆریتانیاو مەغریبو جەزائیرو سەنیگالدا، ئیسپانیا ڕایگەیاند کە کەناری زێڕو ناوچەی لادێ کە پێی دەڵێن بیابان و مەراکشی ئیسپانیا کۆلۆنیەتی خۆیەتی، بەم جۆرە وڵاتی بیابان کەوتە ژێر دەستی ئیسپانیا، تاکو لەساڵی ١٩٣٤دا کۆنتڕۆڵی پاشماوەی ناوچەکەی کرد، بەدرێژایی سنوور بەرەنگاری دەستی پێکرد، لەهەمان کاتدا دەستدرێژی فەڕەنساش دووبارە دەبۆوە، بەناوی ماف پشکنینی بیابان ناوچەکەی بۆردومان دەکرد، خەباتی گەلی بیابان لەپێناوی سەربەخۆییدا بەشێکە لەبزاڤی ڕزگاریخوازی ناوچەکە، لەپەنجاکاندا بەسەدان سەربازی ناوچەی بیابان لەتەك لەشکری مەراکش لەپێناوی ڕزگاری مەغریب تێدەکۆشان، ڕاپەڕینی نیشتمانی لەتشرینی دووەمی ١٩٥٤دا دەسەڵاتدارانی فەڕەنسای

ناچارکرد کەلەسەرووی ئەفریقیادا ئاسانکاری بکەن، لەساڵی ١٩٥٦دا سەربەخۆیی مەغریبی فەڕەنسیو مەڕاکشی ئیسپانیا ڕاگەیاندران، پاش سەربەخۆبوونی مەغریبی گەورە لەلایەن (علال الفاسی) سەرۆکی (پارتی سەربەخۆیی) خرایە ڕوو، لەسەرەتادا کۆشکی پاشایەتی ئەم بیرۆکەی ڕەتکردەوە لەترسی ئەو گرفتانەی کەلەلایەن فەڕەنسیو ئیسپانیەکانەوە بەرەو ڕوویان دەبێتەوە، لەدواییدا فەرمانڕەوایەتی پادشایەتی کەوتە بیری فراوانخوازی، تەنانەت پرۆژەکەی حەسەنی دووەم لەلایەن فەرەنساو فەرمانڕەوایی (جیسکار)ەوە پشتگیری لێکرا، لە٢٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٠دا کۆماری مۆریتانیا لەچوارچێوەی چەمکی دیگۆلی بۆ دەربازبوون لەژێر دەستەیی چێبوو، لەسەرەتادا پەیوەندی لەگەڵ جەزائیرو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئەفریقیا بەهێزکرد، پاشان وورده وورده کەوتەوە ژێر چەتری فەرەنسییەکان، پەیوەندی ئابووریو سەربازی لەگەڵ فەرەنسا پتەوکرد، هاونیشتمانی مۆریتانی بە ڕاپاییەوە دەیڕوانییە ئەو سەربازانەی مەغریب کە بۆ یارمەتی لەشکرە بچووکەکەیان هاتبوون، لەدووری چەند کیلۆمەترێك بەرەنگاری گورزەکانی (نواکشوت) دەبوونەوە، بزاڤی نیشتمانی بیابان سەری هەڵدا، کاتێ ژیان جۆرە جێگیربوونێکی بەخۆوە بینی، کەپێشتر لەکۆمەڵگەی خێڵەکیدا نەبوو، لەسەرەتادا ژیانی جێگیربوون لەئەنجامی چەوساندنەوەو وشکایەتی پەیدابوو، هەروەها سوودیان لەکۆچکردنی خێڵەکانی وەکو ئەلعیونو سماداو دکلا لەلایەك، لەلایەکی دیکە حکومەتی ئیسپانی رامیاری نیشتەجێکردنی لە ساڵی١٩٦٧ەوە لەبیابان جێبەجێکرد، بەبیانووی زیادکردنی ژمارەی سەربازەکان تاکو فۆسفات زیاتر بەرهەمبێننو، جۆرەها فەرمانبەری

نــویٚ پەیــدا بــبیٚ، قوتابخانــەیان دامەزرانــد، بیابانیــەکان کــاری بەڕێوەبردنی گرنگییان پێسپێردرا، کۆمەڵەی ناوخۆییان لەچل کەس پێکهێنا، لەهەمان کاتدا پەیوەندی بیابان بەجیهانی دەرەوە بەهۆی پێشــکەوتنی تــەکنیکی و رۆشــنبیری گــەلانی دیکــەوە گــۆڕانی بەسەرداهات، شاری (التنك)بوو بە بنکەیەکی نیشتمانپەروەری و زۆرلەبیابانەکان ڕوویان تێکرد، بزاڤی نیشتمانی ناوچەی بیابان ڕووی لەزیادبوون کرد، بەهۆی ڕامیاری دانەپاڵ کە ئیسپانیەکان لەساڵی ۱۹۷۰دا پەیرەویان دەکرد، لەحەقدەی حوزیرانی ۱۹۷۰دا لە (زملا) لادێی (العیون) یەکەم خۆپیشاندانی نیشتمانی گەورە دژ بەناڕەزایی لەسەر بەستنی کۆبوونەوەی کۆمەڵەی نیشتمانی کەدەسلاّتدارێتی ئیسپانیا مەبەستی بوو، ئەم خۆپیشاندانە بەتوندی سەرکوتکرا، سەرۆکی بیابانیەکان (الباصری) کوژراو وێنەکەی کەوتە ناو هەموو دەوارو دڵێکەوە، پاش دوو ساڵ بزاڤی نیشتمانی توانی ڕێکخراوی خۆی لە ریباتی پایتەختی مەغریب ڕێکبخاتەوەو، هەندیٚ لەلاوانی سەحراوی گەیشتنە پلەی زانکۆ.

فەرمانڕەوایی ئیسپانیا ویستی ڕامیاری چەواشەکاری بەکار بهێنیٚ، ڕێکخراوێکی دەستکردی بەناوی بزاڤی پیاوانی شین لەمەغریب ساڵی ۱۹۲۷ دروستکرد، بەلاّم ئەم ڕێکخراوە دەستکردە بەرامبەر (پارتی یەکگرتووی نیشتمانی بیابان) هەرەسی هێنا، بەمجۆرە (بەرەی پۆلیساریۆ) کورتکراوەی بەرەی رزگاریخوازی جۆگەلەی سوورو کەناری زێڕە) کەلەمانگی ئایار ساڵی ۱۹۷۳ چێبوو، لە ۲۰ی ئایار واتە (۱۰) ڕۆژ پاش کۆنگرەی دامەزراندن، دەستی بەخەباتی چەکداری کرد، ساڵی ۱۹۷٤ سیاسەتی پەیوەستکردنی ئیسپانیا نووشستی هێنا، لەئایاری ۱۹۷٥دا نێردراوی نەتەوە

یـەكگرتووەكان لەسـەر داوای دەسـەڵاتدارێتی ئیسـپانیا بـانگكرا، خۆپێشاندانێكی گەلی لەلایەن پۆلیساریۆوە ڕێكخرا، كەداوای چوونە دەرەوەی ئیسـپانیاو نـەبۆ مـەغریب و مۆرتیانیـا، نەدانـەپاڵو دابەشـكردن، بـەڵكو ئێمـە گـەلێكی بیابـانین، مـەغریب و جـەزائیرو مۆریتانیـایی نـین، نێـردراوی نەتـەوە یـەكگرتووەكان لەهـەموو شـارو شارۆچكەكان (العیون، دورا، بوقویرع، نشیلا، زنمور، محبس، سمارا، دكـلا، اوسـرد، تفـاریتی، عرقـوب، لاغـویرا..هتـد) ڕاپـۆرتێكی تێروتەسـەلی لەهـەموو روویەكـەوە ئامادە كرد، كەئامارژەیان بـەوەكرد كەتـەنیا دوو كـەس لەبەرژەوەنـدی مـەغریب خۆپێشـاندانیان كـرد، هەروەها جەختیان لەسەر بەرەی پۆلیساریۆكرد، كەهێزێكی رامیاری دەسەڵاتدارە لەوڵاتـدا، پاشان نێردراوی نەتـەوە یـەكگرتووەكان بـەرەو مەغریب و پەناهەندە بیابانیەكانی جەزائیر لەتندۆف چوو، لـە تشرینی یەكەمی ساڵی١٩٧٥ دا بێ ئەوەی حەسەنی دووەم چاوەنواڕی بڕیاری گشـتی نەتەوەیـەكگرتووەكان بـێ، بڕیـاری گەڕاندنـەوەی ئاوارەكـانی بیابـانی دەركـرد، پـاش ئـەوەی بڕیـاری دادگـەی دادپـەروەری نێودەوڵەتی ڕەتكردەوە لەبارەی ناكۆكی ئیسپانیادا، لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ دا ئیسپانیا بەڵێنیدا كەناوچەكانی بیابان بە مەغریب و مۆریتانیا بداتەوە، كەدواكشانەوەی لە٢٨ی شوباتی ١٩٧٦ دا دەبێ، لـە٣٠ی ئۆكتۆبـەر پاشـای مـەغریب لەشـكری هـەنارد بـۆ داگیركردنـی بیابـان، پـاش چـەند ڕۆژێـك لەشـكری مـەغریب شـوێنی لەشـكری ئیسـپانی گرتـەوە، شـەش مـانگێكی ویسـت تـاكو هـەموو شوێنەكانی خستە ژێرچاودێری خۆیـەوە، دەسـەڵاتدارێتی بیابان لـە٢٧ی شـوباتی ١٩٧٦دا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند.

ئـەمڕۆ لەشـكری رزگـاریخوازی بیابـان بەسـەر هـەموو وڵات زاڵـەو لەلایەن هێزی مەغریبییەوە ڕامیاری سووتاندنی زەوی پـەیڕەو دەكرێ، بۆردومانی دەوارنیشنەكان بۆتە مایـەی ئەوەی كە پەناهەندەكان روو لـەزیادبوون بكـەن، ئـەم دەوارنشـینانە بەدرێـژایی دەیـان كیلۆمـەتر لەناوچەی تندۆف درێژ دەبنەوە، شتێكی زەحمەتـە بزاڤی پۆلیساریۆ وەكو ڕێكخراوێكی رامیاری لەبەڕێوەبردنی شارستانی جودابكرێنەوە، ئـەم بەڕێوەبردنـەش چـەند وەزارەتێـك دەگرێتـەوە، وەكـو پـەروەردە، تەندروسـتی، داد، پـارەدان و بـەخێوكردن، هـەموو كاروبارەكـان بەرێكوپێكی ئەنجامدەدرێن.

(ئەرنوسـپیر) رۆژنامەنووسـێكی فەرەنسـییە سـەردانی دەوارنشینەكانی كردووە لەم رووەوە دەڵێ:- لـەڕووی بەڕێوەبردنـەوە بەسـەر سێ ویلایـەت دابـەش دەبێ، وەكـو ویلایـەتی العیـون، سمـارا، دكـلا، هـەر ویلایـەتێكیش بەسـەر حـەوت بازنـەدا دابـەش دەبێ، هـەر بازنەیـەكیش (٦-٧) هـەزار كـەس تێیـدا دەژیـت، قوتابخانـەی تێدایـە، كـوڕو كـچ بابـەتی ئـایینی و رامیـاری دەخـوێنن، فێـری خوێنـدن و نووسین و سرودی نیشتمانی دەكرێن، لەبەر ئەوەی بارودۆخ هـەردەم لـەبار نییـە، بۆیـە كاروبـاری سـەر بەنەتەوەیـەكگرتووەكان لەبەرنامـەی ساڵی ١٩٧٦دا (١٢)ملیۆن دۆلاری یارمـەتی بۆ پەناهەنـدەكانی بیابـان تەرخانكرد، بەڵام دەوارنشـینەكان بـەهیوای گەڕانـەوەن بۆ شـارەكانیان ، (تفـاریتی) شـارێكی بچـووكە مـەغریب داگـیری كـردووە، هـەموو بەیانیـەك بـەرەنگاری هێـزی پۆلیسـاریۆ دەبێتـەوە، دانیشـتوانی شـارەكەیان چۆلكردووە لەسـاڵی ١٩٧٨دا فەرەنسـا خـۆی لـە ئەفریقیا تێوەگلانـدەوەو یارمـەتی مۆریتانیایـدا دژ بـەهێزەكانی پۆلیسـاریۆ لەبیابانی رۆژئاوادا.

کێشەی بیابانی رۆژئاواو کەناڵی دیپلۆماسی:-

لەم دواییەدا وابڵاوکرایەوە کەشای مەغریب (محەمەدی شەشەم)و سەرۆکی جەزائیر (عبدولعەزیز بۆتەفلیقە)کۆدەبنەوە بۆچارەسەرکردنی کێشەی بیابانی رۆژئاوا، کوفی ئەنان ڕایگەیاند کە رۆڵی ناوبژیوانی دەبینێ، هەروەها (جیمس بیکەر) وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا ئەم کارەی گرتۆتە ئەستۆ، بەرێکخستنی دیدەنی نێوان حکومەتی مەغریبو پۆلیساریۆ، دوای ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە ڕێکخستنی ڕاپرسی شکستی هێنا کەدەبوایە لەتەموزی ٢٠٠١ ئەنجامبدرێ، بەهۆی کۆمەڵێ گرفتەوە دواخرا، بۆ نموونە کێ ماف دەنگدانی دەبێ؟ هیچ لایەك ڕازی نابێ کەدەنگ لەسەر ئەوە بدات، نەتەوەیەکگرتووەکان ویستی بێ ڕەزامەندی مەغریب ڕاپرسی جێبەجێ بکرێت، مەغریبیەکان کەوتنە رەخنەگرتنەوەو گووتیان نەتەوەیەکگرتووەکان شێوازی نادیموکراسییانەی لەبیابانی رۆژئاوا گرتۆتە بەر، مەغریب لیستێکی (١٨٢) هەزارکەسی لەناوچەی بیابانی خستەڕوو بۆ ڕاپرسی، نێردراوی (مینیۆرسو) پەنجا هەزاری لێ وەدەرهێنا کەهیچ پێوانەیەك نایانگرێتەوە، ئەم لیستەش بە مەغریب درایەوە، لیستی نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە بوو، ژمارەی بیابانەکانی مەغریب (٤٦٢٥٥) لەدەوارنشینەکانی تندوف، لەجەزائیر (٣٣٧٨٦)و، سەرووی مۆریتانیا (٤٢١٠)، ئەمەش بێ ئەنجام مایەوەو سەری نەگرت، بەمجۆرە دانیشتنی نێوان محەمەدی شەشەمو عەبدولعزیز بۆتەفلیقە بەداخراوەیی مایەوە، تەختکردنی کێشەکە بەگوێرەی مەغریبەوە کەبەهیچ شێوەیەك لەگەڵ دەوڵەتێکی بیابان نیە، بەڵکو دان بەئۆتۆنۆمی دادەنێ، بەگەڕانەوەی هەموو بیابانەکان، کاتێ

پۆلیساریۆ بەمە ڕازیبوو، سەرکردەی پۆلیساریۆ پلەوپایەکی مەزنی لەلایەن دەوڵەتەوە پێدەدرێ، هەروەها ناوچەیەکی بازرگانیو ئابووری لەنێوان بیابانی مەغریبو بیابانی جەزائیر دروست بکرێت، ئەگەر ئەم شتانە بەباشی ڕۆیشت ئینجا ڕاپرسی ئەنجامدەدرێت، بۆ ڕاپرسیش پەیڕەوی ئەم خاڵانە دەکرێت کەلەسەر بنەڕەتی کەلەنێوان مەغریبو پۆلیساریۆ لە (هیوستن) ڕێککەوتن بەسەرپەرشتی جیمس بێکەر لەساڵی ١٩٩٧دا.

١- کێ مافی دەنگدانی دەبێ، بەگوێرەی ئەو ئامارانەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان دیاریکردووە تەنیا ئەو کەسانەی لەبیابان هاتوونو پەناهەندەکانی تندوف بۆ شارەکانی بیابان بگوێزرێنەوە.

٢- دیلە ڕامیارییەکانو دەستبەسەرەکان ئاڵوگۆڕ پێبکرێت، پۆلیساریۆ ژمارەیەك دیلی جەنگی مەغریبی ئازاد کرد کە هەندێکیان لەساڵی ١٩٨٠وە دەستبەسەربوون، پادشای مەغریب سەردانی دیلەکانی لەشاری ئەغادیر کرد.

٣- هێزی سەربازی بەگوێرەی هەردوولا دابەش بکرێت، ڕێککەوتن کەهێزی مەغریبی لەناوچەکە بمێنێتەوە، لەهەمانکاتدا چەکدارەکانی پۆلیساریۆ کەژمارەیان لەنێوان (١٥٠٠-٥٠٠٠) چەکدار دەبن لەسنوری مەغریب، جەزائیر، مۆریتانیا دەمێننەوە، بەرەی پۆلیساریۆ پێشنیاری گواستنەوەی چەکدارەکانی بۆ ناوچەی بیابان ڕەتکردەوە.

٤- مەغریب بەسەربەستی لەناوچەکە دەمێنێتەوە، شورایەك لەنێوان بیابانو شارەکانی دیکەی مەغریب دروستبکرێت، ئەو مەغرییبیانەی کەسەر بەناوچەکە نین دووردەخرێنەوە، مەغریب ناوچەکە بەڕێوەدەبا، تاکو ڕاپرسی تەواو دەبێ، بەڵام مەغریب ڕەتی ئەوەی کردەوە کەشورایەك لەنێوان بیابانو شارەکانی مەغریب

چێبکرێ، هەروەها ڕەتیکردەوە کەئەو مەغریبیانەی کەلەناوچەکە هەن بگوێزرێنەوە.

٥- پۆلیساریۆ پێشنیاری هەڵکردنی ئاڵای کۆماری بیابانی کرد لەکاتی ڕاپرسیدا، بەڵام جیمس بێکەر ئەم پێشنیارەی پۆلیساریۆی ڕەتکردەوە لەسەر بنەمای ئاڵا بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبێ لەگەڵ باری پۆلیساریۆ ناگونجێ.

دانیشتنەکان بێ ئەنجام دەرچوون، چونکە مەغریب لەمەرجی خۆی نایەتە خوارەوە، مۆریتانیاو جەزائیریش لەکاتی بەستنی کۆبوونەوەکان یاخود لەکۆتاییدا هۆڵەکە بەجێدەهێڵن، بەم شێوەیە کێشەی بیابانی ڕۆژئاوا بۆتە تراویلکەی بیابان، کۆفی ئەنان سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان ڕاپۆرتێکی ڕەشبینانەی پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش کرد کەکێشەی بیابان هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینیوەو، جەختی لەسەر لایەنی ناکۆکی کرد کە ڕێگەیەکی دیکە جگە لەڕاپرسی بدۆزنەوە، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاریدا بەدرێژکردنەوەی ماوەی مینیورسۆ تاکو تەمووزی ٢٠٠٢/٧/٣١، جیمس بێکەر نێردراوی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان و وەزیری پێشووی ئەمریکا بەردەوامە لەهەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان مەغریب و بەرەی پۆلیساریۆ لەسەر بیابانی ڕۆژئاوا، ئەنجومەن ڕایگەیاند ئامادەن بۆ لێکۆڵینەوەی هەر بڕیارێك کەکۆفی ئەنان و بیکەر بیخەنەڕوو بەمافی چارەنووسیشەوە بۆ کێشەی بیابان کە ٢٧ ساڵە درێژەی هەیە، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩ی شوباتی ٢٠٠٢ ئامارەی بەم خاڵانە کرد، تاکۆتایی بەکێشەکە بهێنێ:-

١. داوا لە ناوچەکە دەکات کەهاریکاری سکرتێرو نێردراوی تایبەتی بکەن.

٢. هەروەها لەگەڵ کاربەدەستانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەناهەندەکان هاوکاری بکرێت.

٣. داوا لە مەغریب و پۆلیساریۆ دەکات کەهاوکاری لێژنەی خاچی سووری نێودەوڵەتی بکەن بۆ دیاریکردنی چارەنووسی هەموو ئەو کەسانەی کەلەسەرەتای ناکۆکیدا ونبوون.

٤. خۆشحاڵ دەبێ بەئازاد کردنی (١٠٠) دەستبەسەری مەغریبی و، داوا لە پۆلیساریۆ دەکاتکە بێ دواکەوتن هەموو دەستبەسەرەکان ئازاد بکات.

٥. بڕیاریدا کە مینیورسۆ درێژە بەکارەکەیان بدەن، تاکو ٢٠٠٣/١/٣١.

٦. داوای لەسکرتێری گشتی دەکرێ کە لەکۆتاییدا راپۆرتی خۆی لەڕاسپاردەو پێشنیار بخاتە روو:-

کۆتایی:-

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە، کەکێشەی بیابانی رۆژئاوا ئاڵۆزکراوە بەتایبەتی لەلایەن حکومەتی مەغریبەوە، چونکە مەغریب چاوی بڕیوەتە ئەو سامانەی بیابان و ناتوانێت وا بەسانایی دەستبەرداریبێ، کێشەکە زۆر چۆتە پێش، چونکە چەندان وڵات دانی پێداناوە لەبواری دیبلۆماسیدا شوێنی دیارە، نەتەوەیەکگرتووەکان بایەخی پێدەدەن، بۆ خۆشیان لەکۆششکردنن بۆ بنیادنانی کۆماری بیابانی رۆژئاوا، رەنگە ئەگەر کار وابڕوات لەدوارۆژیش ناوچەی بیابانی رۆژئاوا وەکو وڵاتێك لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان و زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی دنیا سەودای لەگەڵ بکرێت.

سەرچاوەکان

1- L Etat Du Monde, Ed. La Decouverte, Paris, 1985.

2- Nouvelle critique, No 113, Paris, 1978.

٣- حسن اغا، احمد الخالدي: العالم الثالث والدول المحيطة بالمنطقة العربية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٢.

٤- مجلة الوسط العدد (٤٢٧)، ٢٠٠٠.

٥- مجلة الوسط العدد (٤٣٦)، ٢٠٠٠.

مەکەدۆنیا

مەکەدۆنیا ناوچەیەکی جوگرافی دیاری کراوە، سەرووی چیای سکوبسکاتسرناجوراو چیای بلانینایە، رۆژهەلاتی چیای (دیلاورودوب)ە، خوارووی کەناری دەریای ئیجەیە، رۆژئاوای دەریای ئوهریدو دەریای بریسبایە پێوانەکەی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزارچوارگۆشەیە، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی دوو ملیۆن کەس دەبێت، زۆربەی لەکۆماری مەکەدۆنیا دەژین کە ٦٧٪ی مەکەدۆنین و ١٩٪ی ئەلبانیو لە ٤٪ی تورکن، مەکەدۆنیا ناوچەیەکە، لە نێوان یۆغسلافیاو بولغاریاو یۆناندا دابەش بووە.

زمانێکی ڕەسمی نییە لە یۆغسلافیادا بەڵکو سێ زمان هەیە، زمانی سلۆڤانی، زمانی سربی، زمانی کرواتیو مەکەدۆنی نزیکە لەزمانی بولغاری کە بەپیتی سریلیکی دەنوسرێ. ئاینی مەکەدۆنیەکان ئەرسۆدۆکسین، بەڵام هەندێ لە مەکەدۆنیەکان ئەرسۆدۆکسی نین، بەڵکو موسڵمانن، کێشەی نێوان کۆماری مەکەدۆنیاو یۆنان بۆ کۆنگرەی بەرلینی ساڵی (١٨٧٨) دەگەڕێتەوە. بۆیەکەم جار کێشەی مەکەدۆنیا لەلایەن ئەوروپیەکانەوە بەگەرمی بایەخی پێدراو لەکۆنگرەی ناوبراودا یۆنانیش بەشداری تێداکرد، بڕیاردرا کەمافی ئۆتۆنۆمی بەمەکەدۆنیای ژێردەسەلاتی عوسمانی بدرێت، بەڵام ئەم ئاواتە نەهاتە دی چونکە لەلایەن بولغاریاو سربیاو یۆنانەوە ناڕەزایی بەرزبوونەوە.

پاش شکانی سرپەکان لەبولغاریا ساڵی ١٨٨٥، سیاسەتێکی پاوانخوازییان لە مەکەدۆنیادا پەیڕەو کرد، کەپێیان دەوتن سرپی خواروو، هەروەها بڵاویان دەکردەوە کە مەکەدۆنیەکان سلاڤین و سربین، تەنانەت موسڵمانەکانیش، سربەکان کۆمەڵەیەکیان بەناوی (سانت ساڤا) لەساڵی ١٨٨٦دا پێکەوەنا.بەمەبەستی پڕوپاگەندە کردن بۆ نەتەوەی سرپی بوو سرپەکان دەیان ووت کەزیاتر لە سەد قوتابخانەی سرپی لەمەکەدۆنیا هەیە، زیاتر لە (٦٠٠) قوتابخانەی بولغاری هەبوو کە زۆربەیان لەژێر چاودێری کلێسەی بەتریرکی بوون، زمانی سرپی بووە زمانی ڕەسمی لە قوتابخانەکاندا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەهەستی مەکەدۆنیەکان بەرەو بولغارەکان بچێ، یۆنانەکانیش وەکو سرپەکان کۆمەڵەیەکیان بەناوی (ئیسنیل) هیتریا پێکەوەنا، ئامانجی رزگارکردنی هەموو یۆنانیەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانلی بوو، تەنانەت ئەوانەش کە لەمەکەدۆنیابوون و بەزمانی سلاڤی دەپەیڤن، ناوی کۆمەڵەکەشیان نا (یۆنانیەکانی کە بەسلاڤی دەدوێن) سێ لەسەر چواری ئەفسەرەکانی لەشکری یۆنایی لەهەوادارانی ئەم کۆمەڵەیە بوون، ساڵی ١٨٩٠ پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە (١٤٠٠)هەزارو چوار سەد قوتابخانەی یۆنانی لە مەکەدۆنیا هەیە.

مەکەدۆنیەکان ساڵی ١٨٩٣ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی ناوەکییان پێکهێنا کە بەربەرەکانی دابەش بوونی مەکەدۆنیای دەکرد، هەروەها بیرۆکەی دروستکردنی یەکێتی فیدڕاڵی سرب و مەکەدۆنی و بولغاری خستەڕوو، لایەنگرێکی زۆری پەیداکرد، بەڵام لە ئەنجامی تێکچوونی بولغاری گەورە لەپەیمانی (سان ستیڤانۆ)دا بەشێکی زۆری مەکەدۆنیەکان بۆ بولغاریا ڕایان کرد، ساڵی ١٩٠٣ نیوەی پایتەختی

سۆفیا پەناهەندەو ئاوارەی مەکەدۆنی بوون. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەماوەیەکی زۆر بولغاریا ئارامی بەخۆوە نەبینێ، هەروەها ڕێکخراوێکی دی دروست بوو بەناوی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی دەرەکی کە ڕکەبەرایەتی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی ناوەکی دەکرد، ئامانجیشی دروست کردنی بولغاری گەورەبوو، شەڕی یەکەمی بەلقان لەساڵی ١٩١٢ دەستی پێکرد کەبولغارياو سربیاو یۆنانیا هاوپەیمان بوون بۆ بەتاڵ کردنی ناوچەکە لەعوسمانیەکان و دابەشکردنی مەکەدۆنیا. بەم جۆرە پاش ئەوەی گەلی سلاڤی مەکەدۆنی لەئیمپراتۆریەتی عوسمانلی ڕزگاری بوو، ناکۆکییەکی گەرم کەوتە نێوان هاوپەیمانەکان، لەسەر دابەشکردنی مەکەدۆنیا ناکۆك بوون. بولغاریا بەبەشی خۆی ڕازی نەبوو، بۆیە شەڕی بەلقانی دووەم لەساڵی ١٩١٣ دەستی پێکرد ئەم جارەیان بولغاری دژی سربیا و یۆنان لەساڵی ١٩١٣ جەنگا، مەکەدۆنیا بەسەر سێ دەوڵەت دابەشکرا، بەشەکەی سربیا پێی دەوترا (ڤاردار مەکەدۆنیا)، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بولغاریا پیّی دەوترا،(پیرین مەکەدۆنیا)، ئەو بەشەی بەر یۆنان کەوت بەناوی (ئێگیسکا مەکەدۆنیا) بوو.

لەئەنجامدا مەکەدۆنیا تووشی هێرشێکی دڕندانەی سرب و بولغارو یۆنان بوونەوە، ساڵی ١٩١٩ هەرسێ وڵات بولغارو یۆنان و سرب دەستیان کرد بەتواندنەوەی مەکەدۆنیەکان لەڕووی نەتەوایەتیەوە، بولغارو سربیا باوەڕیان وابوو بەئاسانی دەتوانن بیان تاوێننەوە، بەڵام یۆنان باوەڕی وابوو بەکارەسات بەسەریاندا زاڵ دەبن، زمانی دایکیان لێ قەدەغەکرا، دەستکرا بەگۆڕینی ناوەکانیان وەکو ناوی (lerin) لێرین بوو بە فلۆرینە (Florina)، ڤۆدین (Voden) بوو بە (Edessa) ئێدیسە، کوکس بوو بە (Kilkis)

کیلکیس. لەساڵی ١٩٢٦ لەشەڕی نێوان تورك و یۆناندا نزیکەی (١٢٦,٠٠٠) مەکەدۆنی دەرکران، جارێکی دی لەساڵی ١٩٤٩دا دیسان بەسەدان مەکەدۆنی لەیۆنان وەدرنران، ئێستا نزیکەی (٢٥٠,٠٠٠) مەکەدۆنی لەیۆنان ماونەتەوە.

لەراپۆرتی ساڵی ١٩٩٤ی چاودێری ماف مرۆڤی نیویۆرك هاتووە دەڵێ:- کەمە نەتەوەی مەکەدۆنیا، بوون یان هەیە، بەڵام مافیان پێشێڵ دەکرێ، بەئاشکرا ناتوانن بەزمانی خۆیان قسە بکەن، هەروەها بەناوی راستەقینەی خۆیان بانگ ناکرێن، لەپەنجاکاندا کۆمۆنیستەکانی یۆنان بەڵێنیان پێ دەدەن کە ئەگەر دەسەڵات بگرنە دەست ئەوا دان بەمافی سەربەخۆیی مەکەدۆنیەکان دەنێن.

لەشەڕی دووەمی جیهانیدا بولغاریا، مەکەدۆنیا ژێر دەسەڵاتی یۆغۆسلافیای داگیرکرد، هەرچەندە هیتلەر رێگای بەبولغاریانەدا کە ئەو شوێنانەی لەیۆنان و یوغسلافیا داگیری کردبوو، بیخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، بەڵام بولغاریا وەکو خاکێکی بولغاری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، فەرمانبەری خۆی بۆ مەکەدۆنیا هەنارد، مامۆستای قوتابخانەکانی گۆڕی بەمامۆستای بولغاری، لەسەرەتادا مەکەدۆنیەکان لەم هەنگاوانەدا پێشوازییان لێکردن، بەڵام لەدواییدا بولغارەکان وەکو داگیرکەر هەڵسوکەوتیان دەکرد، خەڵکی مەکەدۆنیاش ڤاردار مەکەدۆنیا بێ هیوا بوون.

دارو دەستەی تیتۆ لەسەرەتادا لە مەکەدۆنیا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، چونکە لایەنگری بولغارەکان بوون، لەکۆتایی ١٩٤٣دا جەماوەری داردەستەی تیتۆ زیادی کرد، چونکە هەستی مەکەدۆنیەکان بەرامبەر بولغارەکان گۆڕاو چوونە پاڵ تیتۆوە لەکاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا دەست و پێوەندەکان بە سەرۆکایەتی تیتۆ

کۆماری مەکەدۆنیایان دروست کرد، بۆئەوەی ببێتە پردێك لەنێوان یۆغۆسلافیاو بولغاریادا سەرۆکی بولغاریا دیمترۆف خۆشحاڵ بوو بەبیری تیتۆ بۆیەکگرتنەوەی، ڤاردار مەکەدۆنیای یۆغۆسلافیا لەگەڵ(پیرین) مەکەدۆنیای بولغاریا، بەڵام ئەم هاریکاریە کورت بوو چونکە تیتۆ لەکۆمنترن ساڵی ١٩٤٨ دەرکرا، نێوانی کۆماری مەکەدۆنیا و بولغاریا خراپ بوو بەم شێوەیە دەسەڵاتی کۆمۆنیزم ساڵی ١٩٤٦ بەشی زمانی مەکەدۆنی لەکۆلێژی فەلسەفە لە پایتەختی سکۆب کردەوە، ساڵی ١٩٥٣ ئامۆژگای زمانی مەکەدۆنی کرایەوە، هەروەها کتابێکی زۆر لەسەر مێژووی مەکەدۆنیا چاپ کرا. کلێسەی ئەرسۆدۆکسی مەکەدۆنی لە کلێسەی ئەرسۆدۆکسی سربی جوداکردەوە، ئەم ئەهەنگاوانە هەنگاوی گرنگ بوون بۆ نەتەوەی مەکەدۆنی نوێ، ساڵی ١٩٦٧ کلێسەی مەکەدۆنی سەربەخۆیی خۆی وەرگرت، کلێسەی ئەرسۆدۆکسی سربی دانی بە کلێسەی مەکەدۆنی دانەنا، بەم جۆرە میری توانی هەستی خەڵکی بەرامبەر بەخۆی ڕابکێشیّو لە بولگارەکانی بکاتەوە، هۆشیاری نەتەوەیی لەمەکەدۆنیا پەرەی پێدرا، کەمە نەتەوە بوونە، گەلێکی سەربەخۆ لەچوارچێوەی یەکێتی فیدراڵی یوغۆسلافیادا، بەڵام باری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی یۆغۆسلافیا لەهەشتاکاندا بەرەو خراپی چوو، ئەمەش مەکەدۆنیای گرتەوە، دوای ئەو گۆڕانکاریانەی کەلە ساڵی ١٩٨٩ دا ڕوویدا، یۆغۆسلافیاو ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی گرتەوە شیوعیەکانی دەسەڵاتداری مەکەدۆنیا ڕێگایان بەفرە حیزبیداو یەکێتی فیدراڵی یۆغسلافیا هەڵوەشایەوە، ساڵی ١٩٨٩ دەستوری نویّ داڕێژرا لەجیاتی دەوڵەتی گەلی مەکەدۆنیا کەمە نەتەوایەتیەکانی ئەلبانو تورك بوون بەدەوڵەتو نێو نەتەوەیی گەلی مەکەدۆنیا. تیپی وەرزشی

تۆپی پێ هاواریان دەکرد و دەیان وت(دیرسالون) هی ئێمەیە، لەسەر سنووری سرب و مەکەدۆنیایە، ساڵی ١٩٥٣ بە سربیا درا، هەروەها هاواریان دەکرد بژی یەکێتی مەکەدۆنیا، رۆشنبیرەکانی مەکەدۆنیا ساڵی ١٩٩٠(بزوتنەوەی کاربۆ هەمووان)(MAAK) یان لەمەکەدۆنیا چێکرد، بەسەرۆکایەتی شاعیرو سەرۆکی نووسەران(ئەنتی بۆبۆڤسکی). لە ٤ی فێبریوەری ١٩٩٠دا خۆ پێشاندانێکی گەورە نزیکەی سەدو بیست هەزار مەکەدۆنی لەپایتەختی سکۆبی سازیدا بۆ جەخت کردنە سەر شوناسنامەیان و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر چەوساندنەوەی مەکەدۆنی بولغاریا و ئەلبانیا و یۆنان، خۆپیشاندانەکە لەکاتی سەردانی سەرۆك وەزیرانی یۆنان (کۆنستانتین میسۆتاکیسی) بوو، بلغراد سەربەخۆی مەکەدۆنیای ناوێ، دەیەوێ لەژێر چوارچێوەی سربیا بێت، هەروەها یۆنانەکانیش چونکە مەکەدۆنیا ئەگەر سەربەخۆ بێت، گێروگرفت بۆ مەکەدۆنیای یۆنان چێ دەکات.

لەمانگی یونی ١٩٩٠دا بزوتنەوەی مەکەدۆنی شۆڕشگێڕو حیزبی یەکێتی نیشتمانی دیموکراسی دروست بوون، سەرۆکی حیزب (جیورجی ئیڤیسکی) هەوڵو کۆششی دەکرد بۆ یەکگرتنەوەی مەکەدۆنیەکان لەدەوڵەتێکدا، چاککردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری سلۆڤینیا و کرواتیا، لەمانگی ئاگوستی (١٩٩٠)دا ڕێکخراوێکی دی دروست بوو. کەلایەنگری بولغاریا بوو.

ئەم ڕێکخراوە ناوی (بولغاریا ڤاردار مەکەدۆنیا) بوو ئەم ڕێکخراوە دژی بیری نێو نەتەوەیی مەکەدۆنی بوو، لەهەمان کاتدا بانگاشەی یەکێتی مکەدۆنی یۆغۆسلافیا و یۆنانو بلغاریای ڕادەگەیاند.

سەرچاوەکان.

1- Tidskriften makedonia, N 4,1994.

2- Tidskriften makedonia, No 7, 1995.

3- Alan philips: Word directory of minorities USA.

4- Laszlo Hamori, Erik Gate: Words politiskt Lexikon stockholm, 1967.

مێژووی خەباتی گەلی چیچان

چیچانیەکان بە زیرەکی و ئازایەتی و ڕووخۆشی یەوە ناسراون، هەرکە تەنگەتاو بکرێن بەرەو چیاکانی قەفقاس مل دەنێن.

نهێنی ئەم سەرکێشی یەو یاخیبوونە لەم پارچە زەوی یەدا. بۆ خێڵەکی گەلانی قەفقاس دەگەڕێتەوە کە چیچانیەکان کۆنترین و ڕەسەن ترین گەلانی ناوچەکەن، کە هەر لەدێر زەمانەوە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و فارسی و عوسمانی و ئەڵمانیەوە شەڕیان پێ فرۆشراوە چونکە شوێنێکی ستراتیجی باش و سامانێکی بەفەڕی لەنەوت و کانیان هەیە.

شوێنی جوگرافی:-

چیچان دەکەوێتە خاڵی درێژەوە بووی سەرووی چیای قەفقاسی مەزنەوە لەنێوان دەریای ڕەش و دەریای خەزەردا بەدرێژایی سەدو بیست کیلۆمەتر لەسەر کەنارەکانی خوارووی ڕووباری تورکی مێژوویدا درێژ دەبێتەوە.

لە باکوورو ڕۆژهەڵاتەوە وڵاتی داغستانە، لەباشووری ڕووباری (ئاندی)یە، لەرۆژئاوادا وڵاتی (ئەنغوش)ە.

بنەچەی چیچانیەکان:-

(هیرۆدۆت) لەبارەی بنەچەی چیچانەکانەوە دەڵێت: چیچانیەکان لەوەچەی شەرکەسن کە لەکەنارەکانی ڕۆژهەلاتی دەریای قەزوین

دەژیان بەر لەوەی ڕوویکەنە ڕۆژهەڵاتی قەفقاس و لەکەناری (ڕووباری تورك) جێگیر بن.

دانیشتوانی سەرووی قەفقاس کە لەگەلانی وبناخ و ئەدیغەو ئەستین و داغستانی و ئازەری و جۆرجی و ئەرمەن و کورد پێك هاتوون، بەسوار چاکی و جوامێری و بەژن و باڵا کەڵەگەتی بەناوبانگن، ژمارەی دانیشتوانیان دەگاتە نزیکەی بیست و سێ ملیۆن.

مێژووی داگیرکردنی چیچان

بۆ جاری یەکەم ساڵی ٧٣٧ زایینی لەشکری ئیسلامی گەیشتە خوارووی قەفقاس و توانی سەرکەوتن وەدەست بهێنێ و حکومەتی ئیسلامی دابمەزرێنێ کەزیاتر لەچوار سەد ساڵی خایاند. ساڵی ١٢٣٦ جەنگیزخانی مەغۆلی قەفقاسی داگیرکردو دەستی کرد بەتێکدان و وێران کردنی، دوای خۆی تەیمور لەنگ کەوتە گیانی دانیشتوانەکەی و بەناچاری بەرەو چیاکان ملیان نا.

روسیا لەگەڵ چیچانیەکاندا

ساڵی ١٥٠٠ زایینی روسیای قەیسەری بایەخی بە قەفقاسدا. کاتێ هەواڵی شەق کردنی کەناڵی نێوان ڕووباری (دۆن و ڤۆلگای) بیست لەلایەن عوسمانیەکانەوە، روسیا بڕیاریدا کەناوچەکە داگیر بکات و پرۆژەکە هەڵوەشێنێتەوە، لەلایەك خۆی بگەیەنێتە دەریای خەزەر بۆ مسۆگەرکردنی ناوچەی ئاوی گەرم، لەلایەکی ترەوە هەڕەشە لەبەرژەوەندی بەریتانیاش بکات، بەڵام تەتەری قەرەم بەرەنگاریان بوونەوە بەرەو مۆسکۆیان کردنەوە. هەرچەندە ڕوسەکان بەشەڕو ناکۆکیەوە لەگەڵ (کۆلۆنیالات)ی غەربیدا خەریك بوون، توانییان کۆنترۆلی قەفقاس بکەن، ڕۆمان نووسی گەورەی ڕوسیا

تۆلستۆی (باپیری رۆمان نووسی ناسراو) بترسی گەورە ساڵی ١٧٢٢ ڕاپۆرتێکی نهێنی پێشکەش کرد بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ڕووس لە باشووردا بەفراوان بێت، ساڵی ١٧٣٩ قەیسەرەکان گەیشتنە دەریای ئازۆف ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نەیتوانی بەرەنگاریان بێتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەهانی قەیسەرەکان بدات (کاترینی دووەم) هێڵی قەڵایی دروست بکات، لە قەفقاس و بەدرێژایی چیچان لە ڕووباری تورکەوە تاکو دەریای ئازۆف لە ئەنجامدا عوسمانیەکان شکان، لە ساڵی ١٧٧٤دا بەپێی ڕێککەوتنی قەرەم وازیان لەناوچەکە هێناو قەیسەرەکان بەدرێژایی دەریای ڕەش، شوێن پێی خۆیان بەهێز کرد، بەهۆی شەڕوشۆڕو گەمارۆی درێژخایەنەوە، دانیشتوانی قەفقاس تووشی کوشتن و لەناوچوونی بە کۆمەڵ بوون. بەهەزاران گوندەکانیان بەجێهێشت، ئەم هەموو کارەساتانە ڕێگای لەبەرگری کردن و رزگارکردنی (ئەنجلن) نەگرت، توانییان لەوێدا ئیمارەتێکی سەربەخۆ پێکەوە بنێن، ساڵی ١٨٢٨ شەڕێکی درێژخایەن لەنێوان ڕوسیای قەیسەری و دەوڵەتی عوسمانی ڕووی‌دا، کە نزیکەی سێ سەدەی خایاند، تاوەکو گەلانی قەفقاس بەتایبەتی چیچانیەکان ئازادبوون، (لیوتۆلستۆ)ی ڕومواننووس کە ئەفسەرێك بوو لە لەشکری ڕووسدا لە گوندی (ستار اغلاد کوفسکایا)ی چیچانی‌دا، بەم شێوەیە تاقیکردنەوەی خۆی لە چیرۆکی _سوستبول لە ئایاردا) دەگێڕێتەوەو دەڵێ چیچانیەکان گەلێکی ڕووخۆش‌وئازاو جەسوورن، عاشقی ئازادین، لە ساڵی ١٨٣٧دا، دوای شەش ساڵ لە کوشتارو وێرانکاری ڕووسەکان لەشکریان لە چیچان کێشایەوە تاوەکو ماوە بدەن بەفراوان کردنی باکوورو ڕۆژهەڵاتی قەفقاس لەژێرچاودێری ئیمام (شامل)دا. کارل مارکس دەڵێ: بڕوانن ئەم گەلە هەرچەندە توانای کەمە بەڵام

توانی پاڵەوانێتی لە پێناوی ئازادیدا بنوێنێت، بۆیە پێویستە وانەیان لێ وەربگرن. (ترۆناو) کە یەکێك بووە لەو کەسانەی بەشداری کردووە لەهێرش کردنە سەر چیچانیەکان، لەبارەی ئازایەتیانەوە دەڵێ: هیچ هێزێك ناتوانێ لەناویان ببات، ئەوپەڕی ئازان، زیرەکن لەکاروباری سەربازیدا، بەخێرایی هەل دەقۆزنەوە لە هەڵەکانمان سوود وەردەگرن، لە ساڵی ١٨٥٣ دا ئیمام شامل هێزی بەرەو جۆرجیا برد بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ڕووس دووربخاتەوە. ڕووسەکان ناچاربوون گەمارۆیان بدەن و زیانێکی زۆریان پێ بگەیەنن، لە ساڵی ١٨٥٦ دا بەتەواوی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ڕووس و ڕووسەکان کەوتنە بڵاوە پێ کردنیان بە بیانووی ئەوەی کەناوچەکە دواکەوتووەو بۆ پەرەپێدانی ئابووری ناوچەکە هەوڵدەدەن.

لەنێوان ساڵانی ١٨٥٩ و ١٨٦٦دا بەخەستی بەرنامەی کۆچ پێ کردنیان لەلایەن ڕووسەکان خرایە کارەوە. لەسەرەنجامدا بەشێکیان بەرەو دەوڵەتی عوسمانی و بەلقان و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کۆچیان کردو بەهەزارانیان لەڕێگادا گیانیان لەدەستدا.

لەساڵی ١٨٧٧دا ڕاپەرینی چەکداری دەستی پێکردەوە، بە سەرۆکایەتی مریدەکانی ئیمام شامل(کەناوی حاج عەلی بەگ) بوو ئەم جارەش ڕووسەکان لەخەڵتانی خوێنیان وەردان بەڵام پرۆسەی چۆڵ کردنی قەفقاس لەپاش ڕێککەوتنی ساڵی ١٨٧٨ کاری پێکرا بەو پێیە هەموو شەرکەسەکان کەنیشتەجێی سنووری هەردوو دەوڵەتن، بەرەو دەوڵەتی عوسمانی کۆچیان پێ بکرێت.

چیچانەکان لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر

چیچانیەکان بەگەرمیەوە پێشوازیان لەشۆڕشی بەلشەفی کرد، کەچی لە ساڵی ١٩٢٦دا، مۆسکۆ ئەلف و بێی عارەبی قەدەغەکردو

گۆڕی بە ئەلف و بێی لاتینی، لەکۆتاییدا ئەلف و بێی سریلیکییان بەسەردا سەپاندن کە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ خاسیەتی تایبەتی زمانەکەیان نەدەگونجا. لەنێوان سالانی ١٩٣٦ – ١٩٣٨دا، ستالین نزیکەی هەشت هەزار چیچانی تەفرو توناکردو بەرەو کازاخستان و سیبیریای دوورخستنەوە. سەرەڕای سێ هەزار چیچانی لەگەڵ هێزی سۆڤیەتیدا دژی نازیەکان دەجەنگان، لەنێوان سالانی ١٩٥٧-١٩٥٩دا دووسەدو بیست و سێ هەزار چیچانی و ئەنگوشی بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوە بەم جۆرە ژمارەیان لە ساڵی ١٩٨٩دا گەیشتە ملیۆنێك.

(جەوهەر دۆدایێڤ) گەیشتە پلەی سکرتێری حیزبی شیوعی ناوچەیی و جەنڕال لە جەیشی ڕووسدا. لە ساڵی ١٩٩١دا سەربەخۆیی چیچانی ڕاگەیاند. (یلتسن) گەمارۆی ئابووری بەسەریاندا سەپاند و لە ساڵی ١٩٩٤دا هێرشی سەربازی کردە سەر چیچانیەکان و پایتەختەکەیانی (گرۆزنی) داگیرکرد، سەرنجامی شەڕەکە بووە هۆی کۆچ کردنی نیوملیۆن و کوژرانی بیست هەزار چیچانی، سەرەڕای پێنج هەزار لە لەشکری رووسیدا (سولجنتسین) لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەگەری وتی: شەڕی چیچان هەڵەیەکی سیاسی گەورەیە قەوارەکەی دەبێتە کارەساتێکی سیاسی، بەتایبەتی لەڕووی پەیوەندییەوە لەگەڵ ناوچەی قەوقازو جیهانی ئیسلامیدا، سولجنتسین حکومەت و پەرلەمان و ڕای گشتی و ڕۆژنامەگەری تاوان بارکرد کەهەوڵی کپ کردنی ئەم هەواڵەیان ئەنجام داوە، لەهەمان کاتدا چیچانیەکانی تاوانبارکرد کەکاری تیرۆرستانە دژ بە ڕووسەکان جێبەجێ دەکەن، بۆ سێ ساڵ دەچێ کە چیچانیەکان لەلایەن خۆیانەوە سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندووە، سولجنتسین داوای کرد کەواز لەم وڵاتە بهێنن بەتایبەتی زۆربەی زۆری دەنگیان داوە

بەدەرچوون لە یەکێتی ڕوسیادا پێویستە سنورەکانمان لەگەڵ چیچانیەکاندا دیاری بکەین بۆ ئەوەی قاچاغچیەتی لەسەر سنوردا نەکرێ و هەموو ئەو چیچانیانەی لەڕووسیا دەژین، دەبێ داوای جێنشینیان لێ بکرێت یاخود ڕووسیا بەجێ بهێڵن و بەرەو وڵاتی خۆیان بگەڕێنەوە، هەروەها سولجنتسین باوەڕی وایە کەلێیان بگەڕێن سەربەخۆ بن، چونکە خۆیان بۆ ژێر ڕکێفی ڕوسیا دەگەڕێنەوە، جا پرسیارێك خۆی قیت دەکاتەوە لەبەرچی مۆسکۆ توندوتیژی دژی چیچانیەکان بەکارهێنا چونکە چاکی دەزانی کە هەرچەندە چیچانیەکان بەرگری بنوێنن دەتوانێ تەرزاووی کێشەکە بەلای خۆیاندا بشکێنێتەوە، چونکە زۆربەی وڵاتانی جیهان و نەتەوەیەکگرتووەکان بەتەنگ سەربەخۆیی چیچانەکانەوە نین و بەگیروگرفتێکی ناوخۆیی دادەنێن، لەبەر ئەوەیە لە ئاست ئێش وئازاری چیچانەکاندا بێ دەنگن و بەم جۆرە یلتسن دەتوانێ چیچانەکان بخاتە ژێر یەکێتی فیدراڵی روس و بێ ئەوەی لەڕووی دبلۆماسیەوە هیچ ئاستەنگێکی بێتە ڕێ، بەپێچەوانەوە ئەوروپای ڕۆژئاوا یارمەتی دەدەن بۆ بنیات نانەوەی ئەو شوێنانەی کە لەشکری ڕووس کاول و وێرانیان دەکات.

لەمانگی تەمووزی ئەم ساڵدا دۆکۆزاگاییف سەرۆکی حکومەتی چیچان کەلەلایەن (یلتسن)ەوە پشتگیری لێ دەکرێ، ڕێککەوتننامەیەکی مۆرکردووە، کە ئۆتۆنۆمیەکی سنوردار بە چیچان بدرێ، بڕیاریشە لە ١٧ی دیسیمبەردا هەڵبژاردنێك لە چیچان بکرێ، ئەم ڕێککەوتننامەیە لەلایەن ڕاوێژکارەکانی تری چیچانەوە پەسند نەکراوە، بۆیە جەوهەر دۆداییڤ بەر لەوەی لەلایەن ڕووسەکانەوە تیرۆر بکرێ ڕایگەیاند کە شەڕەکەیان لەگەڵ حکومەتی ڕووسیا تا

ئێستا لەسەرەتادایەو دووپاتیشی کردەوە کەکاری تیرۆرستی هەرگیز لەگەڵ ڕووسەکاندا ئەنجام نادەن، بەڵکو خەباتی پارتیزانی پەیڕەو دەکەن تا سەربەخۆیی خۆیان بەدەست دەهێنن.

جارێکی تر نوێنەرانی روسیا لەگەڵ چیچانەکان کۆدەبنەوە بەمەبەستی ڕاگرتنی شەڕو پێکدادان لەلایەك، لەلایەکی ترەوە خۆش کردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرکەوتنی یلتسن لەهەڵبژاردندا کە لەمانگی حوزەیراندا ئەنجام دەدرێ.

رادیۆی BBC یش بڵاوی کردەوە کە حکومەتی ڕووسیا بەرنامەی کاری لەبارەی ڕەوشی ئایندەی کۆماری چیچان پێشکەش کرد کە لەدەقەکەیدا ئاماژە بۆ سەربەخۆیی چیچان نەکراوە، بەلام بەپێی پیلانەکە چیچانەکان لەناوچەکەدا دەسەلاتی دارایی و بەرووبوومە تایبەتیەکانیان پێ دەدرێ، هەروەها پیلانەکە کۆماری چیچان وەکو ولاتێکی خاوەن فیدراڵ لەچوارچێوەی ڕوسیا وەسف کردووە.

(ڤیکتۆر چێرنۆمێردێن) سەرۆك وەزیرانی ڕوسیا ڕایگەیاند ئەگەرچی جەنگاوەرانی چیچان ڕازی نین لەسەر هەردوو ڕێککەوتننامەی پێشووی تایبەت بە ئاگربڕو ئاڵوگۆڕی دیلەکان کە لەگەڵ مۆسکۆ گەلاڵەیان کردبوو، مۆریکەن، بەلام وەفدی ولاتەکەی بەردەوام دەبێ دانوستاندن لەگەڵ وەفدی چیچانەکان کە بڕیارە (لەنازەران) پایتەختی کۆماری ئەنگۆش دەست پێ بکاتەوە. هەروەها (چێرنۆمێردێن) گوتی هێزەکانی ڕوسیا ڕێگا بە چیچانیەکان نادەن کەخۆیان لەهەردوو ڕێککەوتنی پێشوو بدزنەوە.

ئاژانسی دەنگوباسی ئینترتاس لەزاری (سیرگی گلنتشکوی) لێپرسراوی ڕوسیاوە ڕایگەیاند کە چیچانەکان تاکو ئێستا سوورن لەسەر ئەوەی مەسەلەی سەربازی و سیاسی پێکەوە باس بکرێن،

لەبەرامبەر ئەوەشدا ڕوسیا مەرجی کشانەوەی هێزەکانی بەداماڵینی چەك لە چیچان گرێ داوە.

ئەو سەرچاوانەی کە بۆ ئەم باسە سوودم لێ وەرگرتوون ئەمانەن.

1- Patrik Karam, Les guerres du Caucase, Paris, 1995.

٢- ((الشيشان بلاد مكونة بالحلم و الاساطير و المقاومة)) مجلة العربي العدد ٤٣٨، ١٩٩٥.

٣-((حرب الشيشان و الكسندر سولجنتسين)) جريدة الحياة، ١٤ ايار ، ١٩٩٥.

ولاتی باسك

جـۆری خـوێن ولێکۆڵینـەوەی جیناتـەکان دەری دەخـەن کـە باسکەکان گەلێکن لە هەموو گەلانی ئەوروپا جوداوازن،پێش هاتنی هـۆزە هینـدۆ ئەوروپییـەکان، ئـەوان لـە ناوچـەی پیرینیـزو چیاکانی کانتـابری، ڕەگیـان داگوتـاوە، وەکـو پەندکـە دەڵـێ:- ((پـێش ئـەوەی گاشە بەرد گاشەبەرد بێ،باسکەکان باسك بوون)).

ولاتی باسك (یان وڵاتی زمانی باسك) وەکو باسکەکان بەنەتەوەی خۆیـان دەڵـێن، لەسـەر سـنوری فرەنسـی -ئەسـپانی و بـە درێـژایی پیرینیـزی ڕۆژئـاوا بڵاوبوونەتـەوە، بەدرێـژایی چـاخەکان ، شـەپۆلێ ڕۆمـەکان، فیزیگۆتـەکان، عەرەبـەکان، فرەنسـی وئەسپانەکان بە سـەر وڵاتەکەیانـدا تێپـەڕیون، بـەڵام باسـکەکان بەرگـەیان گرتـووە، بـە زۆری خوورەوشـتی خۆیـان لـەناو چیاو لێڕەکانـدا بەسـەربردووە، بۆ ئـەوەی بیانپارێزن، هەمان پیرینیزکە ئەسپانیا لەبەشـەکەی تـری ئـەوڕوپا جیـا دەکاتەوە باسکەکان یەك دەخات.[1]

باسـکەکان بەنەتـەوەی خۆیـان دەڵـێن (Euskal Herria) واتـە وڵاتـی زمـانی باسـك کەلەحـەوت هـەرێم پێـك دێـت، سـێ هـەرێم لەبندەسـتی فەرەنسـادان و چـوار هەرێمەکـەی تـریش لـەژێر دەسـتی ئەسـپانیا دان، سـاڵی (١٩٨٠) سـێ هەرێمەکـەی ئەسـپانیا، بزکایـا و ئەرابا و جیپوزکا و بەڕەسمی یەك خران وەکو جڤاتی ئۆتۆنۆمی باسك، بەڵام وڵاتـی باسك لەسنووره ڕەسمیـەکان تێدەپـەڕێ و زمـانی زگمـاکی کۆنینەکـە یـەکیان دەخـا، زمانەکـە (٥٠٠٠) پێـنج هـەزار سـاڵ پـێش

ئێستا لێرە قسەی پیٚ کراوە، پێش ئەوەی هیندوئەورووپیەکان بێن وبە سەر کیشوەرەکەدا بلاّوببنەوە، ئەمڕۆش زمانەکە لەناو شارەکان ولەلایەن شوانەکانی ناو شاخان قسەی پیٚ دەکریٚ، (هەرێمەکانی لاپوردی وبیهی نافارۆواو زوبیرۆوا)ی سنوری ئەسپانیاو ژێر مەودای سیاسی فڕەنسا ولاّتی باسکی باکوور پێك دێنن، کەچی هەرێمەکانی جیپوزکاواو بیزکایاو ئەراباونافارۆدا جارێکی تر دابەش دەبن. ئەو سیٚ هەرێمەی جڤاتی ئۆتۆنۆمی باسك پێك دێنن وئەوەی دوایش خۆی جڤاتێکی ئۆتۆنۆمییە بۆ خۆی))[٢]

((باسکەکەکانی ڕۆژئاوای چیایی پیرینیزی لەلای فڕەنسا لەبنەچەدا لەهەرێمی باسکی ئیسپانیاوە هاتوون- ئەم کەمە نەتەوەیی‌یانە هیچ کێشەیەکیان لەگەلّ دەولّەتی فەڕەنسادا نییە، چونکە هەموو مافێکی‌یان پارێزراوە، وەکو فەڕەنسییەکان مامەلّەیان لەتەکدا دەکرێت وەکو ئیتالیاکان‌و ئەلّمانەکان‌و ئەسپانەکان کە لەدەوروبەری فەڕەنسادا دەژین))[٣]

پێوانەکەی نزیکەی (٢٥) هەزارکیلۆمەتر چوار گۆشەیە، ژمارەی دانیشتوانی پێنج ملیونە سیٚ ملیۆن لەئەسپانیا دوو ملیۆنەکەی تر لە فەڕەنسا دەژین، جگە لەهەندیٚ ئاوارەی باسك کە لە مەنفاکانی ئەوروپا بەتایبەتی ئەمریکاوئوستراليا ژیان بە سەر دەبەن.

بیروبۆچـوونی شاعیرونووسـەرانی فەرەنسـی لـە بـارەی باسکەکانەوە.

هەموو ولاَتێك لە شوێنی باودا هاوبەشن، گەلی باسك لەگەلیّ شتی تردا ئەوەی بۆماوەتەوە کە فۆلتێر باسی کردووە دەلیّ:-((گەلێکی بجووکن کە لە سەر پیرینیز بازبازێنیّو سەمادەکەن)).

دونی لانگلوا (DENIS LANGLOIS)پارێزەر و نووسەری فەرەنسی، دوای وەرگرتنی خەلاّتی مافەکانی مرۆڤ،لە بارەی باسکەوە نووسیویەتی ((لە سەر خوانی ئەوانم خواردووە، لەژێربنمیچیان خەوتووم، لە گەلّیان دواوم و دلّم پرهیوا بووە،جڤاتێکی ڕاستەقینەم بۆ دەرکەوت، لەوانە نا کەشتی فۆلکلۆرین ولەسەر ڕەفەی مۆزەخانەکان دادەنرێن، بەلّکو جڤاتێکی زیندوو کە خاوەنی زمان وکولتوری دێرینی خۆی هەیە کە بە ئاواتی دوا ڕۆژە، ئەمانە گەلێکن، یەکگرتن ودۆستایەتی وبرایەتی نێوانیان تەنیا هەر قسە نییە، ئەمانە چڤاتێکن ڕیزیان دەکەنە یەك لە بەرامبەر مەترسی دا، بەلاّم خەلکەکە گۆرانی دەلێن و سەما دەکەن نەك تەنیا بۆ خۆشی، بەلّکو لە ئەنجامی هەست کردنێکی قوولّی بەوەی کە لە ژیاندان.

مێژووی خەباتی باسکەکان

گەلی باسك زۆر بە توندی تیّ دەکۆشن لە پێناوی مافیڕەوای گەلەکەیان و پاراستنی داب ونەریتی میللی تایبەتی خۆیاندا، بە درێژایی مێژوو لەخەبات وتێکۆشانی بیّ وچان دان سەریان بۆ داگیرگەران شۆرنەکردووە وبەردەوام بەرەنگاری شالاّووهێرشەکانی داگیرکەران بەتایبەتی فەرەنسیو ئیسپانی بوونەتەوە، ئەم گەلە ئازاو چاو نەترسە، بیّ کۆلّدان بۆ دامەزراندنی دەولّەتی نەتەوایەتی لە

هـەوڵ و كۆشـش دان، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش گيـان دەبەخشـن، بۆيـە مێـژووی ئـەم گەلـە تێكۆشـەرە، مێژوويـەكی خوێنـاوی هەيـە كـە لـە مێـژووی گـەلی كـورد دەچـیّ، ماوەيـەكی دوورودرێـژە ئـەم هەرێمـەی باسك بەتايبەتی ئەو بەشەی لەبن دەستی داگيركەری ئيسپانيادايە.

((سـەرەتای بزوتنـەوەی نـوێی ڕاميـاريی وچـەكداری ((باسـك)) بـۆ سـاڵی ١٨٩٥ دەگەڕێتـەوە .ئەو سـەردەمە لـە خـەباتی ڕەوای نەتـەوەی باسك دا، بە قۆنـاخێكی نـوێی بوژانـەوەی نەتـەوەيی دادەنـریّ، چونكە ((سابينۆدی ئارانـا كـويری)) بـاوكی بزوتنـەوەی رزگـاريخوازی باسـك، بينای فەلسەفەی نەتەوايەتی باسكی كرد وچەمكی نەتەوايـەتی باسك ووڵاتـی يـە كپارچـەی باسـك و ئـارم و نيشـانەو ئـالای ئۆسـكاديی يككرتووی دانـا، ئەمـە بـووە هـۆی بزوتنەوەيـەكی ڕۆشـنبيريی بـە ئاگـا هاتنەوەيـەكی ميللـی لەسەرتاسـەری ئۆسـكاديی داو بەتايبـەتی لـە باشووری ئۆسكاديی دا كـە بـە پێكهێنـانی (پـارتی نەتەوايـەتی باسـك- P.N.V) خەباتی گەلی باسك بووە ،خەباتێكی ڕاميـاری، كۆمەلايـەتی، شەهيد بوونی و رابەرو پێشەوای بزوتنەوەكە ،لە تەمـەنی ٣٧ سـاڵاندا بەدەسـتی ئيسـپانيە داگيركـەرەكان ولـە يـەكیّ لـە بەنديخانەكانيـدا، ئەوەنـدەی ديكـە تـاوی بـە كلّپـەو گـڕی ئـەو خەباتـە رزگاريخوازانـە سـەند.(٤)

سـاڵی ١٩٣١ ڕژێمـی پاشـايەتی روخـاو ڕژێمـی كۆمـاری دامـەزرا، باسـكەكان ڕۆلێكـی گرنگيـان گێـرا، (بـە سـەرۆكايەتی خۆسـيە ئەنتۆينۆدی ئاگری) بۆ چەسپاندنی مـاف چارەنووسـی گەلەكـەيان، لـە (١٥)ی حـوزيرانی سـاڵی ١٩٣١دا ڕاپرسـێكی ئازاديـان لـە ناوچـەكانی جيپوزكـا، بزكاياوئەراباسـازكرد.لـە ٨٢٪ی دەنگـەكانيان بـە دەسـت هێنا.

له ساڵی ١٩٣٦ فەرمانڕەوای کۆماری ئیسپانیا، یاسایی ئۆتۆنۆمی بە هەرێمی، جیپوزکا،بزکایاو ئەرابا بەخشی و سەرۆکی یەکێتی سیاسی نوێ ی بۆ هەڵبژارد، بەڵام ساڵی ١٩٣٧ رژێمی دیکتاتۆر(فرانکۆ) یاسای ئۆتۆنۆمی ڕەت کردەوە وحکومەتی باسك بەرەو مەنفای مەکسیك چوو[٥]

نزیکەی سی و پێنج ساڵە بزوتنەوەی ئیتا(ETA)ی جودا خواز لە شەڕێکی توندو بە هێزدایە لە دژی فەرمانڕەوای ناوەندی ئیسپانیا وبەردەوام گێرمە کێشە بۆ حکومەتی ناوەندی دەنێتەوە، بەسەرۆکایەتی (ئیری باتاسونا) کەچەندین جار لەبەرپەچی هێرشی دڕندانەی داگیرکەری ئیسپانیا ڕێگای تۆقاندنو کوشتنی گرتۆتە بەر بەرامبەر بەمەش حکومەتی مەدرید بەدەیەها لەئەندامە چالاکەکانی لەگرتووخانە ئاخنیوە، ڕێکخراوی (ETA) کورت کراوەی ولاتی باسكو سەربەستی‌یە، ساڵی ١٩٥٦ لەکۆبونەوەیەکی نەهێنی‌دا دروست بوو کەئالاکەیان (٤+٣=١) کە مانای خستنە پاڵی چوار هەرێمی ئیسپانیا بەسێ هەرێمی فەرەنسا دەگەیەنێ تاکو بەسەر یەکەوە دەوڵەتێکی ئازادو یەکگرتوو پێکەوە بنێن. (لەساڵی ١٩٦١)ەوە ئەم ڕێکخراوە پرۆسیسی سەربازی ئەنجام داوە، بەدانانی تەقەمەنی تەقاندنەوە لەبارەگاکانی لەشکرو پۆلیس دا، یەکەم جقین یان لەساڵی ١٩٦٢ کرد، بەدیار کردنی شوناسنامەی شۆڕشگێڕیانو لەساڵی ١٩٧٢ دا سەرەك وەزیرانی (بلانکۆ)ی حکومەتی فرانکۆیان تیرۆر کرد لەمەدریدی پایتەخت دا"[٦] لەساڵی ١٩٧٨ دا یاسایەکی نوێی دەستووری دەرچوو کەمانای ئۆتۆنۆمی بەهەرێم دا، دانیشتوانی لەساڵی ١٩٨٠ دا ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەیی دیاری کرا، بەڵام ڕێکخراوی ئیتا و باڵی سیاسی ئەم شێوازەی ڕەت

کردەوەو لەساڵی ١٩٨٣ دا باڵی سیاسی ڕێکخراوەکە وازی لەتوندو تیژیو تۆقاندن هێناو شێوازی ڕێککەوتننامەی لەگەڵ میریدا پەیڕەو کرد، هەر لەساڵی ١٩٨٨ لەجەزائیردا باڵی سەربازی لەگەڵدا بوو.[٧]

جگە لەڕێکخراوی (ئیتا)، لەوڵاتی باسکدا پارتی تر هەن کەداوای جیابونەوە دەکەن لەوانە پارتی نیشتمانی باسکی، حیزبی ئیسکوکارنا سوناو ڕێکخراوی ئیتا کێشەیەکی زۆری بۆ حکومەتی ناوەندی ئیسپانیا نایەوە، ساڵی ١٩٧٥ حکومەتی ئیسپانیا هەڵسا بەهەڵواسینی پێنج ئەندامی چالاك، دوو سەرکردەی ئیتاو سێ سەرکردەی بەرەی شۆڕشگێڕی ماوی بەتاوانی کوشتنی پیاوانی پۆلیس تاوانبار کرابوون ئەمەش بووە هۆی بەرز بوونەوە دەنگی ناڕەزایی لەجیهاندا بەبەرژەوەندی ڕێکخراوی باسك شکایەوەو سەرۆکی ئەو کاتەی مەکسیك داوای لەنەتەوە یەکگرتووەکان کرد کەئیسپانیا لەنەتەوە یەکگرتووەکان دەرکرێ، سەرەك وەزیرانی سوید هێرشی کردە سەر (فرانکۆ) بەڵێنی دا کەیارمەتی ئابووری بەشۆڕش بدا، لەئەنجومەنی وەزیرانی دەرەوەی بازاڕی ئەوروپی هاوبەش دا سەرزەنشتی ئیسپانیا کرا بەمەش ئیسپانیا تاڕادەیەك دوورە پەرێز بوو.[٨]

ساڵی ١٩٩٨ هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری لەهەرێمی باسکی ئیسپانیدا ئەنجام درا بەڵام هیچ ئەنجامێکی یەك لاکەرەوەی بەدەست نەهێنا چونکە لەلایەك ڕێکخراوی ئیتا بەڕێگای ئاگربەستەکی لەگفتوگۆکاندا لەگەڵ مەرکەزدا نەیتوانی شتێ بەدەست بخا، هەروەها پارتی نیشتمانی باسکیش نەیتوانی زۆرینەی دەنگەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، دوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٠ (خوسیە ماریا ازنار) سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سیاسەتی خۆی

لەگەڵ حیزبی نیشتمانی باسك دا بگۆڕێ و ئاڵۆزی و نائارامی لەنێوان حکومەتی مەدریدو حکومەتی هەرێمی باسك سەری هەڵدایەوە، پارتی نیشتمانی باسك سیاسەتی سەربەخۆیی باسکی ڕاگەیاند بەشێوازی دبلۆماسی و سیاسی نەك بەشێوازی سەربازی پەرەی بەخەبات و تێکۆشان دەدات. ژیانی ئابووری لەهەرێمی باسکدا گۆڕانی باشی بەخۆوە بینی، بەجۆرێ ڕێژەی کرێ لەهەرێمی باسکدا بەرزترە لەهەرێمەکانی تری ئیسپانیا، خۆشگوزەرانی و چاك بوونی ڕەوشی ئابووری کارێکی زۆری کردە سەر دانیشتوانی هەرێمی باسك، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە پارتی نیشتمانی باسك هەوڵ دەدا کەڕێکخراوی ئیتا ڕازی بکا کەواز لەتۆقاندن و توندو تیژی بهێنێ و بچێتە سەر مێزی گفتوگۆ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی گەلی باسك وەك لەئێرلەندەی سەروو ڕوویدا. هەرچەندە باڵی سیاسی ڕێکخراوی (ئیتا) ڕەتی هەموو کارێکی توندو تیژی دەکاتەوە کەدەبێتە هۆی پشێوی لەووڵاتداو ئابووری تووشی خراپی دەبێ کەژیانی خەڵکی بەرەو ترسناکی دەبات، حکومەتی ناوەندیش گفتوگۆی بەردەوام لەگەل پارتی نیشتمانی ئەنجام دەدات بەتایبەتی پاش ئەوەی لەهەڵبژاردندا زۆرینەی دەنگی بەدەست هێناوە. حکومەتی ناوەندی دەیەوێ بەزمانی هێمن و ئارامی مامەڵە لەگەڵ پارتی نیشتمانی بکات بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان بەرەو ئاڵۆزی و توندو تیژی نەچێتەوە.

سەرچاوەكانی ئەم باسە

1- National Geogrphy, Nov, 1995.

٢- لەئینتەرنێت وەرگیراوە.

٣- د. محمد عبد المجید عامر دراسات في الجغرافیا السیاسیة والدولة، دار المعرفة الجامعیة، اسكندریة، ص ٤٤٦.

٤- حوسێن محەمەد عەزیز، خلّتەیزاراویی، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٦٢-٢٦٥.

٥- مجلة السیاسة الدولیة، العدد (٤٣) القاهرة، ١٩٧٦، ص١٦٠.

٦- جریدة الاهرام، ایتا الانفصالیة، القاهرة، ٢٠٠١، بروانة مثنى امین قادر: قضایا العقوبات واثرها على العلاقات الدولیة، مركز كوردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة، ٢٠٠٣، ص٦٠.

٧- جریدة السیاسیة الكویتیة، ١٩٩٧.

٨- مثنى امین قادر: قضایا العقوبات واثرها على العلاقات الدولیة، نفس المصدر السابق، نفس الصفحة.

سەرۆك میتران قۆناغێكی نوێ بوو لەمێژووی نوێی فەرەنسادا

لە پێنجی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٦دا، یەكێك لەگەورەترین سیاسییەكانی فەرەنساو جیهان مسیۆ میتران ماڵئاوایی لە شانۆیی سیاسەت و ژیان كرد، گەلی فەرەنسا هەردەم وێنەی ئەم كەڵە زاناو سیاسەتمدارە لە بیر ناكەن، كەدوای دیگۆل بەگەورەترین سەرۆكی فەرەنسا دادەنرێت، مسیۆ میتران لە ٢٦ی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩١٦ لەخێزانێكی كاسۆلیكی بورجوازی، لە گوندی كرناك لەدایك بووە، لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا ڕووی كردۆتە پاریس بۆ ئەوەی لەدوو زانكۆ بخوێنێت یەكێكیان یاساو ئەوی تریان زانستی رامیاری، كاتێ خوێندنی تەواو كرد، خاوەن چوار بڕوانامە بوو، یەكێكیان لە ئەدەب و دووەمیان لە یاساو سێیەمیان لە یاسای گشتیو چوارەمیان لە سیاسیەت بوو، لە ژیانی رۆژانەیدا كاری پارێزەرو رۆژنامەنووسی كردوون، كە بوونەتە رێگاخۆشكەرێك تاوەكو لە سیاسەتدا گۆی هونەری بباتەوە، دیارە لە منالییەوە ئیشی بۆ دەكرد و وەكو ئامانجی سەرەكی بێت لە ژیاندا، لە شەڕی دووەمی جیهانیدا مسیۆ میتران بریندار بوو، لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٤٠دا دەسبەسەر بوو، لە دێسمبەری ١٩٤١دا لە گرتووخانە ڕای كرد، لە ساڵی ١٩٤٢ دا لە حكومەتی فیشیدا كاری مفەوەزی گرتووخانەكانی لە ئەستۆ گرت، لەشەڕی بەرگری ساڵی ١٩٤٣ دا رۆڵی چالاكی گێڕا، ئەندامی یەكەم حكومەتی كاتی بوو، ساڵی ١٩٤٦ بەجێگری حكومەت هەڵبژاردراو لە

ساڵی ١٩٤٧ دا کرا بە وەزیر، نزیکەی پانزە پایەی وەزاری لە کۆماری چوارەمدا تاکو ساڵی ١٩٥٨ بەڕێوەبرد، لە ساڵی ١٩٥٨دا چووە ڕیزی بەرگری کردن و لە ساڵی ١٩٦٥دا خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژارد، هەرچەندە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا بەڵام توانی ٤٠٪ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و وەکو مونافیسێکی گەورەی دیگۆل خۆی نواند، لەوکاتەوە لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بوو، بۆی دەرکەوت کە دەسەڵات گرتنە دەست و بەڕێوەبردنی وڵات، دەبێت حیزبێکی سیاسی لە پاڵ بێت، بۆیە لە ساڵی ١٩٧١دا دەستی بە کۆکردنەوەی چەپەکان و دامەزراندنی پارتی سۆشیالستی فەرەنسی کردو توانی زۆر لەلاوان و چینی مام ناوەندی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، گۆڕانێکی بنەرەتی لە پارتی سۆشیالست کرد، بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بەهێز بکات، بۆ ئەم مەبەستە هاریکاری لەگەڵ شیوعیەکان و ڕادیکاڵە چەپەکان کرد.

لە ساڵی ١٩٧٢دا خۆی بۆ سەرۆکایەتی لەدژی ڤالێری جیسکارد دیستان هەڵبژارد، بە ژمارەیەکی کەم شکستی هێنا، بەڵام لە ساڵی ١٩٨١ توانی خەونەکانی بهێنێتەدی و لەشانۆی سیاسیدا دەسەڵات و هێز بگرێتە دەست و فەرمانڕەوایی وڵات بکات، لە گەرمەی سەرکەوتنا گوتی: ئەستەنگەکان دەستی پێکرد، دەستی بە گۆڕانکاری ئابووری کرد، بەزیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران و کەم کردنەوەی تەمەنی خانەنشینی و زیاد کرد ڕۆژانی پشوودان، ڕێگای بەرەها کردنی مونافەسەی ئابووری ئەوروپیدا، ئەم سیاسەتەی سەری نەگرت بۆیە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٦ سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵام جەماوەری زیاد بوو، توانی بۆ ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ حیزبی ڕاستی شیراکدا کار بکات، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ دا جارێکی تر

لەهەڵبژاردندا بەسەر شیراکدا زاڵ بوو، بەمەش سەرۆکایەتی بۆ ماوەی حەوت ساڵی تر مسۆگەر کرد. لە ١٩٩١/٢/٧دا فەرەنسۆ میتران چووە پاڵ ئەمەریکاو بەریتانیا بۆ ئازاد کردنی کوێت، مسیۆمیتران لە تەلەفزیۆندا رایگەیاندو گووتی: ناخۆشیەکی کوشندە جیهان دەگرێتەوە، پاشان گوتی:- هێرش کردن شتێکە ڕوودەدات و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی چ لەلایەن لەشکری عێراق یاخود هاوپەیمانەکان بەکاری بهێنێت، دژی دەوەستین، چونکە ئەگەر ئێمە ئەمە بکەین ئەوا بەرەو چەرخی وەحشیەتگەری دەگەڕێینەوە، ئێمە لەگەڵ سەدو پەنجا دەوڵەتدا مۆرمان کردووە، کەنابێت ئەم جۆرە چەکە بەکار بێت، پاشان جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ئەم شەڕە بەهیچ شێوەیەك نابێتە شەڕێکی گەورەی جیهانی، بەڵکو بە ڕزگار کردنی کوێت کۆتایی دێت، جارێکی تر لە ساڵی ١٩٩٥ پارتی سۆشیالیست نوشوستی هێناو جاك شیراك حکومەتی گرتە دەست بەم جۆرە لەماوەی چواردە ساڵی فەرمانڕەواییدا توانی زۆربەی زۆری سەرۆکەکانی جیهانی ببینێت و هەوڵی زۆریدا بۆ یەکێتی ئەوروپی بەتایبەتی یەکگرتنی فەرەنساو ئەڵمانیا، پشتگیری گەلانی جیهانی سێیەمی کرد، بەتایبەتی خەباتی گەلی فەلەستین‌و خەباتی گەلی کوردو ئەرمەن‌و بەربەرەکان، نزیك کردنەوەی باکوورو باشوور و چێکردنی دیالۆگ لەنێوانیاندا.

لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا، کەسایەتی ناسراوی فەرەنسا فەرەنسۆ میتران ناوی لەمێژووی نوێدا تۆمار دەکرێت لەکاتی کۆچ کردنیدا (هلمۆت کۆڵ) ڕاوێژکاری ئەڵمانیا گوتی: بە وون بوونی میتران ئەوروپا خەسارەتێکی گەورەی لێکەوت، پیاوی دەوڵەت بوو، ڕۆڵێکی مەزنی لە دروست کردنی یەکێتی ئەوروپی بینی بەتایبەتی قووڵ

کردنەوەی پەیوەندی نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا، لە برۆکسل سەرۆکی لیژنەی ئەوروپی (جاك سانتێر) گوتی میتران یەکێك بوو لەوانەی بەگەرمی بەرگری لەمەسەلەی یەکێتی ئەوروپی دەکرد، (جۆن مێجەر) ووتی: میتران بەشدارییەکی بێ پایانی ژیانی گشتی کرد بەتایبەتی لە فەرەنسادا زۆر ئازایانە بەرنگاری نەخۆشیەکی کوشندە بۆوە کە نەخۆشی شێرپەنجەیە.

(جۆرج بۆش) گوتی: میتران لە جەنگی کەنداودا هەڵوێستی دۆستانەی هەبوو، پەیوەندی نێوان عێراق و فەرەنسای خستە لایەکەوە و ووتی : نابێت بەزۆرداری دەست بەسەر دەوڵەتێ بگیرێت کە لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەندام بێت.

سەرۆك وەزیرانی سوێد ئۆلف پالْمە ۱۹۲۷ – ۱۹۸٦ بە قوربانی دیموکراسییەت بوو

شەوی (۲۸)ی شوباتی ۱۹۸٦ ئۆلف پالْمە لە سینەمادا لەگەلْ ژنەکەیا بەرەو مالْ دەگەڕایەوە بەبێ پاسەوان و بە پیاسە دەڕۆیشتن لەدووری چەند سەد مەترێك کەسێکی چەپەلْ چاوەنواڕی دەکرد، کە ئۆلف پالْمە نزیك بۆوە، گوللەبارانی کردو لەچاوان بزربوو، لەدوای خۆیدا لاشەی گەورەترین سەرکردەی مێژوویی سوێدی بەجێهێشت، کەناوبانگی لەسەرجەم جیهاندا ناسرابوو، شەهید کردنی ئۆلف پالْمە هەموو جیهانی هەژاند، کۆمەلْێك پرسیاری لەدوای خۆیدا وروژاند، کێ ئۆلف پالْمەی کوشت؟ هۆی کوشتنەکەی چی بوو؟ بۆچی کوژرا؟ چ لایەنێك ئەم کارە دڕندەییەی ئەنجامدا؟ ئایا سوێد دوژمنی هەیە؟ لەبەرچی ئەمە ڕوویدا؟ ئەم پرسیارانەو چەندان پرسیاری دی تاکو ئیمڕۆ بێ وەلاّم ماوەنەتەوە.

کاتێ هەوالْی کوشتنی ئۆلف پالْمە بلاّوبۆوە ڕۆژنامەی (Dagsnyheter)ی سوێدی نووسیبووی چۆن ئەمە لە وولاّتی ئێمەدا ڕوودەدات، لەوانەیە شتی وا لە ئەمەریکا یاخود لە ئیتالْیا ڕووبدات، بەلاّم ناتوانرێ بەڕاست بزانرێت کە لەوولاّتی سوێد ئەمە ڕوویداوە، بەش بەحالْی خۆم ئەو شەوەی ئۆلف پالْمە دلْە مەزنەکەی لەلێدان کەوت شەو تا بەیانی خەو نەچووە چاوەکانم، چونکە باوەڕم نەدەکرد کە نەك لە سوێد بەلْکو لەهەموو دنیادا کەسێك هەبێت دەستی بچێتە خوێنی ئۆلف پالْمە، کەبەواتای ووشە مرۆڤێك بوو بۆ خزمەتکردنی

مرۆڤایەتی دروست ببوو، دڵی لەگەڵ هەژارو چەوساوەکانی جیهاندا بوو، دژی ستەم و زۆرداری بوو، لەگەڵ ماف لێقەوماواندا بوو، بەدڵو بەگیان لە پێناویاندا خەبات و تێکۆشانی دەکرد بێ سڵەمینەوە ئەم کارانەی زۆر ئازایانە جێبەجێ دەکرد هاوڕێی ڕێگای ڕاستی هەموو دۆزێکی دادپەروەرانەی جیهانی سێیەم بوو، لەدژی گەمارۆی ئەمریکی، (بەرگری لە ڤیدل کاسترۆی) کرد بەدرێژایی شەڕی ڤێتنام خەباتی دژی ئەمەریکا دەکرد، دژی ڕەگەزپەرستی لەخوارووی ئەفەریقا بەتوندی وەستا، زۆر هەوڵیدا بۆ ئازادکردنی (نیکسۆن ماندێلا) پشتگیری کێشەی فەلەستینی دەکرد، لەگەڵ ڕژێمی چەپی (نیکاراگوا) بوو دژی ئەمەریکییەکان ، سەرکردەیەکی بێ هاوتای زمانی دایەلۆگ بوو، لەنێوان باکوور و باشووردا، هەوڵی زۆریدا کەناکۆکییەکانی نێوان باشوورو باشوور چارەسەر بکات، لەوانە کێشەی نێوان عیراق و ئێران، زۆر جار سەردانی ئێرانی کرد بۆ ڕاگراتنی جەنگی نێوان عیراق و ئێران، لە دیمانەیەکدا کوردەکانی سوێد لێیان پرسی بۆچی پشتگیری گەلی کورد نەکات، لەوەڵامدا وتبووی کوردەکان داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن، ئۆتۆنۆمیش مەسەلەیەکی ناوەوەی وڵاتە، ئێوە داوای شتی گەورە تر بکەن، چۆن من پشتگیریتان ناکەم، هەردەم لەگەڵ کێشەکەتاندام و دریغی ناکەم.

کوشتنی ئۆلف پالمە هەموو لایەکی خستە کار بۆ دۆزینەوەی سەرە دەزوویەکی گرێیەکە، پۆلیس و ئاسایش بەدرێژایی ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٧ لێژنەیەکیان لە چەندان کەسایەتی و نوێنەری دەوڵەت لەقازی و لێکۆڵەرەوە پێکهێنا بۆ ئەم مەبەستەش بەسەدان لێکۆڵینەوە و بە هەزاران گریمانەیان خستەڕوو، نوێترین شێوازی زانستیان بەکار برد، بە یارمەتی و هاریکاری تۆڕی سیخوری جیهانی، بەڵام سەر

ئەنجامەکەی بەداخراوەیی مایەوە، سویدییەکان کوشتنی ئۆلف پالمە لەگەڵ (جون کەنەدی) بەراورد دەکەن.

ئۆلف پالمە سەرکردەیەکی خۆشەویست بوو، رووناکبیرێکی پڕ مەعریفەت بوو، سیاسەتمەدارو ئابووری زانێکی پڕ ئەزموون بوو، جگە لە زمانی سویدی زۆربەی زۆری زمانە جیهانیەکانی وەکو (ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئەلمانی، ئەسپانی و نەرویجی) دەزانی.

لەکاتی فەرمانڕەوایی کردنیدا لەنێوان (١٩٦٩-١٩٧٦) پاشان لەنێوان (١٩٨٢-١٩٨٦)دا، زۆر بایەخی بەکاروباری ناوخۆی سوید نەدەدا، زیاتر خەریکی کاروباری جیهانی بوو، لەسیاسەتی دەرەوەدا دژایەتی سۆڤیەتی جارانی نەدەکرد، دژی بوونی سەربازی ئەمەریکی بوو لە ئەوروپادا، هەروەها ڕەخنەی لە مسیۆ میتران گرت کە ڕێگەیدا مووشکی (بیرشینگ) لە ئەوروپادا بڵاوبێتەوە، لەسیاسەتدا زۆر واقیعییانە هەنگاوی هەڵدەنا، لەهەوادارانی سەرمایەداری ئارامو پڕۆژەی سەربەست بوو، کوشتنی ئۆلف پالمە بیروباوەڕی جیاوازی چێکرد، هەندێ پێیان وابوو، هۆی کوشتنەکەی سیاسییە نەك تاکە کەسی، چونکە قوربانییەکە سەرۆکی حکومەتەو کەسێکە پایەکی دیاریکراوی هەبوو لەدەسەڵاتدا، هەندێکی تر باوەڕیان وابوو ئەوەی لە پشت ئەم کوشتنەیە لەوانەیە بیانی بێت، دوژمنی دەرەوەی زیاترە وەك ئەوەی لەناوەوە بەرهەڵستکاری هەبێ، کاتی خۆی پەنجەیان بۆ (p.k.k) درێژکرد بەڵام پۆلیس دەیویست بەهۆی کوردەوە ڕاستیەکان بشارێتەوە، لەدواییدا پاشگەزیان لێ کردو پەشیمان بوونەوە، پاشان گومان خرایە سەر کۆمپانیای بازرگانی چەکی ئەوروپی چونکە کارگەی (فوش) کەچەکی بەملیارەها دۆلار بەهیندستان دەفرۆشت لەلایەن ئۆلف پالمەوە قەدەغە کرا، هەروەها ئاماژە بەهەندێ

کۆمپانیای بازرگانی (کانزایی) نێوان باشووری ئەفریقیاو ئەوروپا دەکرا. چونکە ئۆلف پالمە وولاتە ئەوروپییەکانی ئاگادار کردبۆوە کە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ رژێمی ڕەگەز پەرستی خوارووی ئەفریقیا بپڕن و گەمارۆی ئابووری بخەنە سەریان.

(CIA)ی ئەمریکی لە لیستی گومان لێکراوەکاندا بەتایبەتی لەسەردەمی (رۆنالد ریگان)دا کە سیاسەتێکی هێرشکەرانەی هەبوو، ئۆلف پالمەش وەك سەرکردەیەك هەردەم دژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکابوو، دەیویست خۆی لە سوید خانەنشین بکات و خۆی بۆ سکرتێری (UN) هەڵبژێرێ ئەمەش بە یەکێك لەهۆیەکان دەژمێردرێ کە ئەمەریکا دەیویست لەدەستی رزگاری ببێ، لەناوەوەی سویدیش هەندێ پۆلیسی نهێنی کە مەیلی راستڕەوییان هەبوو زۆر ڕقیان لە ڕەنگی چەپی ئۆلف پالمە دەبۆوە، هەروەها هەندێ ڕەگەز پەرست و (تریاك کێش)و تاوانکار بەتایبەتی (کریزپێترسۆن) کە بەڵگەنامەیەکی باشیان لەسەر دروست کرد خێزانی ئۆلف پالمە پەنجەی تاوانی بۆ درێژکردووە لە سەرەتادا دادگا بڕیاری گرتنی دەرکرد، بەلام دادگای بالا بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە بە بیانوی ئەوەی کە تاوانبار دانی بەتاوانەکەی نەناوە، هەروەها چەکەکەش دیار نییە، بۆیە دەبێ (کریزپێترسۆن) ئازاد بکرێ و قەرەبووی ئەو رۆژانەی بەندیخانەشی بۆ حساب بکرێ، هەندێ پۆلیسی سوێد هەرپاش کوشتنی ئۆلف پالمە وولاتیان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە ئەمەریکا، بەتایبەتی سەرۆکی پۆلیس خۆی خانەنشین کرد، لەکاتی کوشتنی ئۆلف پالمە، کۆمەڵێ سیخوری باشووری ئەفریقیا لەسوێد بوون بەتایبەتی (تۆنی وایت) کە رووخسارێکی بکوژی هەیەو بکوژێکی رۆدیسی رەگەز پەرستە ئێستا لە قوبرس دەژی، خزمەتی تۆڕی سیخوری تورکیا دەکات لەدژی

کوردەکان، زۆر لە سویدییەکان سەفەریان بۆ باشووری ئەفریقیا کرد بۆ ئەوەی زانیارییان چەنگ بکەوێ لەوانە وەزیری دادی سوێدی هەروەها لیژنەی لێکۆڵینەوەی ئۆلف پالمەو بەشێك لە رۆژنامەنووسان بەهۆی نەمانی رەگەز پەرستی لە باشووری ئەفریقیا ساغ کردنەوەی ئەم کێشەیە شتێکی ئاسان نییە، بۆیە ئەمەش وەکو بەڵگەکانی تر بێ وەڵامو بەداخراوەیی دەمێنێتەوە هیچ ئەنجامێك بەدەستەوە نادات یەکێ لەگەورە لێپرسراوی سیخوری ئەفریقیا (یوجین دوکوك) کەتاوانبارە بەوەی شەش تاوانی ئەنجام داوە، هەروەها دانی بەوەش ناوە کە ئۆلف پالمەشی کوشتووە، هەروەها وتویەتی کە دەزگای سیخوڕی پیلانی کوشتنی ئۆلف پالمەی جێبەجێ کردووە لە تۆڵەی ئەمەی کە ئۆلف پالمە وای لە وولاتانی ئەوروپا کردووە کە ڕژێمی (بریتۆریا) دوورە پەرێز بکەن ئەوەندە هەیە (دوکوك) ناسنامەی کەسەکانی ئاشکرا نەکردووە، دەڵێ لە ژیان ماوون و هەندێکیان لە دورگەی نێوان یۆنانو قوبرس دەژینو پەیوەندییان بە تۆڕی سیخوڕی تورکیاوە هەیە، هەروەها ئاماژەیەکی بەهێز هەیە کە ئەو کەسەی تاوانەکەی ئەنجامداوە سوێدی بووە بەڵام بەڕەچەڵەك تورکە.

وێنەکان



باشوری کوردستان



بەربەرەکان گەلی رەسەنی ئەفریقان



کێشەی بیابانی رۆژئاوا

YOUGOSLAVIE
Serbie
Kosovo
BULGARIE
Skopje
Tetovo
Gostivar
irana
Debar
MACÉDOINE
Ohrid
Bitola
ALBANIE
GRÈCE
Forte
population
albanaise

مەکەدۆنیا



چیچان


Santoña
Bilbao
Donostia
San Sebastian
LABOURD
BASSE NAVARRE
Pamplona
N A V A R R A
Estella
Tudela

باسك

میسۆ میتەران و خێزانەکەی

سەرۆك میتەران

ئۆلف پالْمه

پێڕست

لاپەڕە	بابەت
٥	پێشەکی
٩	کارەساتی هەڵەبجە لەدیدی ئەوروپییەکانەوە
٢١	کوردستانی عیراق، ڕووداوو ژمارەکان دەپەیڤن
٢٨	دەنگ دانەوەی ڕاپەرینەکانی عێراق لەدەرەوەی وڵات دا
٣٤	کۆمۆنیزم بەرەو کوێ
٤٤	بەربەرەکان گەلی ڕەسەنی باکووری ئەفریقان
٦٠	کێشەی بیابانی ڕۆژئاوا
٧٤	مەکەدۆنیا
٨١	مێژووی خەباتی گەلی چیچان
٨٩	وڵاتی باسک
٩٧	سەرۆک میتران قۆناغێکی نوێ بوو لەمێژووی نوێی فەرەنسادا
١٠١	سەرۆک وەزیرانی سوێد ئۆلف پاڵمە ١٩٢٧ – ١٩٨٦ ە قوربانی دیموکراسییەت بوو

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٥ی

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری

ز	ناوی کتێب	ناوی نووسەر / وەرگێر	بابەت	جۆری چاپ
٣٠١	بەئاشتی کردنی پەروەردە	عەبدولعەزیز عومەر	پەروەردەیی	چاپکردن
٣٠٢	پیاسەیەک بەکووچەکانی قەدەردا	ئاوێزان نوری	شیعر	چاپکردن
٣٠٣	گۆڤاری تێکست ژمارە (٥)	چاپ و بڵاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٣٠٤	دەنگی بلوورینی دەق	عەبدولخالق یەعقوبی	لێکۆڵینەوە	چاپکردن
٣٠٥	ڕۆناک	جگەرخوێن	شیعر	چاپکردن
٣٠٦	بۆ زمان	د.عیزەدین مستەفا	زمانەوانی	چاپکردن
٣٠٧	دوورگەی بێداری	تەها ئەحمەد ڕەسوڵ	شانۆگەریی	چاپکردن
٣٠٨	داستانی خەبات و ماڵئاوایی	شێخ حسێنە سوورە	بیرەوەری	چاپکردن
٣٠٩	ماچی گوڵشەن و کانیاوەکانی کوردی	ئەحمەد هیرانی	ئەدەبی	چاپکردن
٣١٠	شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨	عەبدولقادر ساڵح	ڕامیاری	چاپکردن
٣١١	کورد لەچەند تۆمارێکی مێژوویدا	کەیوان ئازاد ئەنوەر	مێژوویی	چاپکردن
٣١٢	فەرهەنگی کورد ناسین	مەلا عەبدولخالق شوانی	فەرهەنگ	چاپکردن
٣١٣	شیخ محمد خال مفسرا	عمر علی محمد	ماجستێرنامە	چاپکردن
٣١٤	دیوانی مەزڵوم	ئا/ ئومێد کاکە ڕەش	دیوانی شیعر	چاپکردن
٣١٥	دیوانی فۆلکلۆری ناوچەی ئەردەڵان	ئا/ح. موسەنن	فۆلکلۆر	چاپکردن
٣١٦	ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان	محەمەد ڕەئوف ساڵح	ڕامیاری	چاپکردن

Nationalist questions and political events of Kurdistan and the world

By: Kamal Maarof

2004 –Suleymaniya